شیعر

بەختیار عەلی

ئەی بەندەری دۆست
ئەی کەشتی دوژمن

بەختیار عەلی

ئەی بەندەری دۆست
ئەی کەشتی دوژمن

شیعر

ئەی بەندەری ذۆست •
ئەی کەشتی دوژمن

بەختیار عەلی

ناوەندی ڕۆشنبیریی و هونەریی ئەندێشە

بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: دانا مەلا حەسەن

بەڕێوەبەری هونەری: باسم ڕەسام

ناوی کتێب: ئەی بەندەری دۆست، ئەی کەشتی دوژمن

ناوی نووسەر: بەختیار عەلی

بابەت: شیعر

نۆبەتی چاپ: دووەم ٢٠١٤

چاپخانە: رجایی/ تاران

تیراژ: (١٠٠٠) دانە

نرخ: (٨٠٠٠) دینار

ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارە (١٠٥٧)ـی ساڵی (٢٠١٤)ـی پێدراوە.

ISBN: 978-1-63068-952-0

ناوەندی ڕۆشنبیریی و هونەریی ئەندێشە/ ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

سلێمانی-شەقامی مەولەوی-تەلاری سیروانی نوێ-نهۆمی چوارەم

www.endeshe.org ● andesha.library@yahoo.com

http//www.facebook.com/Andeshacenter

07501026400

پێڕست

کە ئێوە وندەبن

ئێوارەیەک کە خوێنی من وەک هەموو ئێوارەکانی دی پڕبوو لە ئەستێرە
ئێوارەیەک وەک هەموو ئێوارەکانی دی، پڕبووم لە گوڵی وێران.
وەک هەموو ڕۆژەکانی دی، دڵم پڕبوو لە باڵندەی ون ...
پڕبوو لەو غەمانەی بەرەو قووڵایی خەراباتی من دەچوون ... لە ڕێگای سەفەردا تا وێرانەکانی خۆم، خەراباتی ئێوەم بینی ... بەلای هەر باغێکدا تێپەڕیم، لەبری پاییزی خۆم، خەزانی خەڵکی تر هاتە ڕێگام. تەپوتۆزی ئێوە هەوای ئێوارە ساردەکانی من بوو... کە لە درەختە سووتاوەکانی خۆم نزیکبوومەوە، هاواری میوەی برینداری ئەوانم بیست ... کە گەیشتمە سەر گۆڕی خۆم و دەستم لە لاشەی خۆمدا... خوێنی ئەوان و ئێسکی ئەوان کەوتە بەر دەستم...

ئێستا تێدەگەم هەر ڕۆژێک کە دەژیم...
مــن ناژیــم... بەڵکــو ژیانــی مــن، تێپەڕینــی تارمایــی ئێوەیــە، دوور لــە خــۆی بــە نیشــتیمانی منـدا. تێپەڕینـی ڕۆحـی غەمگینـی ئێوەیـە دوور لـە خـۆی... نامـۆ لـە خـۆی بــە ڕۆژانــی منــدا.

شاعیرەکان دەچن بۆ جەهەنەم

شـاعیرەکان دەچـن بـۆ جەهەنـەم. وەک چـۆن پیاوکـوژەکان و دزەکان سـەرتاپا لـە بەهەشـتن.
جەهەنەم شوێنی ئێمەیە
ئەفسوس هەموو ئەوانەی لە ئازار تێناگەن، بە ڕاستی دەچنە بەهەشت
ئەوەی لە جەهەنەم ڕادەکات ئەوانەن کە وادەزانن بەهەشت بەختەوەری لێیە
بەڵام بەختەوەری لە ناو ئەو کتێبەدایە کە پێکەوە خۆڵەمێشەکەی دەخوێنینەوە.
لە ناو ئەو حەرفە سووتاوانەدایە، کە بۆمان نابنەوە بە وشە.

نا... شاعیرەکان ناچن بۆ جەهەنەم ... بەڵکو خودا دەیانبات بۆ جەهەنەم
بۆ نەمانبەن بۆ جەهەنەم؟ نە مرۆڤ و نە فریشتەکان ناتوانن ئاگر بخوێننەوە.
تەنیا ئێمەین دەتوانین ئاگر بنوسین و ئاگر بخوێنینەوە.

شـاعیرەكان دەچـن بـۆ جەهەنـەم، جەهەنـەم شـوێنی دەسـتپێكردنی هەمـوو قەسـیدەكانە.
ڕیتـم چییـە جگـە لـە ئاگرێـک کـە لـە دڵمانـدا دەسـووتێت. كێـش چییـە جگـە لـە دەسـتگرتن بـە كڵپـەوە تـا نەكەویـن.
لـە ئاگـردا نەبێـت، ناتوانیـن ڕووی ڕاسـتەقینەی خۆمـان ببینیـن، لـە دۆزەخـدا نەبێـت بـۆ ئێمـە ئاوێنـەی لـێ نییـە...
دەبێـت بچیـن بـۆ جەهەنـەم، لـە ئاگـردا نەبێـت دەرگای ڕۆحـی ئێمـە ناكرێتـەوە. لـە ئاگـردا نەبێـت ئێمـە نەغمەمـان پـێ نییـە
وشـە ڕاسـتەقینەكان لـە دۆزەخـدان. هاوڕێـم بابڕۆیـن بـۆ ئـەوێ... مـن لـەدوورەوە دەبینـم
بەهەشت بێدەنگە، خاڵییەو قافییەی لێ نییە.

لە هیجای مانگدا

چ مانگێکە تووشی ئەم دەردەی کردویت، ناتوانیت ئاسمانە خەیاڵییەکانی خۆت ببینیت. چ مانگێک وادەکات سەراپا تریفەی خۆت لێونبێت و شەوی خۆت نەبینی..

هەر لاشەیەک لە ژێر تریفەدا دەدۆزینەوە، یەکێک دەڵێت : ئەوە مانگە بە تریفە دەمانکوژێت، ئەوە مانگە بە تیشک ڕۆحمان ئازاردەدات.

مانگ هیچ نییە جگە لە دوژمنێک بۆهەر شوێنێک بڕۆین تەماشاماندەکات.

دەمەوێت بچین بۆ شارێک مانگی لێ نەبێت. بۆ شەقامێک تریفەی نەبینیبێت

بەسە ئەی مانگ ... تۆ لە بەردێک دەچیت یەکێک لەدوورەوە تێیگرتبین

لەمێـژە لەگـەڵ قافڵەکانـدا دەڕۆم و سـەربەرزناکەمەوە، مانـگ بـەرەو دواوە بانگماندەکات، تـا ئـەو شـوێنەی زوڵمـەت هـەزار فەرسـەخ پێشـمان دەکەوێـت، مـن هـەزار شـار بـەرەو دوا بـۆ مانـگ گەڕامـەوە، هـەزار بـاغ، هـەزار حیکمـەت بـۆ ئـەو پاشەکشـێمکرد... تاسـەر سـنووری عـەدەم ڕۆیشـتم و دەسـتم بـۆ ڕوناکـی ئـەو بـرد... بـەڵام بـۆم نەگیـرا.

بیرکردنـەوەی زۆر لـە ڕوناکـی گومڕایکـردم. سـەیرکە هەرچـی کوفرێکـم هەیـە، ئەمـڕۆ لـە تریفـە دەچێـت.

مانگ، هیچ نییە جگە باڵندەیەک، بۆ هەر شوێنێک بڕۆم پەلامارم دەدات
دەمەوێـت بگەمـە دورگەیـەک مانگـی لـێ نەبێـت، لـە سـەر بەردێـک دانیشـم تریفـەی نەبیسـتبێت.
مانگ لە تەنیایی و پیری خۆمان دەچێت، فڕیبێت...
لە مردنی من دەچێت، تا ئاسمان سەرکەوتبێت...

لە گەورەیی شتەکان ڕادەمێنم

گەورەیە ئەم ئەستێرەیە ... کە ئەو هەموو تیشکەی تیا جێدەبێتەوە
گەورەیە ئەم دلۆپە ئاوە کە بەم بچوکییە، خۆی بە منداڵی دەریا دەزانێت.
گەورەیە ئەم تیشکە کە لە مێژە لە ئاسماندا وێڵە و ئێستاش خۆری بیرنەچۆتەوە.
گەورەیە ئەم کێڵگەیە کە ئەگەر بێتە بەر، پڕە لە سێوی نەبینراو.
گەورەیە ئەم غونچەیەی کە ئەگەر بگەشێتەوە، پڕە لە باغی نەوتراو.

وەرە هاوڕێم، پێکەوە سەیری گەورەیی چڵێک گیا بکەین
پڕە لە گوڵی گێژەن، لە هەناسەی پڕ غەمی گەرداو
لە گەورەیی کۆترێک ڕامێنین،
دڵی پڕە لە جەنگەڵی بچوک.. لە گوللەی کتوپڕ... لە هەڵفڕینی لە ناکاو.

بەڵام لە هەموو شتێک گەورەتر هاوڕێم مردنە...
کە دەرفەتمان دەداتێ، ببین بە گوڵ، ببین بە هەور، ببین بە ئاو
لەسەرمان دەوەستێت ... پڕبین لە عەتری عەشق، پڕبین لە مۆسیقای هەتاو
کاتێک لە جوانی تێربووین، بە میهرەوە وەک دایکێک بانگماندەکات :
وەرنەوە بۆ باوەشی من ... وەرنەوە بۆ باوەشی من... ئیتر تەواو

چەند ڕۆژێکە وەك دەریاچەم

چەنـد ڕۆژێکـە ماسـییەکانم بۆنـی سـفرەی سـوڵتانەکانیان لێدێـت. چەنـد ڕۆژێکـە لـەدوورەوە قولاپێکـی پیـر دەبینـم بـە ڕۆحمـدا هاتۆتەخـوار ... چەنـد ڕۆژێکـە شـتێک لـە ئەسـتێرە دەچێـت کەوتۆتـە نـاو دەسـتم ... چەنـد ڕۆژێکـە سـەرتاپا ڕەش وەکـو خەتـام ... چەنـد ڕۆژێکـە دەنگێـک لـە دوورەوە دەڵێـت، مـن قووڵـم و مـن وەکـو مـردن وەهـام ... چەنـد ڕۆژێکـە شـتێک لـە مەیتـی ماسـیگرێکی حەکیـم دەچێـت کەوتۆتـە لام ... سـەیری مردنـی خـۆی دەکا و بـە مـن دەڵێـت: مـن چ شـەوێکی دڵڕەقـم، مـن چ ئاوێکـی بێوەفـام.

چەند ڕۆژێکە لە تابووتێکی شین دەچم، پڕم لە باڵندەی مردوو. چەند ڕۆژێکە بەردەکانم لە ئەستێرەی غەمگین دەچن. ژەهرێک ڕژاوەتە نیگام. واهەستدەکەم جگە لە مردووەکان، ماوەیەکە کەسی دیکە نایەنە لام، گوڵەکانم لە خۆڵەمێش دەچن، خاڵی لە گۆرانی و سەفام، کوێرم و مرواری خۆم نابینم، لە هەموو تروسکەیەک دوورم، لە هەموو ڕوناکییەک
ڕەهام، پەشیمانم لەم وردە شەپۆلانە... دەڵێیت لە هەنسک و غەمم، دەڵێیت لە ئاگر و هەوام.

چەند ڕۆژێکە سەر لە کەناری خۆم دەرناکەم، بووم بە جۆگەیەکی نەفام. چەند ڕۆژێکە خوێن لە ڕۆحم دەتکێت وەکو نەی وام. دەڵێیت بووم بە گوڵی مردوو، بووم بە خۆڵەمێشی نەمام. دەڵێیت دەروێشێکی گەمژەم، شەو و ڕۆژ لە زیکر و سەمام... دەڵێیت دەمەوێت بفڕم، دەڵێیت لە زەوی نیم و لە هەورام.

شەوێك كە لە شەو زیاتر هیچی دی نییە

نــە مانگەشــەو و نەگــەرداو، نــە ئەســتێرە، نــە بــاران ... هیچیانــم نییــە. شــەوێکم تاریکــی ڕاستەقینەی خــۆم دەژیــم. لێـرە نـاڕۆم مـن خـۆرم نییـە. تـۆ ئـەی ئـەوەی بـۆ ڕۆحــی خــۆت دەگەڕێــت، لــە منــدا مەگــەڕێ، مــن نــە ڕوو، نــە ئاوێنــەم نییــە.
ئەی تاریکی ڕەها شەوێکی لە من شەوتر، لە خەیاڵی تۆدا نییە.
شــەوێک کــە مــرۆڤ بــە چــرا بــۆی نادۆزرێتــەوە، بــە نــورا پێینــاگات، دەرگای لەســەر ڕوناکــی نییــە.
شــەوێک وەک ســندوقێکی داخــراو، نــە قفــڵ و نــە کلیلــی نییــە. شــەوێك وەک شــەوەکانی دی، کڵاو ڕۆژنــە و پشــتخان و پەنجــەرەی نییــە. شــەوێک کــە لــە زینــدان ناچێــت، وەک زینــدان پاســەوانی نییــە.
شەوێک تەنیا خۆیەتی و لە تاریکی خۆی زیاتر، کەسی نییە.

شـەوێک کـە لەسـەر خـۆی دەنوسـێت، لـە نـاو خۆیـدا دەنوسـێت، دژی خـۆی و لەگـەڵ خۆیـدا دەنوسـێت. لەگـەڵ خۆیـدا دەڕوات، تەنیـا و تەنیـا لەگـەڵ خۆیـدا دەگەڕێتـەوە... شـەوێکە هاوڕێـی نییـە. شـەوێک تاریکـی دەخوێنێتـەوە، تاریکـی سـەفتەدەکات، تاریکـی دەخاتـە سـەریەک، تاریکـی دەخەوێنێـت، تاریکـی بۆنـدەکات، تاریکـی لەخەوهەڵدەسـتێنێت، جگـە لـە تاریکـی نـە دەفتـەر، نـە مەرەکەبـی نییـە. شـەوێکە تاریکیـمان پێشکەشـدەکات، تاریکیـمان بـە دیاری دەداتـێ، تاریکیـمان بـۆ دەکات بـە کتێـب، تاریکیـمان بـۆ دەکات بـە باغ... جگـە لـە تاریکـی گوڵـی تـری نییـە.

شەوێک، تەنیا دەتوانێت خۆی بکوژێت، چونکە لە خۆی زیاتر دوژمنی نییە
تەنیا لە دەرگای خۆی دەدات، چونکە جگە لە خۆی میوانی تری نییە

ئـەی دۆسـت... ئـەو شـەوە منـم ... منـم... کـە لـە تاریکـی زیاتـر هاوڕێـم نییـە.

ئەمە تۆیت ئەی ڕوناکیی مەست؟

ئەمە تۆیت ئەی ڕوناکیی مەست؟... تۆیت کە لە شەرابی هەزار باغت خواردۆتەوە و هاتوویت. ئەمە تۆیت، ئەی تیشکی سەرخۆش... لە مەیی هەزار لالەزارت نۆشیوە و هاتوویتەتە لای ئێمە. ئەمە تۆیت؟ هاتوویت خوێنمان ڕوناکبکەیتەوە، شەرابمان بە باسی خودا لا شیرینبکەیت... ئەمە تۆیت هاتوویت بە مەبەست... ئەمە تۆیت ئەی ڕوناکیی مەست؟

ئەمە تۆیت سووریت لە شەرمی مەستەکان، لە سێبەرتا هۆشی دەمانی دی و هوشیاری دوێنێت دەبینم... حیکمەتی عاقڵانەی جاران. یاریکردنی کۆنت ... گۆرانی و مەستی و هەستەکان، ئەمە تۆیت هاتوویت دەست بە دەست، ئەمە تۆیت ئەی ڕوناکیی مەست؟

ئەمە تۆیت لە شەو دەترسیت، دەتەوێت بێیتە دڵمانەوە تا بۆ ئەبەد هەڵتگرین، دەتەوێت لە خوێنی خۆماندا بتشارینەوە، بتخەینە نوتفەمانەوە، لە ئاوی ژیانی خۆمانت هەڵکێشین، لەگەڵماندا تا ئەوبەری تەمەن مەلەبکەیت، لە عەشقدا بە تۆ بسووتێین، پڕبین لەڕۆشنیی ئەڤین، پڕبین لە ئیشراقاتی هەست... ئەمە تۆیت ئەی ڕوناکیی مەست؟

ئەمە تۆیت دەتەوێت ماڵ پڕکەیت لە خەیاڵ، سێو پێشکەشکەیت لە قاپی پڕ نوردا،
شەراب لێوان لێوکەیت لە خۆر، ئاوبکەیت بە میوەی دەیجوردا.

ئەمە تۆیت دەگریت بەم شەوە، ئەمە تۆیت ئەی گوڵشەنی غەمگین، ئەمە تۆیت ئەی لالەزاری پەست ... ئەمە تۆیت ئەی ڕوناکیی مەست؟

ئەمە تۆیت لە سەر هەر سفرەیەک و پیاڵەیەکت هێناوە. ئەمە تۆیت شەرابت هێناوەتەوە بۆ باغ. دەتەوێت غەمی خۆمان بە تێرامان لە قووڵی لالەزار دەرکەین. دەتەوێت پەستیمان بە تێفکرین لە نزیکی یار دەرکەین... ئەمە تۆیت هاتوویت دەست بە دەست، ئەمە تۆیت ئەی ڕوناکیی مەست؟

هەموو شتێك لە پەنجەرەوە
«دووبارە وەك شاعیرانی کۆن... لەوەسفی جەنگدا»

/

کە لە پەنجەرەوە دەڕوانم دەزانم جەنگ هەرگیز تەواو نابێت و تەواو نەبووە
لە پەنجەرەوە دەڕوانم و سەیری گوللەی ئەبەدی جەنگەکان دەکەم بە ئاسمانەوە
سەیری بریندارەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەێنێ دەکەم،
بەخوێن و بە زام و بە هەتوانەوە

لە پەنجەرەوە دەڕوانم و دەزانم ژیان چ تۆپبارانێکی گەورەیە
جەنگ لە حەوشەوە دەست پێدەکات و دەڕوات تا دەگاتە ئاسمان
من سەیری مردووەکان دەکەم دێن و دەڕۆن بە بەر بارانەوە
سەیری گوڵە کوژراوەکان دەکەم... بە غونچە و بە دڕک و بە خەزانەوە

لە پەنجەرەوە دەڕوانم و تێدەگەم کە سوپاکان بێپشوو لە شەڕدان
لەشکرە کۆنەکان دێن و لێرەدا دەجەنگن، بە سۆزی جارانەوە
تەپوتۆزی ئەسپ و دەنگی شمشێریان دەگاتە بەر دەرگام
بە قریوەی جەنگ، بە هەلهەلەی ڕەش، بە هاواری خودا، بە ڕەزمی یارانەوە

لە پەنجەرەوە دەڕوانم، خوێن دەبارێت لەسەر سەرتاپای لالەزار
کەس نییە لێرەدا هەستێت و بێت بە فریای شکۆفەی ناو باغانەوە
شەڕ لەدوای شەڕ هەڵدەگیرسێت و دەبینم
مرۆڤ مرۆڤ دەکوژێت، گوڵ گوڵ دەسووتێنێت... بە عەشقی دەروێشانەوە

لە پەنجەرەوە دەڕوانم، شەقام پڕە لە لێزان و لە پسپۆڕ و لە فەیلەسوفانی جەنگ
هەموو هاتوون بە پێکی ڕەش، بە جلی ڕەش، بە خەندەی وەحشیانەوە
بۆنی باروت و هەوای خوێنینیان دەگاتە ناو خوێنم
سوژدە بۆ ئێسک و برین دەبەن، بە حەسرەتی سوختە، بە جۆشی هەوادارانەوە

لە پەنجەرەوە دەبینم، تاریکە گوزەر و ڕوو لە وێرانەیە کۆڵان
سەعاتی مەرگە لێدەدات، لەبەر ماڵ و لە ناو باغ و بە لقی دارانەوە
کوچە سەراپای سواران و زرێپۆشان و سەربازانی دڵڕەقە
هەموو سەداکوژن بۆ نەغمەی بولبول، نیشانەپێکن بە دڵی گوڵستانەوە

لە پەنجەرەوە دەڕوانم، پادشاکان دەبینم، وان لە مەعدەنی شەیتان
حەزیان لە زەوی وێران و ڕەنگی ئاسمانە بە وێنەی ئاگربارانەوە
شەیدای بۆکڕوزی ڕۆحن و شیفتەی ئالودەبوونی خاکن
شوکرن بە ئەتکی خەرامان و مەستن بە خوێناو و شادن بە ناڵەی بریندارانەوە

لە پەنجەرەوە دەبینم ، دەسووتێت کێڵگە و دەخنکێن پاساری و گەنم و میوەکان
ئەهریمەن دەگەڕێت بۆ بزەی گوڵەباغ، بە نیگای تاریک و بە خوێنی سەر دەستانەوە
کۆتر دەبینم دەفڕێت و عەشقی خۆی لەگەڵ باڵیدا دەبات
درەخت دەبینم دەسووتێت و ناکەوێت و دەمرێت بە وەستانەوە

جاران

جاران تەنیا دوژمنان دەیانویست بتکوژن... ئێستا هەم یاران و نەیاران
جـاران تەنیـا دوپشـک و مـارەکان دەیانویسـت پێتـەوە بـەن، ئێسـتا هـەم گـوڵ و هـەم غونچە
چ خۆشحاڵن لەم شارە دەرتکەن، بەبێ خۆت و بەبێ بار و بەبێ بەرگ
ماوەیەکە جگە لە گەمارۆی پادشاکان، عاشقەکانیش دەیانەوێت گەمارۆتبەن
هێندە جوان بوویت،
کامڵ بوویت بۆ تیرێکی کتوپڕ، وەک میوە گەیوویت بۆ مەرگ

جاران تەنیا گوللە زامداریدەکردیت... ئێستا هەم تیر وهەم بەرد و هەم نەشتەر
جـاران تەنیـا شـیعرەکانیان دەسـووتانیت... ئێسـتا هـەم دەسـتت و هـەم ڕۆحـت و هـەم سـەر
ماوەیەکە جگە لە پەلاماری هەور، بەهاریش پەلامارت دەدات

ماوەیەکە بۆ ئەم دەستە سپییانە، بۆ دڵە پاکەکانی دوێنێش هاتوویتە بەر
هێندە جوان بوویت
کامڵ بوویت بۆ کۆچێکی دوور و پێگەیوویت بۆ سەفەر

جاران تەنیا لە هەندێ کوچە دەریاندەکردیت، ئێستا بوویت بە تەیرێکی نەخۆش، بەبێ شوێن ... بەبێ لانە ... بەبێ باڵ. هێندە جوان بوویت ... باشیت بۆ تفی ئەمڕۆ ... کامڵ بوویت بۆ نەفرەتی ئەم ساڵ.

جاران تەنیا پادشاکان و میرەکان و خواجاکان دەیانویست بتکوژن، ئێستا زاناکان و داناکان و شاعیران. ئەزیزم غەم مەخۆ ... هێندە جوان بوویت ... کامڵ بوویت بۆ ژەهری یار و کامڵ بوویت بۆ خەنجەری دۆستان .

تەنیا لە کۆتاییدا تێدەگەین

تەنیا لە کۆتایی ڕۆژدا تێدەگەین کە دەکرا خۆر هەرگیز ئاوانەبێت. تەنیا لە کۆتایی ئەم ئاگرەدا تێدەگەین کە دەکرا هەر بسووتێت و خامۆشی نەکەین. تەنیا لە کۆتایی ئەم پێکەنینەدا تێدەگەین کە دەکرا تا مردن پێبکەنین. لە کۆتایی ئەم عەشقەدا تێدەگەین کە دەکرا تا مردن عەشقبکەین. دەکرا ئەم ڕوبارە هەمیشە بڕوات و نەڕژێتە هیچ دەریایەک. دەکرا ئەم ئەستێرەیە بسووتێت و نەگاتە بەیانییەک. دەکرا ئادەمیزاد لێرەوە بڕوات و هەمیشەش ببینین، دەکرا پاییز هەبێت و باغیش وننەبێت لە بەرچاومان.

تەنیا لە نیوەشەودا تێدەگەین کە نیوەشەو گەلێک دووربوو

تەنیا لە نیوەشەودا تێدەگەین کە دەکرا نەگەینە نیوەشەو.

دەست و خەنجەر

دونیا پڕە لەو دەستانەی کە خاوەنیان نییە. پڕە لەو دەستانەی لە تۆفان بەجێماون. پڕە لەو دەستانەی بۆ جەستەیەک دەگەڕێن کاریان پێبکات. لەو دەستانەی بۆ یەکێک دەگەڕێن پاچیان بداتە دەست، سەنگەریان پێ لێبدات... لە جەنگە درێژەکاندا ڕێگایان پێدروستبکات، ئالایان پێبەرزبکاتەوە. لە پێشی گوردانەکاندا بەیداخیان پێهەڵگرێت.

دونیا پڕە لەو دەستانەی جووت جووت ڕوناکی دەکەنە مستیان و بێئەوەی بیرێژن دەیبەن تادەگەنە بەر قاپی شەو. پڕە لەو دەستانەی شیری تەنهایی دەخۆنەوە، ئاوی تەنهایی دەکەنە مەرکانەوە، هەنگوینی تەنهایی دەردەهێنن. شەرابی تەنهایی دروستدەکەن .

دەستم بینیوە تاریکی دوێنێی وەک ژەهر کردوە بە لێوی ڕوناکی ئەمڕۆوە، بە شمشێری سوبحێک هەموو بەیانیانی دونیای سەربڕیوە

ئاە... خەنجەریشم بینیوە بە دوو لێو، بەلێوێک ئێمە و بەلێوێک خۆی کوشتووە.
خەنجەریشم بینیوە بە دوو دڵ، بە دڵێک من و بەدڵێک تۆی خۆشویستوە

دەستم بینیوە لەگەڵ ڕۆحدا تێکەڵبووە، ویستوێتی وەک هێرۆ گوڵ دەربکات، هێندە لە خەلق و دروستبووندا قاڵبووە، ویستوێتی تۆ، ویستوێتی من ... وەکو یەک دروستکات.

مردن

ژەنراڵـەکان نەخشـەکان دەکەنـەوە و بەرلـەوەی سـەیری گۆڕەپانـی جەنـگ بکـەن دەمـرن. لەسـەر کورسـییەکی گـەڕۆک لـە گۆڕەپانـی شـەڕدا پاڵدەدەنـەوە، پێـش ئـەوەی پۆسـتاڵەکانیان داکەنـن، پێـش ئـەوەی سـەیری دووربینـەکان بکـەن، پێـش ئـەوەی دوژمـن ببینـن... دەمـرن

سەربازەکان تفەنگەکانیان دەردەهێنن
بەرلەوەی تەقەبکەن
بەر لەوەی سەنگەر لێبدەن ...
بەرلەوەی فیشەکەکانیان بژمێرن ...
بەرلەوەی بزانن دوژمن ڕووە و کوێیە... دەمرن

فریاناکەون سەیری ئەستێرەبکەن، فریاناکەون کۆڵەپشتەکانیان داگرن

بەر لە دەستپێکردنی هێرش، ئەوەتا گۆڕەپان پڕە لە لاشەی سەربازان ...
بەبێ برین، بەبێ خوێن، بەبێ گوللە مردوون.

خودایە، بەبێ ئەوەی دەنگی خومپارەبێت، بەبێ ئەوەی دوژمن پێ بزانێت، بەبێ ئەوەی تیرئەنداز و تۆپەکان ناڵەیان لێوەبێت... ئەم هەموو لاشەیە چییە؟

* ئاه... پێدەچێت ئەی دۆست نەزانیت؟ گەورەترین کوشتار بەر لەدەستپێکردنی جەنگە. خوێناویترین شەڕ، بەر لە گەیشتنی ئێمەیە بە سەنگەرەکان. کوشندەترین برین، دەکەوێتە پێش بینینی نەیار و پێش گوللەی ڕەقیب و پێش تۆپی دوژمنان.

تەنهایی

تەنهایی ئەی ئەو ئەستێرەیەی کە باوەڕم پێتە، ئەی دوا مەرهەمی زێڕین کە دەتدەم لە مردنم. تۆ دوا خوێنیت کە من سوێندت پێدەخۆم، ئەی دوا نەتەوەی من... ئەی برای ئەبەدییم.

بەرلەوەی شەو دابێت، من تەنهام. بەرلەوەی خۆر هەڵبێت... من تەنهام. بەرلەوەی بەر تەوری زێڕینی هەر بایەک بکەوم کە لە کوشتنی سنەوبەرەکان دێتەوە، لێرەدا لە چاوەڕوانی هەموو شێوەکانی مردندا دەوەستم و تەنهام.

تەنهایی... ئەی باغی دوا ئیمان، ئەی دواڕێگا کە دەشێت پێغەمبەرانی لێوەبێت، ئەی دوا شار کە دەشێت خودا ڕووی تێبکات، ئەی دوا زەردەخەنە کە دەشێت لەم ئێوارەیەدا مابێت... ئەی دواهەمین سفرە، ئەی دواهەمین ئێشوو، ئەی دواهەمین نان.

تەنهایی... من دوا مرۆڤم کە دەمەوێت وەک دواگوڵ بژیم، پێویستیم بە ئایەتی تۆیە. گەر سورەتێکی نوێ لە ئاسمان بێتەخوارێ، تەنیا تۆ بۆم دەهێنیت. گەر بارانێک مابێت، بتوانێت وجودم تەڕبکات... تەنیا بارانی تۆیە.
تەنیا تۆ ئەبەدیت... مردن دڵۆپێکی تۆ و ئەبەدییەت خۆی سێبەری تۆیە.
ئەی تەنهایی ... من دوامرۆڤم، دەمەوێت وەک دوا خۆر بمرم، پێویستیم بە تیشکی تۆیە.

تۆ لە ڕۆحی یەکتردا، لەدەستی یەکتردا، لە چاوی یەکتردا دەبینین...
بۆیە دەتوانین لەگەڵ یەکدا بژین

لەسەر ڕۆحی ئەوانە نەبێت کە تۆ دەیانکوژیت، تائێستا لەسەر ڕۆحی کەس ئەستێرەم نەبینیوە

ئـەی تەنهایـی کلیلەکانیشـت ببەخشـم، کـەس ناتوانێـت دەرگاکانـت بکاتـەوە ... تـۆ تەنیـا نهێنـی منیـت کـە دوژمنەکانـم ناتگەنـێ... تەنیـا بورجـی منیـت تـا ئەبـەد سـوپایەک ناگاتـە بـەردەرگات ... تەنیـا کتێبـی منیـت کـەس ناتوانێـت بتکڕێـت و کـەس ناتوانێـت بتخوێنێتـەوە. مـن دەزانـم هەمـوو عەتریشـت ببەخشـم، کـەس ناتوانێـت گوڵـی تـۆ بناسـێ و باغـی تـۆ بدۆزێتـەوە.

ئەی نەفامەکان،
بەهارێکی گەورەتان بۆ دروستدەکەم

هیچ شتێک لە دروستکردنی بەهار ئاسانتر نییە. هوشیاری خۆت بکوژێنەوە، دونیا دەبێت بە لالەزار، عەقڵ بۆ ئێستێک خامۆشبکە، زەوی لە بەرچاوتدا دەبێت بە باغ، بە گوڵ، بە بەهار ...
وەرە و زۆر ئەزێتی هۆشی بەستەزمانت مەدە و لەگەڵمدا باغی گەمژەکان دروستبکە.

ڕۆحی خۆم دەکوژێنمەوە و چیمەنێکی لێدروستدەکەم، بە کەڵکی ئاهەنگی ئەم هەموو نەفامە بێت... ڕۆحی خۆم دەکوژێنمەوە و دڵێکی گەمژەی دەخەمە شوێن، من بیرتاندەکەم... بیری بەهارە گەمژەکانتان دەکەم ... تاقەتم لە بەهارە ڕەشپۆشەکانی خۆم چووە... بیری باغە بێهۆشەکانتان دەکەم

بـۆ گوڵێـک دەگەڕێـم بتوانێـت بیرنەکاتـەوە، کـێ باغێکـی هەیـە غونچەکانـی بیرنەکەنـەوە، بیسـپێرێت بـە مـن... ئـەی بـرام، مـن پێمخۆشـە، ببـم بـە باغەوانـی هەمـوو گوڵـە بێهۆشـەکان.

ڕۆحـی خـۆم دەکوژێنمـەوە و گۆمێکـی لێدروسـتدەکەم، بشـێت هەمـوو نەفامـەکان تیـا مەلەبکـەن. دڵـی خـۆم دەکوژێنمـەوە و شـەقامێکی لێدروسـتدەکەم، بـە شـاری گەمژەکانـدا بـڕوات.

ئیدی سوار شەمەندەفەرێک نابم بە شاری تۆدا بڕوات ئەی عەقڵ.

نامەیەک ناکەمەوە لە شاری تۆوە هاتبێت ئەی عەقڵ...

من کوڕی شاری گەمژەکانم و ئیدی ڕەقیبی تۆ دەبم ئەی عەقڵ.

شوێنی خۆت لەم کارەساتەدا بەرمەدە

شوێنی خۆت لەم بایەدا بپارێزە، شوێن دەستەکانت لەسەر ئەم تابوتەی کە لاشەی خۆشەویستیی تێدایە. ئەم کفنە کە عەشقمان تیاهەڵگرتووە. ئەم گۆڕە کە سۆزی خۆمانی تیا دەنێژین. دەست بەم مەیتەوە بگرە... لێرە بەدواوە تەنیا بەسەر لاشەی شاعیراندا دەڕۆین... بەناو خوێنی ڕژاوی ئەوانىدا تێدەپەڕین... لێرەوە گۆڕەکان پڕن لە حیکایەتخوانی خنکاو... لێرەوە بەسەر لاشەی سۆفییەکاندا هەنگاودەنێین... گوێ لە هاواری ئەو خەڵوەتانە دەگرین کە مەنجەنیقە زەردەکان پەلاماریاندەدا. هاواری ئەو مزگەوتانەی خودا بەدەستی خۆی دەیانڕوخێنێت. ئالێرەدا سوڵتانی خەرابات لەسەر پێستی ئێمە زەخرەفەی مردن دروستدەکات ... لەسەر شانمان تەیری مردن دەنیشێتەوە. لێرەوە چاومان لە هەرەسی منارەکانە بەسەر ئێماندا دەڕوخێن... چاومان لە مەلەکوتە کە بەسەر خودا و فریشتەکاندا دەڕوخێت.

شوێنی خۆت لەم گێژەڵوکەی تەنهاییەدا بگرە... سوار هیچ کەشتییەک مەبە، من خۆم لاشەی نوحم لەسەر ئاوەکان بینی، ئەم تەرمی خۆشەویستییە بدە بە شانتدا و بوەستە، مەهێڵە هیچ ڕۆحلەبەرێک شوێنت بگرێت. لێرە بەدواوە ئەو بەندەرانەی بۆ چاوەڕوانی تیا دەوەستاین، دەبن بە ژێر ئاوەوە، دەست بە ژێرپێی خۆتەوە بگرە. لێرە بە دواوە ئەو کۆشکانەی بە بەرد، بە ڕەنج، بە خوێن، بە وشە دروستمانکردن دەڕوخێن. ئیدی لێرەوە بەناو خوێنی خۆماندا دەڕۆین ... دە بڕوانە خودا بە چ ڕەنجێک بولبولەکان کوێردەکات... بڕوانە ئەو چ نائومێد گڵ دەکات بەسەر خۆیدا... باغی خۆی خاپووردەکات.

دەست بەم میوەیەوە بگرە. ئەمە دوا هەرمێیە کە خودا سەوزی دەکات... دوای تۆزی ئەم وێرانەیە، تەنها غوبار هەیە بیخۆین. لەمڕۆوە سێو نامێنێت، بۆنی خوێنی لێ نەیەت. لەمڕۆوە هەرمێ نامێنێت، قەپاڵی لێبگرین و هاوار نەکات.

ئەوانەی لەسەر خوانی پاک دانیشتوون، بە ئاوی زولالی ئەم کانییە دەستنوێژ دەگرن، جبەی شالیارانیان لە شاندایە... سبەینێ بە بێ خوان لەسەر ئێسکی یەک دادەنیشن... بە خۆڵ دەستنوێژ دەگرن ... تۆز دەدەن بە شانیاندا.

شوێنی خۆت لەم کەنارەدا بەرمەدە، دەریا لێرەدا دەوەستێت و ناڕوات.
کەشتی ئەمڕۆ لێو بە کەنارەوە دەگرێت، نوقم نەبێت
گوڵ دەست بە کێڵگەوە دەگرێت، نەکەوێت
بولبول دەنوک بە باغەوە دەگرێت، با نەیبات.

جەنگەکانی من

مـن لەگـەڵ هەمـوو جۆرەکانـی خەنجـەردا لـە پەیمانـدام. تەنیـا بـۆ کوشـتنی خـۆم بیانوەشـێنم. مـن ئـەو داری ئازادییـە نیـم بـە خوێـن ئـاو بدرێـم، ئـەو غونچـەی سەربەسـتییە نیـم بـە خوێـن بگەشـێمەوە، مـن بڕۆمـە گۆڕەپانـی هـەر شـەڕێکەوە، بۆئـەوە نییـە بکـوژم، بەڵکـو بۆئەوەیـە بکوژرێـم و بـە زیندوویـی نەگەڕێمـەوە.

مـن لەگـەڵ هەمـوو تفەنگەکانـدا لـە پەیمانـدام، تەنیـا بـە هـەوادا و ڕووە و دەرەوەی زەوی بیانتەقێنـم. لـە پەیمانـدام چەقـۆ بـە ئەلفبایەکـی تـر بنوسـمەوە. مـن هەمـوو ڕێگایـەک بـە مەبەسـتی مـردن دەگـرم، هەمـوو ئاوێـک بـە هەسـتی ژەهـر دەخۆمەوە.

هەمـوو پلانـم ئەوەیـە دوژمنەکانـم سـەرکەون، شـادبن، غەریزەکانیـان لـە مردنـی مـن تێربکەن.

هەمـوو نیـازم ئەوەیـــە باڵندە برسـییەکان، ئەوانـــەی ڕق لە نـــاوەوە دەیانـــخوات، لـــەدەوری

لاشــەکەی مــن کۆببنــەوە. خێــڵە سیــاپۆشەکان بێــن و لــــەدەوری لاشــــــەی مـن هەڵپــەڕن، باغـــــە
شـەڕانگێزەکان لـە برینـی منـدا گوڵـی خۆیـان بدۆزنەوە. مـن لەگەڵ هەمـوو جۆرەکانی خیانـەت و دڵڕەقیـدا لـە پەیمانـدام، مـن بکـەن بـە ڕەشنوسـی خۆیـان، مـن بکـەن بـە لابـوری خۆیـان، بەدەسـت و خەتـی خۆیـان تـا دەمرم، خوێنـی مـن بنوسـنەوە.

ئـەی ئـەوەی تـا ئێسـتا چەقـۆت لـە گۆشـتی کـەس نـەداوە، دڵـی مـن باجـی لەسـەر نییـە... زۆر کـەس بـە کوشـتنی مـن بـوون بـە ئوسـتاد، وەرە و تـۆش ببـە بـە ئوسـتاد. چەنـد دەتوانـی قووڵـتر خەنجەرەکـەت ڕادە... سـەربڕینی مـن یارییـە ... هـەر ئەمـڕۆ نـا ... لـە مێـژە گۆشتی مـن هەڕاجـە ... لـە مێـژە خوێنـی مـن خۆڕاییـە.

ئەم شارەم لە بیر نییە

لە بیرم نییە چ باڵندەیەک فریوی دام و هاتم بۆ ئەم شارە.
لە بیرم نییە چ پاسەوانێک لەسەر دیوارەکانەوە بانگیکردم
لەبیرم نییە چ زنجیرێک، چ کۆتێک، وەها زێڕین و قەشەنگ بوو، ئەم زیندانەی لا خۆشەویستکردم ... من ڕێگای ئەم شارەم لەبیر نییە ... لەبیرمە بۆ مردن لە ژێر سێبەری درەختێکدا هاتم ... بەڵام ئێستا ناوی هیچ درەختێکم لەبیر نییە ... بۆ مردن لە نزیک بۆنی گوڵێکەوە هاتم ... بەڵام ئەمڕۆ، بۆنی هیچ گوڵێک لەخەیاڵمدا نەماوە، ڕەنگی هیچ غونچەیەکم لە یاد نییە.

لە تۆ دەپرسم ئەی ڕاگوزەر وەک با... ئەی غەمگین وەکو ئاسمان
ئەوە تەنیا منم کە نازانم، بۆ هاتووم بۆ ئەم شارە
یان تۆش نازانیت کە ئێمە چین و چ چیزەین و چ کارە

لـە بیـرم نییـە چ ئیمپراتۆریەتێکـی سـپی، کـە پڕبـوو لـە درەختـی ڕەش، لـە کۆتـری سـیا وەکـو قەتـران، لـە ماسـی سەرشـار بـە سـۆزی ئـاو... لێـرە حاکمبـوون... لەبیـرم نییـە چ بایـەک تـۆوی لـە کێڵگـە تاریکەکانـەوە فڕانـد و منـی کـرد بـە باغەوانێـک کـە تەنیـا بولبـول بـۆ مـردن دەهێنـم... لـە بیـرم نییـە بـۆ بـووم بـە جووتیـار، بـۆ پووچـی دەکێڵـم، بـۆ وشـکی دەچێنـم.

لەبیرم نییە یەکەم جار لە دەروازەی کێم دا،
یەکەم شەو لە ژووری چ میوانسەرایەکدا کەوتم.
یاتاغی چ کاروانچییەکم دا بە خۆمدا،
لەدەنگی چ بولبولێک ڕامام، بە داڕووی چ عەتارێک خەوتم.

لەبیرم نییە بۆ لە شۆڕشەکاندا بەشداربووم، بۆ تەقەم لە خائینان کرد... لەبیرم نییە بۆ کتێبی وەها گەورەم نوسی... بۆ باغی وەها پێچاوپێچم دروستکرد... بۆ بەدەستی ڕووت ئاگرم ڕواند، بۆ خۆم بە ژەهر مەستکرد؟. لە بیرم نییە بۆ بووم بە پادشاهی شیعر، بۆ چووم بۆ ڕاوشکاری هەڵبەست، بۆ ئەم کوچانەم وا خۆشویست، بۆ نوێژم لێرەدا دابەست، بۆ بام لێرەدا هەڵچنی، بۆ شەرابم لە خەزنە تاریکەکان دەرهێنا، بۆ دڵی خۆم فریودا... بۆ لێرە نەڕۆیشتم، بۆ وازم لەم شارە نەهێنا؟.

بێدەنگی دوای مردنی گوڵێك

بێدەنگن... بەجۆرێک بێدەنگن، هەموو باڵندەکانم دەترسن.
تا ئەو ئەندازەیەی کەشتییەکان لە بێدەنگیدا بخنکێن، بێدەنگن
ئەمشەو منارە ڕەشەکان و بورجە دوورەکان بێدەنگن. جگە لە ئەستێرە کە هەندێجار دەجریوێنێت... پاسارییەکانیش بێدەنگن. بە پێچەوانەی دوێنێوە تۆفانیش ئەمشەو بێدەنگە، وەک مردنی گوڵێک وەها گرنگ بێت، کە نەهەنگە دوورەکان و پڵنگەکانی هاوسێمان بێدەنگبکات، هەموو بێدەنگن. گیاکان بێدەنگن و دڕکەکان. گوللەکان دێن و دەڕۆن بە هەوادا و چرکەیان لێوە نایەت، جەنگ لێرەدا بەبێدەنگی بەردەوامە... برینندارەکان دان بە خۆیاندا دەگرن و بێدەنگن. مردووەکان سەیری زامی خۆیان دەکەن و هاوارناکەن... سەربازەکان بەرەو پێش تەکاندەدەن و بێدەنگن. وەک مردنی غونچەیەک وەها گرنگ بێت، کە هەموو جەنگاوەرانی دونیا بۆی بێدەنگ بن... بێدەنگن.
بێدەنگن ... بەجۆرێک بێدەنگن، هەموو توتییەکانم دەترسن
تائەو ئەندازەیەی ئەستێرە ئاوڕیان لێبداتەوە... بێدەنگن.

هـەزاران مۆسـیقارن، لەسـەر ئـەم شـانۆ مەزنـەی جاویـدی وەسـتاون و بێدەنگـن. کەمـان ئاوازەکانــی خــۆی دەپچڕێنێــت و بێدەنگــە. هــارپ، ســەنتوور، فلووتــەکان نۆتـەی خۆیـان دەکـوژن و خامۆشـدەبن. هەمـووان بەبێدەنگـی لـە ڕۆحـەوە گۆرانـی دەڵێـن، وەک مردنـی شـکۆفەیەک وەهـا گرنـگ بێـت، هەمـوو مۆسـیقارەکانی دونیـا بـۆی بێدەنـگ بـن.

بێدەنگن... بە چەشنێک بێدەنگن، سام لە باغم نیشتووە
تا ئەو ئەندازەیەی هەموو فوارە و تاڤگەکان پێکەوە ڕاوەستن، بێدەنگن

ئەمڕۆ مزگەوتەکان، گومەزە زێڕینەکانی ئیمان بێدەنگن، جگە لە ئیشراقاتی دڵ کە هەندێجار دادەگیرسێت، ناڵەی حەسرەتی سینەش بێدەنگە... پرسەدارەکان بە خۆیان و تابووتە زەردەکانیانەوە دەڕۆن و بێدەنگن. وەک مردنی گوڵێک وەها گرنگ بێت، هەموو فرمێسکەکانی دونیا بێدەنگ بکات، بێدەنگن. وەک کەوتنی غونچەیەک وەها بێت، ئاهووی دوور و گورگە تەنیاکانی هاوسێمان بۆی بێدەنگ بن، بێدەنگن. شمشێرەکان لە هەوادا دێن و دەڕۆن و بێدەنگن. زرکەکان دەچن بە ڕۆحدا و بێدەنگن، زیکرکاران وەک شێت سەمادەکەن و بێدەنگن، وەک کەوتنی شکۆفەیەک وەها گەورەبێت، هەموو دەروێشەکانی دونیا بۆی بێدەنگ بن... بێدەنگن.

چوون بۆ جەهەنەم

لەمبەری شەقامەوە بە تەنیا دەوەستم، هەموو ئەوانەی دەچن بۆ بەهەشت لەوبەرەوە چاوەڕوانی شۆفێرەکان دەکەن. تەنیا لێرەدا دەوەستم و دەمەوێت سوار ئەو شەمەندەفەرەبم کە دەچێت بۆ جەهەنەم... هیچ پاسارییەک، هیچ گوڵێک، هیچ ئومێدێک لەگەڵمدا سوارنابێت. هیچ هەورێک، هیچ ڕوناکییەک، هیچ عاشقێک نایەت بۆ جەهەنەم... ئەی دۆست، ئەم شەمەندەفەرە گەلێک درەنگ دێت... ڕەنگە هەرگیز نەیەت، ڕەنگە لە مێژە ئەم هێڵە نەمابێت، لەمێژە کەس نەچێت بۆ جەهەنەم...

لەوبەر گەڵاکانی پاییز، کوکوختییە پیرەکان، شاعیرانی چەماوە لە تەنهاییدا، پەپولە سووتاوەکان، نێرگزانی پەژموردە لە غەمدا، هەموو سواردەبن بۆ بەهەشت... تەنیا منم لێرەدا دەوەستم و ماڵاواییدەکەم و دەڕۆم بۆ جەهەنەم.

بەوەدا کەس ناچێت بۆ جەهەنەم، پێدەچێت جەهەنەم لە مێژە نەمابێت.

مـن لێـرەدا لەبـەر ئـەم بارانـەدا دەوەسـتم و بەخـوداکان دەڵێـم گـەر جەهەنـەم نەمـاوە... یـاران جەهەنەمێـک بـۆ مـن دروسـتبکەن.

لـە کـەس ناپرسـم ئێـوە بـۆ دەچـن بـۆ بەهەشـت، بـەڵام دەزانـم ئـەو پشـکۆیەی لـە سـەری منداڵیـە ... ئـەو کڵپەیـەی لـە ڕۆحـی مـن بەربـووە، دەبێـت بگەڕێتـەوە بـۆ جەهەنـەم.

هاوڕێکانــم هەمــوو لــە جەهەنەمــەوە هاتبــوون. کچــی کۆڵانەکەمــان زۆربەیــان خەڵکـی جەهەنـەم بـوون، شـاعیرە گەورەکانـی دۆستیشـم، پێکـڕا ستایشـی جوانـی جەهەنەمیـان دەکـرد... بـەڵام چـی بـووە خودایـە، ئەمـڕۆ کـەس ناچێت بـۆ جەهەنەم؟ ... شـار لـە ڕۆژانـی ئاسـاییدا پـڕە لـە بۆنـی جەهەنـەم، پـڕە لـە نانـی جەهەنـەم، پـڕە لـە میـوەی جەهەنـەم... بـەڵام ئێسـتا خاڵییـە ئـەم ڕێگایـە... چۆڵـە ئـەم کاروانـە... هیـچ دەنگێکـی لێـوە نایـەت جەهەنـەم.
لــە مێــژە خاپــوورە جەهەنــەم، لــە مێــژە شەرنشــینانی ئــەوێ لــەم ســەرزەمینەدا ئـاوارەن، نەدەچـن بـۆ بەهەشـت، نـەزەوی تێیانـدەگات، نـە ڕێـگای مـاوە جەهەنـەم. مرۆڤــەکان وەهــا کڕبــوون، وەهــا ســوژدەچی و عاقــڵ بــوون... ڕەواجــی نەمــاوە جەهەنــەم.

سەردەمانێ تەنیا مرۆڤە سەربەرزەکان دەچوون بۆ جەهەنەم، تەنیا گوڵەباغە ڕاستەقینەکان کە بۆنیان لە بۆنی گوڵی بەهەشت خۆشتربوو، ئەو کەشتیانەی دەریایان بە هاواری خۆش لە خەو هەڵدەستان، ئەو کۆترانەی وەها لە جوانی تێربووبوون بە شەوقەوە لە باغیان دەپرسی، کامەیە دەرگای جەهەنەم.

سەردەمانێ تەنیا پاپۆڕی داوێنپاک، دوورگەی لە خەیاڵدا نوقم، دەریاوانی دەستپاک دەچوون بۆ جەهەنەم. ئەوانە دەچوون بۆ جەهەنەم کە خودا و شەیتانەکانی ناو خۆیان کوشتبوو، ئەو غونچانەی باغە یۆتۆپییەکانی ناو سەری خۆیان دەسووتان، ئەو غونچانەی بۆ ئێمە دەستیان لە جوانی خۆیان هەڵگرتبوو. شاعیرانێک باسی پاکی و پیسیان نەدەزانی، وازیان لە ئومێد هێنابوو، خودا و مرۆڤیان وەکو یەک تەماشادەکرد ... ئیشیان ستایشی لێبوردن و خۆفیداکاری بوو... ئەوان بوون دەچوون بۆ جەهەنەم.

٥

ئەمڕۆ لێرەدا دەوەستم و چاوەڕوانی ئەو شۆفێرە نابم کە ناگات بمبات بۆ جەهەنەم، شوێنێک دروستدەکەم، گەلەک بێتخووب و گەورە. هێدی هێدی ئاگری بۆ دەهێنم، بێدەنگ دەرگای ئاسنینی بۆ دادەنێم، دیوارەکانی تا ئاسمان هەڵدەچنم، ئەڵقەڕێزی لە خەونی خۆم بۆ دروستدەکەم و لە نێویدا دادەنیشم و ناوی دەنێم جەهەنەم.

من وەك نابینایەك

هەموو شتەکان وشەن، درەخت وشەیە، دەریا وشەیە، خۆر وشەیە
بەنـاو ئـەو شـارانەدا دەڕۆم کە لەوشـە دروسـتبوون، بەناو ئەو شـەقامە دووردرێژانەدا کـە لـە وشـە چـنراون. بـازاڕ و منـارەکان وشـەن. بەنـدەرەکان کۆمەڵێـک وشـەن لـە نزیـک دەریـاوە وەسـتاون. لەوێـوە سـڵاو لـەو کەشـتیانە دەکـەم کـە کۆمەڵێـک وشـەی دوورن و چارۆکەیـان هەڵـداوە، ماسـیگرەکان وشـەن کـە قولاپیـان پێیـە، ماسـییەکان وشـەن ، خنـکاوەکان وشـەن.

من کوێرم، تەنیا وشە دەبیستم... جەنگ وشەیە، وێرانەکان وشەن.

کێ دەتوانێت بە وشە هەور بخاتە خەیاڵمەوە، کێ دەتوانێت بەوشە هەنارم بەدارەوە تیا بڕوێنێت. کێ دەتوانێت بورجەکان لەسەرمدا بەوشە ڕەسمبکات، کێ دەتوانێت بەوشە یاقووتی ژێر دەریام بۆ دەربهێنێت.

من دەبێت دڵۆپ دڵۆپ دەریا بکەم بەوشە، بۆئەوەی تێبگەم
لەسەرمدا هەمیشە چەکوشی ئەو ئاسنگەرانە ئیشدەکات کە وشە دروستدەکەن، دەنگی کورەی ئەو پیاوانەی وشە وەک پۆڵا دادەڕێژن، دەنگی ئەو دارتاشانەی وشە دادەتاشن، هاواری ئەو سەپانانەی وشە دەدرونەوە.

لای من
خۆر هەڵنایەت، ئەوەی زەوی ڕۆشندەکاتەوە وشەیە
خۆر ئاوانابێت، ئەوەی تاریکی دروستدەکات وشەیە.

ژمارەی گەمژەکان

ژمارەی گەمژەکان ، لە ژمارەی گەڵای درەختەکان و پاسارییەکان زیاترن
هەمـوو کۆتـری سەرنشـینی ئـەم دونیایـە، ژمارەیـان ناگاتـە ژمـارەی گەمژەکانـی ئـەم شـارە

ئەی دۆست... گەمژەکان لێرەدا پادشان، ڕەخنەگرن، حاکمن
مامۆستای ستاتیکان... مۆسیقارن... ڕۆژنامەنوسن... شاعیرن
ژمارەی گەمژەکان، لە ژمارەی ئەستێرەکان زیاترن

گەمژەکان تا دێت زۆرتر دەبن
چ سادە دەتوانن بمکوژن ... ئەی دۆست
من دەمرم و گەمژەکان بۆ هەتاهەتایە نامرن

شاری درۆ

ئـەی دەریـا، تـۆ بـە ئەنـدازەی گوڵـی درۆزنـی ئـەم شـارە ماسـی درۆزنـت هەیـە؟.
پێمبڵـێ، وەک چـۆن شـەقامەکانی ئـەم شـارە درۆیـان لەگـەڵ منـدا کـرد، تـۆش درۆ
لەگـەڵ کەشـتییەکاندا دەکەیـت؟ وەک باغەکانـی ئـەم شـارە ئاخـۆ پڕیت لـەو پیاوانەی
سـێوی درۆ دەخـۆن ؟ وەک هەیوانەکانـی ئێـرە پڕیـت لـەو میوانانـەی حەزیـان لـە
بەیانیانـی درۆ و بەرچاییـە بـە پەرداخێـک لـە شـیری درۆوە؟.

من تێربووم لەسەیرکردنی بورجی درۆ، باغی درۆ
من تێربووم لە سەیری سوارچاکانی درۆ لە جەنگی درۆدا
تێربووم لەسەیرکردنی ماسی درۆ لە ناو حەوزی درۆدا

ئەی جەنگەڵ، تۆ بە ئەندازەی ئەم کوچەیەی ئێمە، هێلانەی درۆت هەیە؟ وەک ئەم کۆڵانەی ئێمە، هێلکەی درۆت خستۆتە ژێر کۆتر؟ پێمبڵێ ئەی جەنگەڵ، بای درۆ ڕۆژی چەند جار هەڵدەکات؟ شاعیرانی درۆزن چەند دیوانیان لە ستایشی خەزانی درۆدا نوسیوە؟ ئەی جەنگەڵ نامەوێت بە سنەوبەری درۆدا بێمە خوارێ و بە سەروی درۆدا سەرکەوم، پێمبڵێ دەتوانم، بەم هەموو ڕاستییەوە هەڵبێم و لەلای تۆ بمرم...مردن لەم شارەدا بۆتە درۆ، ئەی جەنگەڵ، نامەوێت بەدرۆ بمرم.

مـن تێربووم لەسەیرکردنی گەشبینە درۆزنەکان، غەمخۆرە درۆزنەکان، دڵسۆزە درۆزنەکان.

وەڕزبووم لە مەرهەمی درۆ لە ئەجزاخانەی درۆدا
تێربووم لە ئیمانی درۆ لە ژێر منارەی درۆدا

ئـەی شـاری درۆ، ئاسـنگەرەکانت ئاسـنی سـاردی درۆ دەکوتـن. داربڕەکانـی تـۆ، بـەدرۆ تـەور لـەم باغـە خەیاڵییـە دەدەن. مەسـتەکانی تـۆ بـەدرۆ لـە مەیخانـەدا شـەرابی درۆ دەخۆنـەوە. فەرمانبەرانـی تـۆ، تاپـۆی درۆی ئـەم کێڵگانەیـان پێیـە. باجگرانـی تـۆ، بـە قەپانـی گـەورە خەرمانـی درۆ دەکێشـن... دانەوێڵـەی لـە درۆدا ڕەش دەخـــۆن ... دەغـــڵی ســووتاو لە درۆدا ...

گەنمێـک نانـی درۆمـان دەداتـێ ... تێشـووی درۆ لـە نانـی جـۆ... هـەرزن کـە باڵنـدەی درۆ دەیخـوات... «کا» کـە بـای درۆ دەیهێنێـت ... پـوش کـە بـای درۆ دەیبـات.

ئیـدی بەسـە، بـە نـاو درۆی نەبـەدی ئێوارانـدا پیاسـەکردن. پێکەنیـن بـۆ سـاقییەک وەعـدی بـادەی درۆمـان پێـدەدات. کچێـک کـە وادەی ژوانـی درۆمـان دەداتـێ. سـەعاتی درۆ کـە ڕۆژی درۆ دەپێوێـت، نەخشـەی درۆ کـە لەسـەر خاکـی درۆ دەڕوات، فێنکـی درۆ کـە بەیانیانـی بـاغ بـە مسـقاڵ دەیفرۆشـێت، گوێگرتنـی ڕۆژانـەم لـە بێسـتان کـە پڕبێـت لـەو میوانانـەی حەزیـان لـە بەیانیانـی درۆ و بەرچاییـە بـە پەرداخێـک لـە شـیری درۆوە؟.

من تێربووم لەسەیرکردنی بورجی درۆ، باغی درۆ.
من تێربووم لە سەیری سوارچاکانی درۆ لە جەنگی درۆدا
تێربووم لەسەیرکردنی ماسی درۆ لە ناو حەوزی درۆدا

گوێم لە هاوارێك بوو

گوێـم لـە هاوارێـک بـوو، وامدەزانـی دەریایـە و لـە دوور بانگـم دەکات. وامدەزانـی پەنجەرەیەکـی دوورە و لـە ترسـی کۆتـر دەگـری، وامدەزانـی دەنگـی خۆمـە و بـۆ بـای بێسرەوتـی ئـەم شـەو دەدوێـت. وامدەزانـی کەسـێکە و بـە زامـەوە لێـرەدا مـردوە، وامدەزانـی دڵمـەو سـڵاوی لـە مـردن کـردوە. وامدەزانـی بولبولێکـە لەسـەرپەرژینی بـاغ دەگـری، وامدەزانـی یەکێکـە تەلبەنـدی ئـەم زیندانـە دەبڕێـت و ڕادەکات، گووتـم: دەشـێت مردویـەک لـە گـۆڕ هەسـتابێت و دەسـتی بـۆ گوڵێـک بردبێـت. گووتـم: دوورنییـە دارەکان لەبـری گـوڵ ئەمشـەو برینیـان گرتبێـت، گووتـم پێدەچێـت باڵندەیـەک بێـت و باڵەکانـی مردبێـت.

گوێـم لـە هاوارێـک بـوو لـە دەنگـی گەردەلـوول دەچـوو. گووتـم : دیسـانەوە دەریایـە کەشـتی بێگوناهـی کوشـتووە، دیسـانەوە ئـەوە، ماسـیگر دەگرێـت و بەلەمـی دەرکردوە ... دیسانەوە ئـەوە، پـەلاماری کـەناری خەوتـوو دەدات، ئەوە بەندەر دەفـڕێنـێت و ئـەوە بە بارمـتە
دوورگەکانـی گرتـووە. ئـەوە دەگـری و شـەپۆل بەسـەر خۆیـدا دەکات، ئـەوە دەڵێـت نەورەسـم ڕۆیشـت، دەریاوانـم مـردوە.

وامدەزانـی ڕێبوارێکـە، بەپرتـاو بـەرەو نـاو تـەم ڕادەکات، کەسـێکە لـە خۆڵەمێشـی شـارە سـووتاوەکاندا گـەڕاوە، لـە خاشـاکی ڕسـتە و لـە خەڵـوزی کتێبـدا ڕەشـبووە. گەیشـتۆتە یەقیـن لـە خێڵـی هـەوا، لـە جنسـی هەڵـم، لـە توخمـی تـەم بـووە. بـە مەتـر و کاغـەز و پـرگاڵ، عومـری خـۆی دەپێوێـت، دەبینێـت گەنجێتیـی دوکەڵـە، پیرێتیـی غوبـارە و ونبـووە.

ئەو سەردەمانەی وەکو خەون دەمێننەوە

ئەمـڕۆ هەمیشـە وەک خـەون دەمێنێتـەوە، شـەقامەکان وەک خەونێکـی کاڵ دەمێننـەوە، ئەسـپەکان و گالیسـکە کۆنـەکان وەک خـەون لێـرەدا دەوەسـتن، کچـی قەشـەنگ، بـە باوەشـێنی چینییـەوە، لێـرەدا وەک خـەون تەماشـاماندەکەن. ڕێبـواری بۆشـناخ بـە نیـگای ئەمیـرە غەمگینەکانـەوە، بـە شمشـێرە خوێناوییەکانیانـەوە، بـە خـودەی زێڕینـەوە کـە لـە ڕۆژانـی.ئاشتیشـدا دایناگـرن ... هەموویـان وەک خـەون دەژیـن و وەک خـەون دێـن و وەک خـەون دەمێننـەوە. ئـەو سێوانەی بـە درەختـەوە دەیانبینیـن، ئـەو گێلاسـانەی لەسـەر فەخفـوری شـاهان داماندەنـان، دۆی سـپی لـە جامـی زێڕینـدا، کوپـەی پـڕ یاقـووت لـە سـەرنوێنی ئاغـاکان، کـەو کـە لـە نزارانـی پـڕ تەمـدا دەیانخوێنـد، کوتاڵچـی کـە خۆیـان پشـتێنی ئاوریشـمیان دەبەسـت و لـە شـاران چیـت و ئەنگـۆرە و سـورمەی کۆنیـان دەفرۆشـت، هەمـوو وەک خـەون دێـن و وەک خـــەون لێـرەدا دەوەسـتن و وەک خـەون بەبەردەممانـدا تێدەپـەڕن . تەمـی سـەر شـارە گـەورەکان و عەتـری پاسـاژە شوشـەکانیان هەمـووی دەڕوات و دەبێـت بـە خـەون، حـیجابی ئـەو ژنانـەی لـە ژێـر عەباکانیانـەوە ڕووتـن، دەڕوات و خەونێکـی غەمگیــن لــە جێــگای جێدەمێنێــت، دەنگــی سەرخۆشــان کــە لــە پیاڵــەی ڕەشــدا دەخۆنـەوە ... وەک خـەون دەگاتـە گوێـمان... ئـەو شـارانەی دەیانگەینـێ دەبـن بـە خـەون... ئـەو شـارانەی نایانگەینـێ دەبـن بـە خـەون... ئەوانـەی خۆشـیان ویسـتین بـوون بـە خـەون... ئەوانـەی خۆشـمان ویسـتن بـوون بـە خـەون.

ئــەوەی لــەم ژنانــە دەمێنێتــەوە جوانــی نییــە، ئــەوەی لــەم کەشــتیانە جێدەمێنێــت، بۆنــی دەریــا و چارۆکــە مانــدووەکان نییــە. بەڵکــو بۆنــی خەونــە... کــە دەبێــت بــە حەقیقــەت و دێــت و دەڕوا و دەبێتــەوە بــە خــەون.

مــن کــە دەڕۆم بــە نــاو خەونــدا دەڕۆم، کــە تــۆ دەڕۆیــت خەونیــت و بەڕێــگادا دەڕۆیــت.

ئــەم کۆترانــە خەونــن و دەفــڕن. لێــرەوە تێدەپەڕیــن و گوێــمان لــە زەنگی ئــەو بورجــە دوورانەیــە لــە خەوغانــدا لێــدەدەن

لێــرەوە دەڕۆیــن و گوێــمان لێیــە خەونەکانمــان لــەو شــارە دوورانــەدا وەک زەنــگ لێــدەدەن

ئــەم شــارە هەڵدەســتێنم و پێیدەڵێــم : هــاوار ... ئــەی شــاری منداڵیــم، تــۆ وەختــە دەبیتــە خــەون. ئــەو مەســت و خەواڵــوو دەمگرێــت و دەڵێــت: بێدەنــگ بــە و بخــەوە ... ئــەی تاریــک ... ئــەی ئاڵــۆز ... ئــەی وێڵگــەرد ... وەکــو خــەون.

کۆتایی

گەر زەوی تەواوبێت ئاساییە... زەوی ئەبەدی نییە... ئەوەی تەواو نابێت ئاسمانە بە ئاسۆ غەمگینەکانییەوە.
گەر گوڵ تەواو بێت سەیرنییە... گوڵ ئەبەدی نییە... ئەوەی تەواونابێت باغەکانە.
گەر من و تۆ تەواوبین ئاساییە... من و تۆ ئەبەدیی نین... گەر ئێمە تاریک بین ئاساییە... گەر جەنگەڵەکان تاریکبن و شەقامەکان ئێواران دەیجور بخۆنەوە ئاساییە ... گەر شکۆفەکان ئێواران تلیاکی زوڵمەت بکێشن... مەترسە... ئەوەی تەواونابێت ڕوناکییە. لە خەنجەریش مەترسە، لە لەشی شکۆفەکردوو لە مەرگدا مەترسە... مردن ئەبەدییە. سەیرمکە چۆن بەسەر مینەکاندا دەڕۆم، چۆن دەچمە بەردەمی تۆپ و موشەکهاوێژەکانی جەنگ ... باروت تەواو دەبێت و ئومێدەکانی من تەواو نابن... گەر مینەکان بە لەشمدا تەقین ئاساییە... با بمرم، من ڕاگوزەر و تێپەڕم ... مەستیم ئەبەدییە.

مـن هەندێـک وشـە لـە خۆمـدا دەبینـم، کـە لەمێـژە دەسـووتێن و نابـن بـە خۆڵەمێـش... بـا وشـەکان بسووتێن و تەواوبـن، ئـەوەی تەواونابێـت ڕەگـی وشـەکان و تـۆوی ڕەشـی ڕسـتەکانە لـە خوێنمـدا کـە ئەبەدییە. ئەوەتـەی هـەم هەندێک گـەڵا لـە باغـی خۆمـدا دەبینـم کـە پاییـز دەسـتی پێیـان نـاگات، هەندێـک گـوڵ دەبینـم نامرن... منیـش تـەواو نابـم؟. نـا.. مـن دەمرم و ئـەم هـاوارەی نـاو ڕۆحمـە نامرێـت و دەڕوات و ئەبەدییـە. هاوڕێـم... گـەر شـەقامەکان تـەواو بوون ئاسـاییە ... شـەقامەکان ئەبـەدی نییـن ... ڕۆیشـتنی مـن وەک گەڕیدەیـەک ئەبەدییـە. شـارەکانیش تەواوبـن سـەیرنییە... شـارەکان ئەبـەدی نیـن... وێڵـی مـن ئەبەدییـە.

ئاشتبوونەوە

دەمەوێت دوای شەڕێکی درێژ لەگەڵ زەویدا ئاشتببمەوە، دەمەوێت کێڵگە ماچبکەم، فرمێسکەکانم بە بای شەو بسڕم و بڵێم من چیتر غەریب نیم. دەمەوێت بڵێم ئەی دیانەتە کۆنەکان، ئەی پەرستگا ڕوخاوەکان، ئەی خۆڵەمێشی نغرۆبوون، ئەی ڕۆژی خوێنینی کوشتنی فەیلەسوفان، ئەی بای بادە، ئەی خیرقەکان، ئەی جامی سەر سفرەی مەولانا و ئەی زامی حەلاجان، دەمەوێت لەگەڵ هەمووتاندا ئاشتببمەوە... دەمەوێت سەرابتان ماچبکەم، باوەش بە سێبەرتاندا بکەم... دەمەوێت هەستبکەم چیتر غەریب نیم... دەمەوێت لەگەڵ خۆڵ و هەوادا... لەگەڵ ئاگر و ئاودا ... لەگەڵ خالیق و مەخلوقدا یەکبگرمەوە.

دەمەوێت لەگەڵ کەشتی داگیرکەراندا بڕۆم و دوژمنەکانم بدۆزمەوە، دەمەوێت لە دوورەوە پێیانبڵێم دەمەوێت ئاشتببمەوە. دەمەوێت بڵێم ئەی بەندەرە ڕوخاوەکان، ئەی ئەو شارە غەمگین و بێ شورایانەی لە سروەی بەیانیانیش دەترسن، من هاتووم دەستبخەمە دەستی
پاسەوانەکانتان، هاتووم لەگەڵتاندا سەیری مانگ بکەم، لەسەر سفرەکانتان بیر لە خواردنی نوێ و لە داوەتی نوێ بکەمەوە.

دەمەوێت وەک با خۆم بکەم بە زیندانەکاندا، دەستبکەمە ملی دیلەکان، لێبوردن دەربکەم، سزا هەڵبگرم، مەرگ بگرمەوە. دەمەوێت جەلادەکان داوەتی ماڵی خۆمان بکەم و پێکەوە لەسەر یەک سفرە دانیشین. حەزدەکەم لەگەڵ تەیموری لەنگدا بەیانییەک بڕۆم بۆ ڕاوشکار، حەزدەکەم لەگەڵ حەجاجدا بولبول و تاوس بگۆڕمەوە، حەزدەکەم کچێک لە تەتەرە کۆنەکان بخوازم... حەزدەکەم لە سەمەرقەند خۆشبم، لەگەڵ جەنابی هۆلاکۆدا وەک هاوڕێ دانیشم، تا درەنگ شەراب هەڵدەم، تا نیوە شەو مەی بخۆمەوە.

پچڕاندنی ملوانکەکان

شەو و ڕۆژ من ملوانکەیەک دەپچڕم و دووبارە دەیهۆنمەوە
شەو و ڕۆژ چرکەکان لە یەک دەپچڕم و دووبارە دەیانهۆنمەوە... دەیانهۆنمەوە، بەڵام بۆم نابنەوە بە ڕۆژ، بەسەعات، بە مانگ. ساڵەکان دەپچڕم و دووبارە بۆم ناهۆنرێنەوە. بۆم نابنەوە بە زەمان.

من گوڵەکان دەپچڕم و دووبارە بۆم ناکرێنەوە بە باغ
مورووی تیشکەکان دەپچڕم و بۆم نابنەوە بە ڕوناکی
وشە لە وشە دەپچڕم و بۆم نابنەوە بە کتێب
تاریکی لە تاریکی دادەبڕم و بۆم ناکرێنەوە بە شەو، باڵ وەها لە باڵ جیادەکەمەوە، بۆم نابێتەوە بە فڕین... ئەی برای غەمگینم، کە وەها بۆ موروەکان دەگریت... مردن ئەوەیە کە ئیدی ملوانکەکانمان بۆ ناهۆنرێتەوە.

گەڵامـان بـۆ نادرێتـەوە لـە گـەڵا ... حەرفـمان بـۆ نادرێتـەوە لـە حـەرف ... تیشـکمان بـۆ نادرێتـەوە لـە تیشـک. بـەڵام دەبێـت بـەردەوام ئـەم ملوانکەیـە بپچڕیـن و بیهۆنینـەوە، دەبێـت بـەردەوام ڕاسـتییەکان بپچڕیـن و بیانهۆنینـەوە، خەونـەکان بپچڕیـن و بیانهۆنینـەوە، خەنـدەکان بپچڕیـن و بیانهۆنینـەوە.

وەک چۆن ژیانی ئەم باڵندە گەمژانە فڕین و نیشتنەوەیە
عومری من و تۆش، پچڕانی ملوانکەکانی بوون و عەدەمی هۆنینەوەیە.

خودا چۆن منی دروستکرد

خـودا منـی لـە پاشـماوەی گەردەلـوول دروسـتکرد، لـە پاشـماوەی تۆفـان، منـی لـە خوێنـی مـردووەکان، لـە ئێسـکی شـکاوی ئـەو جەنگاوەرانـە دروسـتکرد کـە بـە غەمگینـی لـە بیمارسـتانە ساردەکانی زسـتاندا مـردن، منـی لـە خۆڵەمێشـی ئـەو کێڵگانـە دروسـتکرد کـە مەیخانـەی مەسـتەکانی لەسـەر بـوو. لـە خوێنـاوی میـرە عاشـقەکان، لـە جامـی بـادەی کـۆن، لـە عەتـری گوڵـی مـردوو، لـە شـێتی باغەوانـەکان.

مـن لـە بۆنـی کوشـندەی ئـەم کوچـە گڵیـن و یەکسـەر و غەمگینـە دروسـتبووم، لـە فرمێسـکی دەروێشـەکان و خوێسـاری باغـە ساردەکان، لـە بەفـری ڕەش کـە زسـتانی سـپی دەبارێـت، لـە گوڵـی ڕەش کـە لـە باغـی سـپیدا دەڕوێـت.

خودا منی لەو بەردە دروستکرد کە قەڵای شارە ڕوخاوەکانی لێدروست بووبوو.
منی دایە دەست ئەو وەستایانە کە پێشتر مەنجەنیقیان دروستدەکرد، منی
بەخشی بەو ئاسنگەرانە
کە پێشتر تەنیا چەکوشیان لە زنجیری پێی زەندیقەکان دابوو، من دوور لە خۆر،
وەک تینوویەکی ئەزەلی بۆ هەتاو لێرەدا خولقام. جەنگم لەگەڵ مەحشەردا
بەرپاکرد، لەگەڵ دەریادا شەڕمکرد... عەجەب بوو نەخنکام.

نا... منی لە غەریزەی ئەو دەریاوانە پیرانە دروستکرد، کە ئەوینی کەشتی
شێتیکردن. لە فرمێسکی ئەو ماسیگرانەی تۆڕی هەمیشە خاڵی سەری لێتێکدان.
منی لە هاواری ئەو ڕاوچییانە دروستکرد کە تیریان هەرگیز ناگاتە نێچیر.
من وەک ژەنراڵێک بووم کە بەشکستی دەوەستا تا دوژمن دەگەنە سەری.
بەڵام دارێک بووم، بەوشکیش هەر گەڵام دەگرت، هەر گوڵم هەبوو، هەر
میوەم دەوەری.

پۆستەچییەك ... هەمیشە پاییز دەهێنێت

ئـەی گـەڵای خیانەتـکارەکان، ئـەی درەختـە غەمگینەکانـی شـار، لـە مێـژە پۆسـتەکەی مـن پـڕە لـە پاییـزی ئێـوە. هـەر نامەیـەک دەکەمـەوە پـڕە لـە گـەڵای زەرد. هـەر حەرفێـک دەخوێنمـەوە پـڕە لـە بۆنـی گەڵاڕێـزان. ئـەی درەختـە بەدبەختـەکان، بـۆ ئێـوە هەمیشـە نامـەم بـۆ دەنوسـن، دەبێـت تێبگـەن مـن ناتوانـم ئێـوە لەگـەڵ خۆمـدا ببـەم. مـن بچوکـم و دەستەکانم بچوکـن و هەنگاوەکانـم بچوکـن. ئـەی گـەڵا زەردەکان، بـەس هاواربکـەن و بڵێـن، بمانبـە بـەرەو دەریـا، مـن شـەو دێمـە دەرێ و سـەیری پۆسـتەکەم دەکـەم و دەبینـم پـڕە لـە گریانـی ئێـوە، بەیانیـان بـەر لە شـەفەق، پۆسـتەکەم پـڕە لـە ئاونگـی غەمگینـی ئێـوە... هەمیشـە بەیانیـان بـەر لـە شـەفەق لـە پەنجـەرەوە دەڕوانـم و پۆسـتەچییەکی پیـر دەبینـم کـە پاییـزم بـۆ دەهێنێـت. مـن هاواردەکـەم و دەڵێـم: ئـەی پۆستـــەچی پیـر، هێـی ئـەی پۆسـتەچی پیـر و گومـڕا، مـن بچوکـم و دەسـتەکانم بچوکـن و دڵـم بچوکـە، ئیـدی ئـەم هەمـوو پاییـزە مەخـەرە

پۆستەکەمەوە، ئەم هەموو گوڵە مردووە، چۆن بسبەم بەرەو دەریا؟ من تەنیا بەلەمێکم هەیە بچوک، سەوڵێکم هەیە بچوک، دەریایەکم هەیە بچوک. بەڵام درەختەکان و گەڵاکان و ئەم پۆستەچییە غەمگینە گوێیان لە من نییە. من سبەی دەچم بۆ لای درەختەکان و گەڵاکان و ئەم پۆستەچییە غەمگینە و پێیاندەڵێم: من بچوکم و جانتاکەم بچوکە و مردنیشم وەکو خۆم بچوکە. گەر پاییزم زۆر پێبێت، ناهێڵن بپەڕمەوە. من تەنیا بە ئەندازەی دەستی خۆم و دڵی بچوکی خۆم دەتوانم پاییز لەگەڵ خۆمدا ببەم.

دەبێت بڕۆم و درەختەکان و گەڵاکان و وەرزەکان ببینن
نەبا تێنەگەن مردوەکان لە ڕێگا پەنجەیان دەوڕێ
نەبا نەزانن... کەسی وەک من، دەستی بچوکە، کفنی بچوکە، تابووتی بچوکە.
ناتوانێت پاییز... هەموو پاییز لەگەڵ خۆیدا بەرێ.

تەنیا من دووبارە نابمەوە

شەوێک هەموو باڵندە کوژراوەکانی دونیا دەگەڕێنەوە
شەوێک هەموو گوڵەکانی جیهان کە مردون دێن و دەچنەوە سەر لقەکان
شـەوێک هـەر کۆترێکـی کـۆن بـە سـەر ئـەم باغـەدا فڕیـوە، دێـت و بەسـەر باغـدا دەفڕێتـەوە.
هـەر عەترێکـی جیهـان لێـرەدا مـردووە، زیندوودەبێتـەوە، هـەر هەورێکـی جیهـان لێـرەدا باریـوە، دێـت و دەبارێتـەوە.
من لەو شەوەدا دێم و دەمەوێت تێیپەڕمەوە
دێـم و دەمەوێـت دووبارەببمـەوە ... لـە ئاوێنەکانـدا ... لەسـەر پـردەکان ... لـە خۆکوشـتنی مەسـتانەدا... دەمەوێـت برینەکانـم دووبارەبکەمـەوە، بچمـەوە سـەر هەمـان چەقـۆ، هەمـان خەنجـەری جـاران ... بـەڵام یەکێـک دەڵێـت: تـۆ دووبارەنابیتـەوە... هەمـوو شـەپۆلەکان و ئەستێرەکان، ئەمشـەو دووبارەدەبنـەوە تـۆ نەبیـت.

ماسییەکان دەچنەوە ناو تۆڕە کۆنەکان، تەنیا من ناتوانم بگەڕێمەوە بۆ لای خێڵی دێرین، هەواری کۆن، یادی شاران. من ئاوی دوێنێ، نانی دوێنێم بۆ نییە. بۆم نییە دەست بدەمەوە لە خوێنە تەڕەکەی یاران ... بۆم نییە بچمەوە بەر ئاوێنەی کۆن... ژێر شمشێری جەلاد ... بەر داری سێدارەکەی جاران. من سێوی دوێنێ و هەرمێی پێرێشم بۆ نییە ... تۆ دووبارەدەبیتەوە، گیاکان دووبارەدەبنەوە، پێغەمبەران و خوداش دووبارەدەبنەوە ... منم کە دووبارەنابمەوە ... منم چیتر بێدەروەست دەخەوم، خەبەرم لە سەرهەڵدانەوەی گوڵ و خەبەرم لە دووبارەبوونەوەی جەنگ نییە. منم کە وشەم وشە و خاشاکم خاشاک و هاوارم هاواری لە ڕەنگ نییە.

دەمەوێت بەبێدەنگی بژیم

مـن لـە قەراغـی دەریایەکـدا دەوەسـتم و هێمنـم، دەزانـم هێمنیـم لـەو شـەپۆلە دوورانـە دەمپارێزێـت کـە بۆنـی کەشـتی خنکاویـان لێدێـت، هێمنیـم وادەکات ئـەو باڵەمانـە نەمبینـن کـە لـەدوورەوە بـۆ دوژمـن دەگەڕێـن، هێمنیـم لـە بـای ساردی شـەو دەمپارێزێـت کـە بـۆ مەسـتەکان دەگەڕێـت، لەسـەر ملـی کەنـارەکان دادەنیشـم و هێمنیـم وادەکات ئەسـتێرەکان نەمبینـن، بەخـۆم دەڵێـم «کـەس پیاوێـک نابینێـت کـە لـە قەراغـی دەریـادا بـە هێمنـی دانیشـتبێت». گەردەلوولـەکان دێـن و سـەیری هەمـوو شـتێک دەکـەن، سـەدەفی شـکاو، مـرواری شـکاو، دڵـی نەورەسـی شـکاو. بـەڵام مـن نابینـن، مـن بەجۆرێـک هێمنـم، کەنـاری دەریـا نازانێـت مـن لەوێـم، بـا نازانێـت، هەتـا یـەک دڵـۆپ ئـاوی بچکۆلانـەش نازانێـت، مـن لەوێـم. مـن کەسێکم

کەنار و کەشتییەکان دەتوانن لەبیرمبکەن... هەموو کەسێک، هەموو شتێک، دەتوانێت لەبیرمبکات... من لەسەر ئەو لێوارە دەوەستم و دەزانم، دەریا نازانێت، یەکێک تەماشایدەکات، کەشتییەکان تەقە لە یەکتر دەکەن و نازانن من دەیانبینم، من بەجۆرێک هێمنم گوێم لەدەنگی خەیاڵی ماسیگرەکانە، گوێم لەدەنگی تۆڕەکانە کە ئەمشەو بەر ئاو دەکەون، گوێم لە هێلکەی ماسییەکانە کە دەتروکێن... گەر دەتەوێت وەک من گوێت لە دەنگی خنکاوەکان بێت لە ژێر ئاودا پێدەکەنن، گەر دەتەوێت ئاسمان نەتدۆزێتەوە، دەبێت وەکو من هێمن بیت. وەرە سەیرمکە... من بەچەشنێک هێمنم ڕوناکی نامبینێت... بە جۆرێک هێمنم ئەستێرە نامدۆزێتەوە...

دەریاچەی ون

چەند ڕۆژە من و ئەم قافڵەیە بۆ دەریاچەیەک دەگەڕێین...
دەریاچەیەک جاران لێرەدابوو.
بەر لە ئێمەش ئەم باڵندە سەیرانە هاتوون و بۆ ئەو دەریاچە ونە دەگەڕێن ...
دەریاچەیەکـە... مـرۆڤ مانگـە نەبیـنراوەکان لـە بنیـدا دەبینێـت، میـوەی تێدایـە لـە هیـچ وەرزێکـدا نەبیـنراوە، ئەسـتێرەی ڕاکـردوو و نەیزەکـی بـە خوێنـاوی سـبەی سـوور، فریشـتەی خنـکاو بـە باڵـە تەڕەکانیانـەوە.

ئێمە لێرەدا هەوردوو دەخەین ... بە خۆمان و قیبلەنما و پێوەرە کۆنەکانمانەوە، بۆ دەریاچەیەک دەگەڕێین کە دەڵێن ڕۆژێک لێرەدا بووە. ئێسک و پروسکی ئەو قافڵانە دەبینین کە لێرەوە ڕۆیشتن و وەک ئێمە بۆ دەریاچە دەگەڕان. ئیمامی غەمگینی پەلامارەکەمان دەڵێت: تاریکییەک لەگەڵ شیری دایکماندا خواردوومانە، ناهێڵێت ببینین، پێکێک بە منداڵی هەڵمانداوە ناهێڵێت بیدۆزینەوە. من و ئەم قافڵەیە بەردەوام بەدەوری ئەم تاریکییەدا دەسوڕێینەوە، ئیمامە غەمگینەکەمان دەچێتە سەر بەردێک و وەک هاوار لە خودا بکات دەڵێت : ئەی دەریاچەی ون تۆ لە کوێیت؟. هەمیشە لە جێگایەکی ونەوە، دەریاچە وەڵامماندەداتەوە : من لێرەم... من لێرەم... هەمیشە و هەمیشەش لێرەدەبم. ئێمە دوای دەنگی ئەو دەکەوین و نازانین لە کێوە دێت. ئیمامە غەمگینەکەمان دەڵێت : ئەوە دەنگی سەرابێکە لەگەڵ شیری دایکماندا خواردوومانە بانگماندەکات. بەڵام ئێمە کوێرنین، ئێمە لێرەدا دەوەستین و بۆنی دەریاچەیەک دەکەین کە لە ژێر پێی ئەسپەکانماندا خەوتووە ... دەریاچەیەک هێدی هێدی، چۆن مرۆڤ هەنسکی خۆی دەخواتەوە، زەوی خستوێتییەوە نێو دڵی خۆی... دەریاچەیەک، تەنیا دەلیلی بوونی ئێمەین کە بەدوایدا دەگەڕێین... تەنیا دەلیلی مردنی ئێمەین کە مردوین و بێئەوەی بزانین لە ناویدا دەگەڕێین.

چیرۆکی ئەمیرێکی دیل

کوشکێکی دووری سپییە، لە ئێوارە تاریکەکاندا، قەلەندەرەکان دەیبینن.
بەر پەنجەرەکانی پڕن لە فریشتەی خەوتوو، سەربورجەکانی پڕن لە باڵندەی شینی گەورە کە تەنیا بەیانیانی غەم دەفڕن. لەسەر کورسییەکانی پیاوانێک لە تەم کە هەرگیز ناجوڵێن و ناڕەوێنەوە دانیشتوون. خانمانێک لە جلی ئاوریشمدا، ئەوەتەی هەن لە بەر ئاوێنەکانیدا وەستاون. خزمەتکارانی ڕەشپۆش بە خۆیان و سینی پڕ گێلاسەوە لە مێژە لە ڕارەوەکاندا بێهودە دێن و دەڕۆن. کۆشکێکە شەونمی گەمارۆیەکی نادیار لەسەر پەنجەرەکانی نیشتووە، بۆنی کوشتارێکی کۆن لە پایە و ستوونەکانی دێت. هەموو ڕۆژێک، ئەمێرێکی لاواز، لە پۆستاڵە سپییە کۆنەکانیدا، لە باڵکۆنەکانیدا دەوەستێت، بە ئاوێنە لەگەڵ قەڵایەکی دووردا قسەدەکات، لەگەڵ ژنێکی غەمگیندا کە لەدوورەوە بە شفرەی «با» نامەی بۆ دەنوسێت. ئەمیرێکی لاواز کە هەموو بەیانییەک

بەر لە بەرچایی، ئاورنگی سەر گوڵەکان دەخوێنێتەوە، حەرف حەرف شنەی با وەردەگێڕێت، شەوان بۆنەوەی کوێرنەبێت، سەرقاڵی تەرجومەکردنی تیشکە. بە خۆی و پۆستاڵە سپییەکەیەوە، لە ناو ئەم کتێبخانە خوێناوییەدا وندەبێت، لە ڕیواقی ئەو کتێبانەدا کە پڕە لە بۆنی خوێنەری کوژراو، ئەو کتێبانە هەڵدەداتەوە کە پڕن لە وەسفی گوڵی کوێر ... لە پەڕی مەلی سەربڕاو. ئەمیرێکە ئێواران بە خۆی و کتێبێکەوە لە بالکۆنەکاندا دەوەستێت، مەودای نێوان خۆی و تیشکەکان دەپێوێت، مەودای نێوان، خۆی و ژنێکی دوور پێوانەدەکات، مەودای نێوان خۆی و ئەو کەشتیانەی لە خەوندا دەیانبینێت. هەموو شەوێک نائومێد لەو کتێبخانە تاریکە دێتەدەرێ، کە هەزاران بەرگی تێدایە، دەربارەی نەگەیشتن بە سوبح و نەگەیشتن بە دەریا. هەزاران کتێب لەسەر کۆشکی ون و دەرگای بێ کلیل و جۆری کوێرە ڕێگا. کتێبی گەورە گەورە... لەسەر ئەو کوشکانەی کە هەرگیز ناکرێنەوە، ئەو کۆشکانەی وندەبن و کەس نایاندۆزێتەوە، ئەو کوشکانەی

هەزاران ساڵ دەسووتێن و ناکوژێنەوە، هەموو شەوێک نائومێد، بە پۆستاڵێکی سپییەوە بە سەر ژنە تەنیاکانی کۆشکدا دەگەڕێت، سەیری جوانی ئەبەدییان دەکات کە تەنیا ئاوێنەکان دەیبینن، لە گێلاسی ڕەشی خزمەتکارەکان دەخوات کە بەجلی سوورەوە لە پێڕەوەکاندا دێن و دەچن، سەیری هەناری وەریوی ئەو داوەتانەدەکات، کە هەرگیز داوەتکراوەکانی ناگەنە ئێرە. دیسانەوە دووری نێوان خۆی و ئەو بورجانە دەپێوێت کە خۆریان لێئاوانابێت. بە ئاوێنە دڵداری لەگەڵ ژنێکدا دەکات لە کۆشکێکی دیکە و لە زەمانێکی دیکەدا ... کەسیان ناتوانێت لەقەفەزی خۆی دەرچێت... کەسیان ناتوانێت بزانێت لە کوێی زەمان و لە کوێی گەردونـدا وەستاوە... هەموو ڕۆژێک بە پۆستاڵێکی سپییەوە لە باڵکۆنەکانەوە سەیری ڕێگایەک دەکات کە نازانێت دەچێت بۆ کوێ... سەیری ئاوێک دەکات کە نازانێت لە کوێوە دێت... چاوەڕوانی هەورێکە کە ناڕوات، چاوەڕوانی بایەکە هەڵناکات ... چاوەڕوانی وەڵامێکە کە نایەت... چاوەڕوانی کلیلێکە کە ناگات.

ئەی پشکۆی من

هەمیشە دەسووتێیت و دەسووتێیت... ئەی پشکۆی من.
لـە مێـژە ئاگـردان کوژاوەتـەوە، لـە مێـژە ڕاوکـەرەکان لـە ڕەشـماڵەکانیاندا خەوتـوون.
لـە مێـژە بـاران دەبارێـت... بـەڵام تـۆ هەمیشـە دەسـووتێیت. باڵنـدەکان دێـن و دەفڕن
و لـە تاریکیـدا پیردەبـن. شـەونم کـە دوێنـێ لـە دایـک بـووە، ئەمڕۆ دەمرێـت. گیـا
کـە چەنـد هەفتەیەکـە هاتـووە ئەمشـەو دەڕوات و ناگەڕێتـەوە...
هەموو مەخلوقێک کاتژمێری خۆی پێیە... تۆ نەبێت... تۆ نەبێت... ئەی پشکۆی من.

ئەو ڕێبوارەی هەمیشە دەڕوات و ناخەوێت... هات و لێرەوە تێپەڕی.
ئەو هەورەی هەموو ڕۆژێک دێت و سەیرماندەکات و نابارێت... هات و ڕاگوزەر

لـە بـازاڕی ئاسـنگەران کورەکانیـان خامۆشـکرد. لـە مەزاتخانـەکان مەزاتـی ژیـان
وەسـتا، نانـەواکان تەنووریـان کوژانـدەوە و هەمـوو نانێـک فـرۆشرا، زەوی پڕبـوو لـە
خۆڵەمێشـی ئـەو ئاگرانـەی بـای زەمـان بەسـەریاندا هەڵیکـرد... هەمـوو مەخلوقێـک
تەمەنـی خـۆی دەزانێـت... تـۆ نەبێـت... تـۆ نەبێـت... ئـەی پشـکۆی مـن.

ئەوانەی حیسابی باج بۆ پادشاکان دەکەن، فوویان لە مۆمەکان کرد. شاعیرەکان چراکانیان خامۆشکرد و لە باغدا لێیخەوتن. دەریا کەشتی و کەشتیەوانەکانی خەواند... دونیا هەمووی تاریکە... تاریک ... ئەو ئاگرەی قەتارچییەکان خۆشیانکرد، کوژایەوە. ئەو شارانەی خۆیان سووتان، خۆڵەمێشەکەشیان بابردی.
هەموو شتێک دەڕوات... هەموو شتێک دەکوژێتەوە...
تەنیا تۆیت هەمیشە دەسووتێیت... تۆیت... ئەی پشکۆی من.

هەموو کتێبی دونیا دەخەینە سەریەک و گڕی تێبەردەدەین. ئەرشیفی هەموو دەریا دەخەینە ئاگرەوە. هەموو سێوێک، هەموو هەرمێیەک، هەموو دەنکە ترێیەک دادەگیرسێنین... هەمووی دەسووتێت و دەبێتە خاشاک و خامۆشدەبێت.
تەنیا تۆیت نابێتە خۆڵەمێش و ناکوژێیتەوە... تۆیت... تۆیت... ئەی پشکۆی من.

ڕەشترین شیعری دونیا

پەنجەرەیەکم هەیە لەسەر دیوارێکی نهێنییە. دیوارێک لە پشتییەوە حەوشێکی ڕەش هەیە، لەوێدا هەندێ بولبول لە قەفەزی ڕەشدا گۆرانی دەڵێن. من زۆربەی ژیانم لەبەر ئەو پەنجەرە نهێنییەدا دەبەمەسەر، پەنجەرەیەکە دەتوانم لەگەڵ خۆمدا بیگێڕم، هەر کاتێک هەموو شتەکان تاریک دەبن، من ئەو پەنجەرەیە دەکەمەوە و گوێ لە بولبولی ڕەش دەگرم، کە گۆرانی ڕەشم بۆ دەڵێن.

پەنجەرەیەکم هەیە لەسەر دیوارێکی ڕەشە، لە پشتییەوە ئاسمانێکی ڕەش هەیە، لەوێدا هەندێ فریشتەی ڕەش هەیە، کە فەرشی ڕەش دەچنن، کفنی ڕەش دروستدەکەن... من زۆربەی ژیانم تەماشای ئەو فریشتانەدەکەم، کە خەندەی ڕەشم تێدەگرن، سڵاوی ڕەشم لێدەکەن.

من ئەو پەنجەرە نهێنییە لەگەڵ خۆمدا دەگێڕم. کە هەمووتان دەخەون، ئەو پەنجەرەیە دەکەمەوە، بۆنی ئەستێرەی ڕەش دەکەم، مانگی رەش کە تەنیا من دەیبینم، لە تێشووی ڕەش دەخۆم کە لە ڕێبواری نائومێد جێدەمێنێت، کتێبی ڕەش دەخوێنمەوە کە دەستی ڕەش دەینوسێت، مزگەوتی ڕەش کە بانگی ڕەشی تیادەدرێت، میوەی ڕەش کە دوای ڕۆژووی ڕەش دەخورێت.

من پەنجەرەیەکم هەیە، لەسەر دیوارێکی نهێنییە. لەودیوییەوە شارێکی ڕەش هەیە، لەو شارەدا شەقامێک هەیە، لەو شەقامەدا ئێواران هەزاران کچی غەمگین نامەی ڕەش دەنوسن. من هەموو شەوێک دەچم ئەو نامانە دەخوێنمەوە. کە دێمەوە پڕم لە ئیشراقاتی ڕەش، لە بەهارانی ڕەش، لە لالەزارانی ڕەش.

پەنجەرەیەکم هەیە، لەسەر دیوارێکی نهێنییە کە تەنیا من دەیبینم. دیوارێکە لە ژوورێکی ڕەشدایە، تەنیا لە ڕۆژی ڕەشدا دەبینرێت، تەنیا لە سەعاتی ڕەشدا دەکرێتەوە، تەنیا یەکێکیش تێیدەچێت کە وەکو من هەموو نیگای لە یەکەم ڕۆژەوە تا قیامەت، پڕبێت لە نیگاری ڕەش.

پیاوێك کە گوڵی خۆش ناوێت

ئـەو گوڵـی خـۆش ناوێـت، گـوڵ ئـەو ژیانـەی بیردەخاتـەوە کـە زوو دێـت و زوو دەڕوات.
گـوڵ دەریـای بیردەخاتـەوە کـە زۆر دوورە... بەهەشـتی بیردەخاتـەوە کـە نایگاتـێ...
نـا ... نـا... ئـەو گوڵـی خـۆش ناوێـت. گـوڵ ئەسـتێرەی بیردەخاتـەوە کـە زۆر بـەرزە، ئـەو شـارانەی بیردەخاتـەوە کـە نایانبینێـت، پاییـزی بیردەخاتـەوە کـە لـە ترسـی گـوڵ دەلەرزێـت. نـا... نـا... ئـەو گوڵـی خـۆش ناوێـت. گـوڵ خۆڵەمێشـی ئـەو شـارانەی بیردەخاتـەوە کـە جارێکـی دی گەڵایـان تیـا سـەوزنابێت. ئـەو باغەوانـەی بیردەخاتەوە کـە بـاغ لـە یادیکـردوە ... ئـەو هەتـا باغیشـی خـۆش ناوێـت ... بـاغ دواهەمیـن سـنووری جوانـی بیردەخاتـەوە ... بـاغ شـتێکە لـە نزیـک عەدەمـەوە دەڕوێـت ... لـە هـەر شـوێنێک بـاغ هەبێـت، مـردن تەماشـایدەکات، عـەدەم بەرامبـەری دەوەسـتێت و پێدەکەنێـت.

حەمامی شاژنان

هەموو ڕۆژێک هەمان هەڵم کە لە هەمان حەوزی زێڕین هەڵدەستێت.
هەمان شاژنی ڕووت بەخۆی و کەنیزەکە ڕووتەکانییەوە لەبەر هەمان دوشی زێڕیندا دەوەستێت. هەمان کەفی سپی بەسەر هەمان تەنهاییدا دێتەخوارێ، هەمان مێردمنداڵی خەسیو بە هەمان شاڵی ئاوریشمەوە، سەیری هەمان جەستەی دووبارەدەکاتەوە. هەموو شتێک لێرەدا دەوەستێت، با لێرەدا ناڕوات، بولبولەکان ناگەنە ئێرە، گوڵ ناگاتە ئەم باغە، تەنیا سوارچاکانی خەون دەگەنە ئێرە کە بەسەر ئەسپە غەمگینەکانیانەوە لە تەمدا دەردەکەون. ئەو پیاوانەی خەیاڵی ئەم ژنە بێکەسانە لێرەدا دروستیاندەکات، ئەو شاعیرانەی شاژن لە خەونیدا خۆی دەخاتە بەردەستیان، ئەو نەقاشانەی لەسەر پشتی ئەو گوڵی ئەفسانەیی دەچنن، لەسەر مەمکی بازنەی ئەفسانەیی دەکێشن، لەسەر لەشی لاکێشەی زێڕین و سێگۆشەی سیحراوی دروستدەکەن.

هەر پیاوێک بێتە ناو ئەم غوبارەوە کوێردەبێت، هەفتانە وەستایەکی کوێر لێرەدا فوارە دروستدەکات، ئەو بۆی هەیە بە ناو ئەم هەڵمەدا بڕوات، ئەو بۆی هەیە غوباری ئەو لەشانە هەڵمژێت، شێی ڕووتی کە لە شێی هیچ باغێک و هیچ دەریاچەیەک ناچێت. هەفتانە لێرەدا بەخۆی و کرێکارە نابیناکانییەوە بەرد بە بەرد لە دوورەوە دەیهێنن، گوێیان لە هیچ دەنگێک نییە، بەڵام دڵنیان لە نزیکییانەوە غوبار پڕێتی لە ڕووتی ڕەها و بێکەران... بەخەیاڵی ئەو هەموو لەشانە خشت دوای خشت، بازنە دوای بازنە لەسەر ئەم ئەردە دایدەنێن... لەوێ لەو هاڵاوە گەرمەدا، بۆنێک هەڵدەمژن لە هیچ باغێکدا نییە و لە هیچ ژنێکی ڕاستەقینە هەڵناستێت، بۆنی ئەو شاژنانەیە لە تەمدا بە ڕووتی ئاو بە گوناهەکانیاندا دەکەن، ئەو کەنیزەکانەی ئارەزووەکانیان دەشۆن و لەسەر تەنافێکی نهێنی هەڵیدەخەن... چەندین ساڵە فوارە لەدوای فوارە لێرەدا دروستیدەکەن ... بەڵام ... ئەو شاژن و کەنیزەکانە تەنیا لە خەیاڵی ئەواندا هەن... بەڵام ... ئەم کرێکارە ڕووتانە تەنیا لە خەیاڵی شاژن و کچەکاندا هەن... ئێمە دێین و بە کوێری دەبینین... ئەوەی هەیە و نییە ئەم فوارانەیە... ئەم هاڵاوە زۆرەیە کە شەلاڵە بە بۆی ئارەزووەکان ...

ئێمە دێین و دەزانین...

هەر پیاوێک بە ڕاستی لێرەدا چاوبکاتەوە
تادەمرێت لە حەسرەت ئەو دیدە شێت دەبێت
هەر ژنێک لێرەدا بگات بە ویساڵ
تادەمرێت لە خۆشی ئەو ساتە مەست دەبێت.

لە ژوورێکی بێدەنگدا

ئەم ژوورە هێندە بێدەنگە، گوێم لە دەنگی باڵندەکانی ناو سەرمە دەفڕن
گوێم لە پاشماوەی شەوە کە لە باغ ڕایکردوە و لێرەدا نوستووە
گوێم لە کتێبەکانە لە خەو هەڵدەستن و یەکتری بانگدەکەن
گوێم لە پەیکەرەکانە تەپوتۆزی دێرینی یەک دەخوێننەوە
«پەیکەرەکان تەنیا دەتوانن تۆز بخوێننەوە»

من گوێم لە دەنگی کتێبەکانە یەکتری دەخوێننەوە
گوێم لە لێدانی دڵی بولبولە شوشەکانە... گوێم لە چرپەی گوڵدانەکانە.
گوێم لە گوڵی نایلۆنە چۆن بیر لە باغ دەکاتەوە
گوێم لە دەنگی مۆمەکانە فوو لە تیشکی یەک دەکەن
گوێم لە قەوانەکانە، ستایشی ئاوازی یەک دەکەن

لە وێنەکانی جارانە ستایشی ڕوناکی دوێنی دەکەن
گوێم لە مراوییە کوژراوەکانە، ستایشی تاپری کۆن دەکەن
هەمووومان لێرەدا جگە لە تیشکی کۆن، جگە لە تۆزی کۆن هیچی دیکەمان نییە
من گوێم لێیە سەعاتەکان باسی سەعاتچی مردوو و جوانی زەمانی کۆن دەکەن.
گوێم لێیە پەیکەرەکان باسی پەیکەرتاشی کۆن و حیکمەتی چەکوشی کۆن دەکەن.

ئەوە شوێنی تۆیە دەگری

دەستت بەر هەر شتێک کەوتبێت... ئێستا دەگری
گەر دەستت بەر ئەم سەعاتە کەوتووە ...
ئێستا دەیەوێت بەبێ تۆ ... زەمان حیساب نەکات.
گەر دەستت بەر ئەم چەترە کەوتووە... ئێستا دەیەوێت بەبێ تۆ... کەس بۆ ژێر بارانی نەبات.
گەر دەستت بەر ئەم پەرداخە کەوتووە... ئێستا دەیەوێت بەبێ تۆ... کەس شەرابی تێنەکات.
گەر دەستت بەر ئەم شەرابە کەوتووە... ئێستا دەیەوێت بەبێ تۆ... کەس نەیخواتەوە
گەر ئەم قومارەت کردوە... ئێستا دەیەوێت بەبێ تۆ... کەس نەیکات ... کەس نەیباتەوە
گەر دەستت بەر ئەم کتێبە کەوتووە ... ئێستا دەیەوێت بەبێ تۆ... کەس نەیخوێنێتەوە.
نا هاوڕێم ... نا... کەس نییە تۆی دیبێت و تۆی لە بیرچووبێتەوە.

ئێمە دەچینە بەر قاپی باغەکان و بەبێ تۆ کەس کلیلی گوڵمان ناداتێ
دەمانەوێت مەست بین، دەچینە بەر دەرگای ساقی... بەبێ تۆ شەرابمان ناداتێ
لەسەر کەشتییەکان... بەبێ تۆ ... نەیانهێشت سەیری دەریابکەین
لەم شاری شوشەیەدا ... بەبێ تۆ... نەیانهێشت سەیری گوڵە شوشەکان بکەین
ئەوە سێبەری تۆیە هاوڕێم... هات و لێرەوە تێپەڕی
ئەوە شوێن دەستەکانی تۆیە هاوڕێم ... لێرە دەگری

پەردە

تەنیا ئەکتەرەکان لەودیو پەردەوە نین... خۆریش لەودیو پەردەوەیە، دەریاش لەودیو پەردەوەیە. هیچ شتێک بەڕاستی ناگاتە من، تیشک لەو دیو پەردەوەیە و باغ و باڵندەکان هەر لەودیو پەردەوەن. ئەو مامۆستایەی وەستاوە یاساکانی دونیام فێربکات، ئەو دەرهێنەرەی دەیەوێت پێمبڵێت، بۆ من چ نمایشێک باشە ... هەموو دوورن ... هەموو لەودیو پەردەوەن. ئەو درەختانەی وانەم لەسەر ئەفسوونی پاییز پێدەڵێن. ئەو عەتارانەی فێرمدەکەن، چۆن مەرهەمی ڕۆژ لە زامی شەوم بەم... ئەو فریشتەیەی دەیەوێت سنووری نیوان زیندەگی و مەرگم نیشانبدات، ئەو دەستەی دەیەوێت لەم خەرەندە سەرمبخات، ئەو ئاسنگەرەی دەیەوێت ئەم زیندانە بشکێنێت و بەرمدات. هەموو دوورن... هەموو لەودیو پەردەوەن. هەتا وشەکانیش دوورن و نایانگەمێ.

تەنیا، تەنهایی لەمدیوی پەردەیە، تەنیا تەنهایی... ئیدی هەموو جیهان... دایکم و دەریا ... کچەکەم و ئەستێرەکان ... ژنەکەم و ئینجانە غەمگینەکانی ... هاوڕێکانم و خیانەت ... هەموو دوورن ... هەموو دوورن ... هەموو لەودیو پەردەوەن.

خیانەت

شەو بەجێیهێشتین.
جلە خوێناوییەکانی خۆی لێرەدا دانا و ڕۆیشت. شمشێری جەنگەکانی دوێنێ و خەنجەری بە خوێنی دوژمنان سوور. کفنی بۆ دانایەن کە گوڵاوی دۆزەخی پێوەبوو، زنجیر کە لە مێژە لە یادی ئێمەدا زرینگەی دێت ... هەموو شتێکی جێهێشت و لە تاریکیدا ونبوو. خیانەتی لە هەموو شتێک کرد... لە ساڕێژکردنی برین بە سووتووی گوڵ، لە گرتنەوەی خوێن بە دەرمانی شاعیران، لە بەستنی ئێسک بە مەرهەمی خەیاڵ.

تۆی بەجێهێشت کە تا ئێستا پێویستت بە شیری نومێدە. پێویستیت بەدەستێکە لەگەڵ بای شەودا بەرتبات، پێویستیت بە زنجیرێکە کە دەستی تۆ بەدەستی دەریاوە ببەستێت. تۆی بەجێهێشت کە دەتەوێت پەتێک لەگەڵ ئەستێرەدا گرێتبدات. ئەو تەنیا کەسێک بوو کە دوژمنی دەناسی، ئیتر چۆن دەتوانین بەبێ ئەو پەیمان لەگەڵ ڕەقیبدا بنوسین، چۆن بەبێ ئەو لەگەڵ تەتەرە برسییەکاندا ڕووبکەینە ئێوارانی بەهار.

ئـەو کوچەکانیشـی بەجێهێشـت کـە پێویسـتیان بـە یەکێـک بـوو، زنجیـر لـە قاچـی کۆیلەکانـدا بشـکێنێت. پێویسـتیان بـە ئاسـنگەرێک بـوو، قفڵـی زێڕینیـان بـۆ بـکات. بولبولەکانـی کوچـە پێویسـتیان بـە نیـگای ئەوبـوو تـا غـەم نەیانکوژێـت، منداڵـەکان پێویسـتیان بـە کۆلارەکانـی ئـەو بـوو، ژیانیـان بۆسـەربخات. وەک ئەفسـەرێکی پیـر بـە نـاو خەزانـدا دەڕۆیشـت و لەگـەڵ بـادا شـەڕیدەکرد.

ئەو تەنیا جەنگاوەری ئێمە بوو، دەیتوانی لەگەڵ بادا شەڕبکات.

کاتێـک گوردانەکانمـان پێویسـتیان بـەو بـوو، تـا بـەرەو پێـش پەلاماربـدەن. کاتێـک گوللـە تۆپەکانمـان بەبـێ ئـەو نەدەگەیشـتنە کەنـاری دوژمنـان، کاتێـک تفەنگەکانمـان بەبـێ ئـەو ئومێدیـان بـە ئێمـە نەبـوو، ئـەو شـەوێک لـە سـەنگەرە پـڕ خوێنەکـەی خـۆی هەسـتا و ڕۆیشـت و بەجێیهێشـتین.

کە ڕۆیشت هەر کۆترێک لە کوچەدا بە ئاگابوو لەگەڵیدا ڕۆیشت. سەرشانی هەمووی شەوقمی باغی ئێمە بوو، هەموو کتێبە گەورەکان و پەیکەرە قەشەنگەکانمان دوای کەوتن. کاتێک تێگەیشتین کە ئەو خیانەتیکردوە، کتێبخانەکانمان خاڵی و باغچەمان خاڵی و سەنگەرەکانمان خاڵی بوون. کاتێک تێگەیشتین، دوژمن لە بەردەرگا و مردن بەرامبەرمان بوو. نەیاران و جەنگاوەرە شێتەکانیان لەو دیو شوراکانەوە سەیریاندەکردین. هەموو دەمانزانی تۆپخانەکانمان خاڵییە، قەڵغانەکانمان بەبێ ئەو هیچ شمشێرێک ناگێرێتەوە... سەرەتا وامان دەزانی مردووە ... تا لە خۆڵەمێشی خۆماندا نوقم نەبووین ... تا لە سوتووی خۆماندا نەخنکاین ... باوەڕمان نەکرد کە ئەو بەجێیهێشتووین... باوەڕمان نەکرد کە ئەو خیانەتی کردوە.

لە سەدە تاریکەکاندا، شەو درێژتر بوو

لەسەدە تاریکەکاندا کە شەو درێژتر بوو، دەنگی بولبولەکان تا دەرگای ئەستانە دەڕۆیشت. گوڵی سەر مافوورەکان بۆنیان لە گوڵی باغەکان خۆشتربوو، ئەو ئاگرانەی لە شاران بەردەبوون خاشاکی زۆرتریان جێدەهێشت، با توندتر زەنگەکانی ڕادەوەشاند... شەهوەت لە گەرداو شێتتر و لە ئاگر بەهێزتربوو، ژنان لەبری خەراج ماچیان بەسوڵتانەکان دەدا، مەمک دڕتر و غەریزە شێتتربوو. ئاوێنەفرۆشەکان وەک سیحرباز بە کیسەی پڕ زێرەوە لە شارەکاندا دەردەکەوتن، ئەمیرەکان بۆ سەیری خۆیان زەوی و زاریان دەفرۆشت، کچان کچێتیان دادەنا، زەمانێک بوو ژنان لە پشتەوە دۆستیان دەبردە سەر جێگا، یاریکردن بە غەریزەکان نوێ و خیانەت خۆشتربوو، زەمانێکی تربوو... لەسەدە تاریکەکاندا شەو درێژتر بوو.

ا

لەسەدە تاریکەکاندا، دەریا وەها نزیک نەبوو، کەنار دوورتربوو. گوڵفرۆشان بە کاروانی گەورە خۆیاندەکرد بە شارە خەوتووەکاندا. باغ گەورەتر و مردن بە چێژتربوو. دەنگی بازرگانەکان زوڵاڵ بوو، دەیانزانی چۆن وەسفی ئاوریشمی چین و گوڵاوی کشمیر و مافووری کاشان دەکەن، گەڕاڵەکان دەیانزانی چۆن بەدەریادا دەڕۆن، دەگەنە ئەوسەری زەمین، بۆنی شاران دەکەن. لەسەدە تاریکەکاندا نیشتیمان گەورە و زەوی گەورە و ئاسمان دوور بوو. ئەو ژنانەی خرخاڵیان لە پێدابوو، لە شوێنی حەریمدا بە شیفۆنی سپییەوە سەمایاندەکرد، عەشق هەمیشە گەنج و شەڕ هەمیشە گەنج و تەنیا عەدەم پیربوو. سەری دوژمنەکان لەسەر سینی هەتا ئەستانە دەڕۆی. شورا وەها بەهێزبوو بەرگەی پەلاماری سوپا دڕندەکانی دەگرت، سوارچاکان بەدوای گوڵی ئەفسانەییدا تا ئاوی ئاموون دەڕۆیشتن، لەسەدە تاریکەکاندا بەحر کەشتییەکانی خۆی و زەوی ڕێبوارەکانی خۆی لەبیربوو. داهۆڵ لە کێڵگەکاندا زیاتر شەڕیان لەگەڵ باڵندەدا دەکرد، شەڕکەران زیاتر حەزیان لە خوێن و برین بوو. لەسەدە تاریکەکاندا ... وەهابوو ... ئاسمان بەرزتر و زەوی نەویتر بوو... خوا بەرەحمتر و شەیتان بەهێزتربوو.... لە نێوان مۆم و پەروانەدا سووتان پەیمان بوو، لە نێوان مەستی و ئیماندا مەستی لە پێشتر بوو. لەسەدە تاریکەکاندا وەهابوو... ماچ درێژتر بوو.

١

ئەو پیاوەی کتێبەکانی دەکوژاندەوە

کە ئاگر لە کتێبخانەکان بەربوو، کۆترەکانمان هەموو فرین... هەموو لە مێژە دەزانین، هیچ شتێک وەک خۆڵەمێشی وشە کۆتر ناخنکێنێت. هەموو شار لێرەدا بەبێدەنگ سەیری وشەکانمان دەکرد بە ئاگرەوە ڕادەکەن. هیچ کەسێک ئاوی نەکرد بەم ڕستانەدا کە وەک پشکۆ دەسووتان، کەس بڵێسەی حەرفێکی نەکوژاندەوە، هەموو سەیری یەکمان دەکرد، هەموو لە ترسی ئەو کتێبە ئاگرینانەی بڵێسەیان دەگاتە مەلەکوت، لەم شارە ڕامانکرد... دەمانزانی ئەم ئاگرە هەرگیز خامۆش نابێت... دەمانزانی ئەم حەرفانە کە یەکجار گریان گرت ئیتر تا قیامەت ناکوژێنەوە

مـن گووتـم : ئـەی ئەوانـەی ئاگـر دەکوژێننـەوە، بێهـودە خۆتـان دەکـەن بـەم کتێبخانەیـەدا، گـڕی کتێـب تەنیـا بـە ئـاوی دەریایـەک دەکوژێتـەوە، شـاعیران دروسـتیانکردبێت.

کـە ئاگر لـە کتێبخانـەکان بەربـوو، درەختەکانمان هەمـوو گریـان... هەمـوو دەمانزانی، هیـچ شـتێک وەک خۆڵەمێشـی وشـە بـاغ ناسـووتێنێت. ئـەو ئاگـرەی لـە وشـەکان بەردەبێـت، درەنگـتر لـەو ئاگـرە دەکوژێتـەوە کـە لـە شـارەکان بەردەبێـت. تـا ئـەم کتێبخانەیـە نەسـووتا نەمانزانـی چ ئاگرێکـی نهێنـی لـە نـاو لاپەڕەکانـدا خەوتـووە، لـە نـاو هەمـوو کتێبێکـدا دەیـان جەنگـەڵ هەیـە کـە هەرگیـز ناکوژێنـەوە، دەیـان شـار، دەیـان دەریـا، هـەزاران باڵنـدە کـە گڕیـان گـرت تـا مەلەکـوت بـە ئاگـرەوە دەفـڕن.

مـن گووتـم: بـرادەر... ئاگـری ئـەم دونیایـە تەنیـا بـە خوێنێـک دەکوژێتـەوە، لـە برینـی شـاعیرانەوە هاتبێت.

هەموو بینیمان بە خۆی و دەستە خاڵییەکانییەوە، چووە ناو ئاگر.
گووتی : من پڕم لە پەرەگرافی ڕەش، پڕم لە فەهرەستی سووتاو. گووتی: لە منداڵییەوە پڕم لەو ڕستانەی لەسەرمدا ئاگردەگرن، پڕم لە کتێب کە لەسەر ڕەفە بەرزەکانی ڕۆحمدا دەسووتێن و نایەنەخوار. بە خۆی و خەندەیەکی غەمگینەوە چووە ناو کتێبەکان، بە ئاوێک لە ڕووباری تەنهایی خۆیەوە هاتبوو، بەدەستێک کە کڵپەی وشەکانی خامۆشدەکرد ... سووتوەکانی کردەوە بە وشە... بڵێسەکانی کردەوە بە ڕستە ... خۆڵەمێشەکانی هەڵگرت و لەدەستیدا بوونەوە بە نوسراو. هێدی هێدی بە ناو ئاگردا تێپەڕی... هێدی هێدی لە چاوانم ونبوو... ئیدی نەسێبەریم بینی و نە ئاسەوار. بەڵام دەزانم هەر کتێبخانەیەک دەسووتێت، ئەو لەوێ بە ئاوێک لەدەریای ئومێدەکانی خۆی هێناوێتی، وشە لەدوای وشە و پەرە لەدوای پەرە دایاندەمرکێنێتەوە.
ئەو شاعیرێکی گەورەیە ...
ئەو کتێب نانوسێت، ئەو کتێب دەکوژێنێتەوە ...
برادەر، هەموو قەرزاری ئەوین... هەموو قەرزاری ئەو
ئەوەی هاواری دڵ دەنوسێ و ئەوەی گڕ دەخوێنێتەوە.

قەسیدەی ڕەنگەکان

گـردی شـین، درەختـی شـین ... چۆلەکـەی زێڕیـن کـە بەسـەر کێڵگـەی ئەرخەوانیـدا دەفڕێـت. دەسـتی ڕەش کـە لـە کێڵگـەی ئاڵتوونیـدا گەنمی سـپی دەدروێتەوە. بەداسـی زیـو لەسـەر پەیـژەی نیلۆفـەری میـوەی زیرەیـی دەچنیـن، کۆتـری سـەوز لەسـەر درەختـی خوێنیـن سـەیری دەریـای سـپی دەکا. شـەوی ڕەش لەسـەر شـانی ئێـوارەی پیرۆزەیـی دەخـەوێ. شـەوی ئـاڵ کـە بەسـیاجی وەنەوشـەیی گیـراوە، گوڵـی تێدایـە سـپی کـە لەسـەر چڵـی ڕەش وەسـتاوە. ئـاوی وەک شـیر کـە بەجۆگـەی قەترانیـدا دەڕوا، ڕێبـواری شـین کـە لـە کەشـتی تـەڵا دێتـە خـوارێ. چارۆکـەی خۆڵەمێشـی کـە بـای سـپی یـاری پێـدەکا. ماسـیگری گەنمڕەنـگ لـە گۆمـی خەزانـدا ماسـی بلوریـن دەگـرێ. فریشـتەی ڕەش لەسـەر دەفـری مـۆر نانـی ئاسمانی دەخـوا. خانمـی کاڵ کـە بەسـوار ئەسـپی بـۆر و بەتـارای زەردەوە دەڕوا. پـیاوانی خۆڵـەمێشـی کە بـە مەتـری زێڕیـن زەوی ڕەش دەپێـون. ئەمیـری زێڕیـن کـە لەسـەر دەغڵـی تاریـک،

گەمـی سـپی دەکێشـێ. مەزاتکارانـی سـیا لـە بـازاڕی دوو ڕەنگـدا ڕەنگـی خۆیـان دەگـۆڕن. کچانـی ڕوو زەرد لـە خەسـتەخانەی ئومێـدا ڕووی خۆیـان سـپیدەکەنەوە، ژنانـی پیـر لـە تەشـتی مسـدا ڕەنگـی نـوێ دەگرنـەوە...

هەموو لەم شارەدا ڕادەکەین بۆ خاکێک ڕەنگی تر لە باغی بچۆڕێ.

هەموو لەم ژوورەدا دەچینە بەر ئاوێنەیەک ڕەنگی ئێمە بگۆڕێ.

سنوورکێشان

دە ئەندازیـاری غەمگینـن، لـەم نـزارە سـووتاوانەدا، سـنوور بـۆ زەوییـەک دەکێشـن کـە پێشـتر گڕ کێشـاوێتی. سـنوور لـە نێـوان درەخـت و درەخـتدا دەکێشـن، لـە نێـوان بـەرد و بـەردا، لـە نێـوان ئاگـر و ئاگـردا. بـە مەتـری دووردرێـژ تەمەنـی خـەزان دەپێـون، «با» ئـەم خۆڵەمێشـە بـۆ کـوێ بەرێـت، ئـەوان دوای دەکـەون. باران هـەر هێڵێـک لـە نێـوان ئاگـر و ئێمـەدا بسـڕێتەوە، ئـەوان دەیکێشـنەوە، گـەرداو هـەر دیوارێـک لـە نێـوان ئێمـە و عەدەمـدا بڕوخێنێـت، ئـەوان دروسـتیدەکەنەوە... ئـەی بـەرد خـۆت ماندوومەکـە ... لێرەدا لـە دیـواری خـۆت دەرمەچـۆ. ئێمـە ئەندازیارمـان هەیـە سـنووری نێـوان مـردن و لەدایکبوونـەوە دەڕوخێنـن و دروسـتیدەکەنەوە. یاسـاکانمان هەمـووی لەسـەر جیاکردنـەوەی ئـەم باڵندانـە لـە یەکـتر، ئـەم کێڵگانـە لـە یەکـتر، ئـەم ئەسـتێرانە لـە یەکـتر دروسـتبووە. دە ئەندازیـاری غەمگینـن، دەزانـن لـە کۆتایـی هەمـوو یاسـایەکدا دیوارێـک هەیـە، یاسـایەک بـە زێـڕ دەیکێشـین و بـە گـوڵ دەیپێویـن. ئەندازیارەکانمـان هەمیشـە ئـەو سـتوونانە تۆخدەکەنـەوە کـە خـودا کێشـاوێتی، ئـەو هێڵانـە درێژدەکەنـەوە ئـەو بـە کورتـی جێـیهێشتوون، نـاو لـەو بەردانـە دەنێـن کـە ئـەو نـاوی لێنەنـاون.

گوڵ دەدۆزنەوە دەکەوێتە ئەو دیو ڕێسای ئەم باغەوە. دڕک دەدۆزنەوە لە مێژە زەوی بۆی دەگەڕێت. نەخشەکانی ئەوان هەمیشە لە نزیک کێڵگەی غەمەوە دەڕوات، کە ڕوناکی وەک شەهید بە خاچەکانیدا هەڵواسراوە ... ئەی تیشک خۆت ماندوومەکە، لە ڕیزی ئەم ڕۆشناییە دەرمەچۆ، چونکە ئەندازیارەکانمان ڕوناکی ڕوخاو دروستدەکەنەوە. چۆن ئەندازیارەکانی دی بورجی بەرز لە ئاسن و بەرد دروستدەکەن، ئەوان لە تیشکی شکاو، لە تریفەی وەک ڵم ورد دیواری درێژ دروستدەکەن، فولکەیەک تەنیا یەکێک بەدەوریدا دەسوڕێتەوە لە قیامەت گەڕابێتەوە. ئەندازیارەکانمان هەرگیز ڕاناکەن، ئەوان لە هێمنی خۆیاندا، لە گۆشەگیری خۆیاندا دیلن، بیر لە دیوارێکی بەرز دەکەنەوە، نەهێڵێت چارۆکەی کەشتییە بەرزەکان لە خەونەکانمانەوە دیاربێت، دەیانبینین لە هاوینی گەرمدا بیر لە سنووری نێوان سێبەر و ڕوناکی دەکەنەوە، ناهێڵن تیشک لە ئێوارەدا سنووری خۆی

ببـــەزێنێت. لـە زســـتانی گەرمـدا دەیانبینیـن هەکتـار لـەدوای هەکتـار، حیسـابی سـاڵانە لەگـەڵ سێبەردا دەکـەن. لـە زسـتانی گەرمـدا سـنوور بـۆ بـای سـارد دادەنێن... ئـەی بـا ... ئـەی بـا ... بێهـودە خـۆت مانـدوو مەکـە، دەرمەچـۆ لـەم گـەرداوە. ئێمـە ئەندازیارمـان هەیـە بـای هەڵهاتـوو ڕاودەکات، ئـەی بـا لـە مێـژە لێـرەدا هیـچ شـتێک نەڕوخـاوە... لـە مێـژە تـەلا بـە تەلایـی خـۆی و بـەرد بـە بەردێتـی خـۆی مـاوە... چونکـە ئێمـە ئەندازیارێکـمان هەیـە، ئـەو ئاوانـە تۆخدەکاتـەوە کـە لـە نێـوان ئێمـە و ئێـوەدا وەسـتاوە.

زەوی منی دۆزییەوە

وەک ئەو تیشکە وێڵانەی ڕوناکی لەدوورەوە بانگیاندەکات
وەک یەکێک گوێی لە مۆسیقای با بێت کاتێک بۆ دەنگی خۆی دەگەڕێت
وەک پاچێک هەست بە ئازاری خاک بکات... زەوی منی دۆزییەوە
کە بەقووڵایی خۆیدا سەفەریکرد، کە بە تیشکی خۆیدا گەڕا، کاتێ لە زستانی خۆی پرسی و لە گەرمای گاشەبەردی خۆی ڕاما. کە لە سێوی ناو سەبەتەکانی باغی پرسی، کە بەدوای ئاوێنەی خۆیدا سەیری ئەستێرەی دووری کرد ... کە تامی ترێی کرد... کە لەسەر خوانی خۆی دانیشت و لە دەنکی هەناری خوارد ... کە خوێی ئەم کەنارانەی بێژایەوە، کە شەکری ئەم میوانەی پالاوات، کە یاریکرد ... کە بەختی خۆی لەبەر مانگەشەو گرتەوە... کە پشکۆی لەدۆزەخ دزی و گوڵی لە بەهەشت بردەوە ... کە لە باغی کەستانەکاندا چرای داگیرسان، کە لە شارە کۆنەکاندا بۆ منداڵی خۆی گەڕا، کە لەگەڵ پڵنگەکاندا بۆنی جەنگەڵی کرد، کەوەک ماسی ترساو، لەبەر تافگەکاندا بەرەو دواوە بازیدا ...

کە بەدوای گیایەکدا گەڕا یەکێ بە عەشق ئاوی دابێت. ئینجانەیەک یەکێک لەترسی مردن لێرەدا خستبێتییە بەر ڕوناکی... کە بەدوای ئاگرێکدا گەڕا ژیان لە خۆڵەمێشیدا مابێت... کەسەیری برینی ئەو برینداراناەی کرد کە وەک گۆمی دوور پڕن لە تیشک، کە یادی کەوتەوە پێویستی بە باغەوانێکە ڕوناکی بۆ ئاو بدات... زەوی منی دۆزییەوە.

نەیویست من بدۆزێتەوە. گووتی : تۆ ئەوە نیت، کە من بۆی دەگەڕێم

بەڵام لە من زیاتر کەس لێرە نەبوو

تۆ لێرە نەبوویت ئەی دۆست، تۆ لێرە نەبوویت، تا تۆ بدۆزێتەوە ... من لێرەبووم ئەی دۆست ... من بە تەنها لێرەبووم ... ئیدی زەوی هات و منی دۆزییەوە.

مەحوی

چی بکەم ... گەر وەکو سوختەی شێت تا ئەوسەری مردن بەدواتا بەپێ نەچم؟
چی بکەم... گەر وەکو کەشتی شکاو تا بنی بەحری کوفر نەخنکێم و ڕۆنەچم؟
چی بکەم... گەر وەک قەلەندەری پیر، شەوی مردن، نەگەڕێم بە باغەکانی شاردا؟
چی بکەم... گەر بۆ «ئادابی جنون» نەگەڕێمەوە بۆ سارا؟
چی بکەم... گەر لە پاداشتی شەودا، بەرق[1]لە دڵم نەگرم؟
چی بکەم... گەر بەبێ تۆ بە یادی نورەوە نەمرم؟
چی بکەم... «سەر» وەک گوڵەباغ لە باغی حیکمەتدا بنوێ؟
چی بکەم ... «دڵ» وەکو بولبول، بە ناوی باغەوە بدوێ؟

چی بکەم ... خودا و خۆر و ئەستێرە تێمبگات؟
چی بکەم ... لەم ئاگرئابادەیا، نەسیمی سوبحم پێبگات؟
چی بکەم ... وەکو نوری وێڵ خۆم نەدەم بە پەنجەرەی مەرگدا؟
چی بکەم ... وەکو پاییزی دوور، نەخنکێم لە گەڵای زەردا؟

ئێمە هەناری مردووەکان دەخۆین

ئێمە هەناری مردووەکان دەخۆین، ئێمە تا نیوەڕۆ ڕۆژەکانی ئەوان بەسەردەبەین، کە دەچین بۆ گۆڕستان گوڵ لە باغی خۆیان دەکەینەوە، بەسەعاتی ئەوان ڕۆژی خۆمان دەپێوین، ئێمە سێبەری مردووەکان هەڵدەکەنین. لە پاڵ ئەواندا سەنگەرەکانمان لێدەدەین، ئێمە بەرسیلەی مردووەکان لێدەکەینەوە، ئێمە لە تیشکی مردووەکان ڕوناکی دروستدەکەین، ئێمە هەرمێی وەریوی مردووەکان دەچنینەوە.

هیــچ شــتێک نامانوەســتێنێت، هەتــا ئــەو ســەعاتانەی زەمانــی ئێمــەو زەمانــی ئــەوان جیادەکاتــەوە. هەتــا تامــی ئــەو ترێیــەی شــەرابی مــردن لــە شــەرابی ئێمــە جیادەکاتــەوە... ئێمــە تامــردن یەقینــی ئــەوان بــۆ گومانــی خۆمــان دەدزیــن، شــیری ئــەوان بــۆ منداڵــە ساواکانمان دەدزیــن، ئێمـــە لــە بەیانــی مــردوەکان دەستمان پـــڕ دەکەیــن لــە تــەم، لــە ژووری ئەوانــەوە تــۆز بــۆ ماڵــی ســبەێنێمان دەهێنیــن ... ئێمــە لاپــەڕەکان هەڵدەدەینــەوە... ئێمــە ڕســتەی مــردوەکان دەخوێــن، لــە کاتــی ئــەوان دەخوێنــەوە. ئێمــە تــا زیندوویــن لــە خەزنــەی مــردوەکان مــاچ دەردەهێنیــن... کــە مردیــن ئیــدی مــردوەکان نابینینــەوە، تــا زیندوویــن بابڕۆیــن لــە نانــی مــردوەکان بخۆیــن... شــیری مێگەلــی ئــەوان بدۆشــین... لەدرەختــی ئــەوان هەنــار بکەینــەوە.

بۆ شاعیران بەجێیانهێشتین؟

لەبەرئەوەی ڕۆحی مرۆڤ وەک جاران پڕ لە ئاگر نییە. لەبەرئەوەی بورکانەکانی ناو مرۆڤ و گیای شەوە ئەفسانەییەکانی ناو مرۆڤ مردون. لەبەرئەوەی تەڵا لای زەرەنگەران زۆر و لە ناو دڵی ئێمەدا کەمە، لەبەرئەوەی مرۆڤ چیتر ستایشی با ناکات، هەڵمی دەریاچەکان لێمان دوورن، زەمین چیتر باغی ئەو کەسانە نییە کە لەدوورەوە بۆنی گوڵ دەکەن، دەڕۆین و دەڕۆین... هیچ کاغەزێکمان ناوێت، جێگرەکانی خودا لە سەر زەوی مۆریانکردبێت. شوێن چرای خۆی پێیە ... کات تێشووی خۆی پێیە... هەر کەسە و تیشکێکی هەیە، لە تیشکی کەسی تر ناچێت. گوڵەکان وەک جاران قسەناکەن، بولبولەکان بەدەم خەووەوە ناخوێنن، هەر پەنجەرەیە و بەسەر باغی زەمانێکی تردا دەڕوانێت ... کەس بۆنی زەمانی کەسی تری لێ نایەت...

لەو دەمەوە شاعیران ڕۆیشتن و بە جێیانهێشتین.

شـاعیران چـی بکـەن کـە مـن و تـۆ پێکـەوە لەسـەر نـاوی کێڵگەیـەک ڕێنەکەویـن، لەسـەر نـاوی هەمـوو پەپولەیـەک و خودایـەک و شـەرابێک ناتەبابیـن. لـەو ڕۆژەوەی ستایشـی ئێمـە بـۆ تیشـکی وێـڵ، بـۆ بەزمێـک دوای لەدایکبوونـی هـەر ڕسـتەیەک دەمانگێـڕا، تەواوبـوو. لـەو ڕۆژەوەی کچـان لـەوە کەوتـن بـبن بـە قافییـەی ڕونـاک، ئیـدی جوانـی ئـەوان وەک جـاران ناکرێتـە پەرداخـی مەیـەوە، ئیـدی چەکوشـی ئێمـە لەسـەر ئـەم بـەردە ڕەقانـە دەنگـی نایـەت ... چیـدی گوێـمان لـە بـا نییـە ناومـان بڵێتـەوە، گوێـمان لـە دەریـا نییـە بانگمانبـکات.

لەو ڕۆژەوە شاعیران بەجێیانهێشتین.

چـی لـە شـاعیران بکەیـن کـە مـن و تـۆ لەسـەر نـاوی ئـەم ڕوناکییـە ڕێنەوکەویـن. لەسـەر مەرهەمێـک ڕێنەکەویـن لـە گەرمـای ئـەم هاوینـەدا بیدەیـن لە خـاک، بیدەین لـە هـاواری ئێمـە کاتێـک بـە تیشـکی یـەک دەسـووتێین. شـاعیران لێـرەن تـا ئێمـە بتوانیـن لـە تیشـک تێبگەیـن. لـــە کـەشـتـــی کاتێـک بە سـەفا لـە بەنـدەرە دوورەکان نزیـک دەبێـتەوە. لە قافـڵە کاتـێک بە خۆشـییەوە دەگاتە نزیکی شـارە خەوتووەکان.

لـە ماسـی مەسـت کاتێـک کـە خـۆی دەخاتـە تـۆڕەوە. شـاعیران لێـرەن تـا فێربیـن چـۆن گـوڵاوی ئـەم دەریاچەیـە بگریـن. فێربیـن سـەیری ئـەو سـەعاتانە بکەیـن کـە تێدەپـەڕن و ئێمـە پیرنابیـن... سـەیری ئـەو ڕۆژانەبکەیـن کـە دەڕۆن و ئێمـە بـە منداڵـی دەمێنینـەوە. شـاعیران لێـرەن تـا بەیانـی و نێـوەڕۆ و شـەو هەڕەشـەمان لـێ نەکـەن... کات بکوژیـن و زەوی نەمانکوژێـت ... کات بکوژیـن و گوڵەکانمـان هەمیشـە زیندووبـن ... کات بکوژیـن و ئـەم باغـە بـە گوناهبارمـان نەزانێـت ... شـاعیران لێـرەن تـا بەستایشـی خۆیـان ئـەم شـارە چۆڵانـە ئاوەدانبکەنـەوە. بـەڵام کـەس نایەوێـت ئـەم شـارە چۆڵانـە ئاوەدانبکاتـەوە... کـەس نایەوێـت دەریـا بەجێبهێڵێـت و ڕووبکاتـە بەنـدەرە چۆڵـەکان...

ئیتر شاعیران چی بکەن؟

شـاعیران چـی بکـەن کـە کەنارێـک نەمێنێـت دەواری ئـەو ڕۆژانـەی تیـا هەڵدەیـن. ڕۆژێـک ئیمپراتـۆرەکان دەڕوخێـن و تەنیـا هـەور بەدەسـتە نەرمەکانـی حوکمـی ئـەم زەوییـە دەکات، هـەور بـە بارانـی نـەرم سـزامان دەدات.

«ئـاه ... ئـەی گـوڵ فریامـان بکـەوە»... هـاوارێ وامـان گـوێ لـێ نابێـت. «وەرە و بـۆ گـوڵ بگەڕێیـن» دەنگـی.وانابیسـتین.

هەمـوو پـاڵ دەدەیـن بـە دەرگاکانـەوە و بەیانیـان سـەیری مردنـی ئەسـتێرە دەکەین... شـاعیران ناتوانـن بـە پێـوە بوەسـتن و سـەیری مردنـی ئەسـتێرە بکـەن... ناتوانـن هاوارنەکـەن «ئـەی گـوڵ فریامـان بکـەوە». هەمـووش دەزانیـن کـە گـوڵ فریامـان ناکەوێـت. بـەڵام شـاعیران دەڵێـن بـا پێکـەوە هاواربکەیـن «ئـەی گـوڵ فریامـان بکـەوە». هەمـووش دەزانیـن کـە گـوڵ لێـمان ناپرسـێت، دەزانیـن گـەر پێکـەوە هاواریـش بکەیـن «ئـەی گـوڵ فریامـان بکـەوە»، گـوڵ ناتوانێـت فریامانبکەوێـت... ئـاه... ئیـدی چـۆن شـاعیران نەمـرن کـە دەزانـن گـەر پێکیشـەوە هاواربکەیـن گـوڵ ناتوانێـت فریامانبکەوێـت. ئـەوان بۆیـە دەژیـن تـا بەگـوڵ بڵێـن «ئـەی گـوڵ فریامـان بکـەوە»، تەمەنیـان بـە ئەنـدازەی ئـەو ڕۆژانەیـە کـە تیایـدا فێردەبـن هاواربکـەن «ئـەی گـوڵ فریامـان بکـەوە». ئـەوان ڕۆیشـتن و بەجێیانهێشـتین کـە زانیـان گـوڵ ناتوانێـت فریامانبکەوێـت.

شـەوەو دەبارێـت. شـاعیران ئەسـپە سـپییەکانیان دەبەسـتنەوە و لەسـەر زەوی بۆنـی ئاونـگ دەکـەن... لێـرەوە بـەرەو شـەوئماباد دەڕۆن. هـەر بەفرێـک لەسـەر ڕابوردوویـان باریـوە، بـە خـۆری ئەمـڕۆ دەیتوێننـەوە. شـاعیرەکان دەڵێـن «ئـەی مـۆم ئـەم تیشـکەت لـە کـوێ بـوو؟». گەرچـی مـۆم نازانێـت تیشـکی خـۆی لـە کـوێ بـوو، بـەڵام شـاعیران هـەر دەپرسـن تـۆ تیشـکت لـە کـوێ بـوو، مـن تیشـکم لـە کـوێ بـوو وە ئـەو تیشـکی لـە کـوێ بـوو؟. شـاعیرەکان بەجێیانهێشـتین کـە زانیـان ئێمـە بیـر لـە تیشـکی خۆمـان ناکەینـەوە. کـەس نایەوێـت بیـر لـە تیشـکی خـۆی بکاتـەوە، نـە ئێمـە... نـە باغەوانەکانـی دراوسـێمان، چونکـە دەزانیـن بیرکردنـەوە لـە تیشـک زۆر ڕوناکـمان دەکاتـەوە. ناتوانیـن لەسـەر مانـای ڕوناکیـش ڕێبکەویـن، گـەر نەتوانیـن لەسـەر ناوێـک بـۆ تیشـک ڕێبکەویـن... شـاعـیران چـی بکـەن؟ گـەر نەتـوانن دووری نـێوان ئـێمە و کانگاکانـی نـور بپێـون... گـەر نەتوانـن دووری نێـوان ئێمە و مانـای ڕۆشـنایی بپێـون، بێـکار لـەم باغـەدا چیبکـەن؟ لـە هەمـوو جێگایـەک بێـکارن شـاعیران.

ئیدی بۆ نەڕۆن... بێکاران لەم باغەدا چی بکەن؟

گەلێك سادە ... تۆ تەنهایت ئەی دڵ

قسە لە تەنهایی ناکەم... قسە لەوانە دەکەم کە تێناگەن دەریا چەندە تەنیایە.

مــن هەمیشــە دەڵێــم ستایشــت لێبێــت ئــەی دڵ، ئــەی ئــەوەی شــێتی خــۆت بــە شــێتی ئێمــە ناپێویــت. ئێمــە کــە ئێســتاش نازانیــن ئــەوە دەریایــە تەنهایــە، یــا تەنهاییــە دەریایــە.

نــا ... نــا.. مــن باســی بێکەســی ناکــەم، باســی درزێکــی گــەورە دەکــەم کــە تــۆ لــە هەمــوو شــتێک جیادەکاتــەوە.
باس لە نەبوونی پرد دەکەم، لە نێوان تۆ و هەموو مەخلوقاتدا ... ئەی دڵ.
باس لە نەبوونی پەیمان دەکەم، لە نێوان تۆ و خودادا ... ئەی دڵ

ئێمە هەموومان بێکەسین، بەڵام ئەی دڵ پێمبڵێ: تەنهاکان بۆئەوەندە کەمن. تەنهاکان ئەوانەن کە لە دەریا دەچن، ئەوانەن کە وندەبن و کەس نایانبینێت، کەس باوەڕیان پێناکات، کەس نایانپێوێت، کەس نازانیت چین و لە چی دەچن ... ئەی دڵ. کەس نازانێت تەنهان، کە زەوی دەخەوێت، کە دەریا دەخەوێت، کە ڕوناکی دەخەوێت، تەنهاکان لە بری زەوی بیر لە بەیانی دەکەنەوە، لە بسری دەریا دەڕوانن، لە بری تیشک سەیری باغچە دەکەن. سڵاوت لێبێت ئەی تەنهایی... کە من کوڕی باغی تۆم ... باغێکی چەندە بچوکە ... باغێکی چەندە نادیارە ... ئەی دڵ.

•

هەموو شاعیران درۆزنن، تەنیا ئەو شاعیرە ئەی دڵ. سڵاوت لێبێت، کە ئەو تەنیا دەزانێت وشەکان لە چی دەچن، ئەو تێدەگات ڕستەکان دەبێت بۆ کوێ بڕۆن، ئەو کتێبەکان دەناسێت... هەر کتێبخانەیەک ئەو بۆی نەچێت، من بۆی ناچم، هەر باغێک شوێنی ئەو نەبێت، شوێنی من نییە، ئەی دڵ.

تەنهـاکان لـە داوەتـە گەورەکانـدا دیارنیـن، هـەر شـوێنێک پـڕ بێـت لـە دەنگـی سـەعاتە بچکۆلـەکان، لـە دوکەڵـی ئـەو ئاگرانـەی مـرۆڤ ڕۆژانـە دەیکاتـەوە، لـە سـەرابی ئومێـدە بچوکـەکان. ئـەوان لـەوێ نیـن... ئـەوان لـە نزیـک سـەعاتی گـەورەی ژیانـەوەن، لـە نزیـک دوکەڵـی ئومێـدە گەورەکانـەوە دەبینرێـن. سـڵاویان لێبێـت، کـە کـەس درەوشـانەوەیان نابینێـت،

مۆمێکـی گـەورەن کـە تاریکـی ناسـووتێنن، کـەس ڕوناکیـان نابینێـت، لـە هـەر شـوێنێکدا تیشـکێک هەبێـت، کـەس تێینـەگات ئـەوان لەوێـن. لـە هـەر جێگایـەک هاوارێـک بڵێـت «ڕوناکییـەک هەیـە نایبینیـن» ئـەوان لەوێـن ... ئـەی دڵ.

•

ئەوانـی دی تەنیـا سێبەری ئـەم گۆشـەگیرییە دەبینـن « وەک گوڵێک تەنیا سێبەرەکەی ببینیـن». تـۆ شـارەزایت... تـۆ تەنهایـی دەناسـیت... تـۆ گوڵـە ڕاسـتەقینەکانی دەبینیـت، تـۆ ڕەنگەکانـی دەبینیـت، شـەو و ڕۆژ بۆنیدەکەیـت ... ئـەی دڵ. تەنهـاکان کـوڕی ئـەم ئاهەنـگە نیـن، کـە یەکجـار دەرکـران ئیتـر ناگەڕێنـەوە. کـە یەکجـار برینـداربوون ئیـتر تا ئـەبـەد خوێنیان لێدێـت... وەک تـۆ ... ئـەی دڵ.

ئەوان لە جێگایەک دەژین کە لێرەوە زۆر دوورە، ئەوانی دی بە کەشتی نایگەنێ، باڵندەکانیش نازانن لە کوێیە، ڕێبوارەکانیش نازانن... دوورگە نییە، لە دوورگە دوورترە ئەی دڵ، لە ئاسمان دوورترە، زەوی نییە، گوڵێکی تیا نییە لەگوڵی سەرزەوی بچێت، هەمووی ملی نەبینراوە ... هەمووی ئەستێرەی نوێیە ... با نایگاتێ، بەڵێ لە با مەپرسە ئەی دڵ ... با نازانێت لە کوێیە ... وەک تۆ ... وەک تۆ کە هەرگیز با ناتگاتێ، هیچ گەرداوێک دەستی پیات ناگات ... کە زۆر لە دوورگە دوورتری ... زۆر ... ئەی دڵ.

فێربووم گوێ لە بەیانی نەگرم

فێربـووم گـوێ لـە بەیانی نەگـرم، چاوەڕوانـی بەیانـی نەکـەم، بـە خـۆم بڵێـم شـتێک نییـە نـاوی بەیانـی بێـت. فێربـووم بڵێـم: گـەر بەیانـی هەیـە، ئەوا پـڕە لـەو بولبولانەی بۆنـی تاریکیـان لێدێـت، پـڕە لـەو درەختانـەی لـە خـەو هەڵنەسـتاون، لـەو بەرچاییـە تاڵانـەی بـەدەم خـەوەوە دەیخۆیـن. بەیانیـان هەمیشـە تیشـکی خـۆی حیسابدەکات، مـن فێربـووم بـێ حیسـاب بیـر لـە ڕوناکی بکەمەوە، بێ حیسـاب تیشـکم بوێـت. ئیدی گـەر بەیانیـش هەبێـت، مـن فیربـووم چاوەڕوانـی نەکـەم. گـەر هەشـبێت لە ئێسـکی ئەوانـەی بـە شـەو مـردون دروسـت بـووە، لـە هـەر ڕوناکییەکـی وێـڵ کـە ڕێـگای خـۆی نازانێـت، لـە مۆمێـک شـەو بـۆ سـەیرکردنی ڕێـگای خـۆی دایدەگیرسـێنێت. مـن بیـر لـە بەیانـی وا ناکەمـەوە، بـۆ بەیانـی واناچـم کـە دەرگاکانـی بـە کلیلـی هەمـوو کەسـێک دەکرێتـەوە، بەیانییەکـم بۆچییـە هەمـوو خوانـەکان پڕبـن لـە شـیری ئـەو. گـەر هەبـێت مـن لە شـیری ئەو ناخـۆمەوە. شـیری ئـەو بۆنی دەسـتی ئـەو ژنانەی لێـدێت کـە شـەو دەدۆشـن. مـن هـەر کات لەسـەر زەنگەکانی ئـەو بـە ئاگادێمەوە،

لـە پەنجـەرەوە هەمـان بولبـول دەبینـم کـە گۆرانـی تاریکـی دەڵێتـەوە، مـن فێربـووم گـوێ لـە زەنگەکانـی ئـەو نەگـرم، بـە خـۆم بڵێـم «ئـەوە هەمـان زەنگـی دوێنێیـە کـە لێـدەدات». فێربـووم سـەر لـە بالیفەکـەم بەرزبکەمـەوە و بۆنـی ئاونگـەکان بکـەم، بڵێـم هەمـووی لـە دوێنـێ کەوتـوون ... هەمـووی لـە جـاران کەوتـوون ... مـن هەمـوو ڕۆژێـک تابەیانـی تێدەپەڕێـت، باوەڕناکـەم کـە بەیانییـە. بـە خـۆم دەڵێـم، گـەر بەیانـی بایە، مـن کۆیلـەی تـازەم دەبینـی بـە شـەقامەکاندا بـەرەو مـاڵ دەگەڕانـەوە. مـن دەتوانـم لـە پەنجـەرەوە وەک بینینـی بەفـر بارینـی ئـازادی ببینـم، بـەڵام جگـە لـە بـای دوێنـێ کـە یـاری بـە گیـای کـۆن دەکات، هیچـی دی دیـار نییـە، گـەر بەیانـی بایە هەمـوو کاتژمێـرە خەوتـووەکان هەڵدەسـتان، بـەڵام سـەعاتەکان هەمیشـە خەوتـوون، هەمـوو شـتێک هێشـتا بەدەسـت بروسـکەی شـەوەوە ماندووە. دەبیسـتم سـۆفییەکان دەڵێـن : خـودا لـەم نزیکانەیـە. تـا سـۆفییەکان وابزانـن خـودا لـەم نزیکانەیـە، واتـە هێشـتا شـەوە، خـودا بەیانیـان لـەم نزیکانـە نییـە، بەیانیـان هەمیشـە بۆنـی مرۆڤـی لێدێـت. مـن دەسـت لـە بەرماڵـەکان دەدەم و هێشـتا بـە نوێـژی شـــەو تـەڕن. تـا ئیـــماندارەکان بگریـن، مـن بـۆ خـۆم لێـرەدا دەخـــەوم.

گەر بەیانی هەبێت ئەوا کرێکارێکی دیکە لە زەنگەکانمان دەدات، ئەندازیارێکی تر دەبینین دێتە سەر ئەم پارچە زەوییەی ئێمە. من فێربووم تا وەستاکان نەبینم چاوەڕوانی بەیانی نەکەم، تا خەلفەکان بە خۆیان و تەناف و میزان و چەکوشەکانیانەوە نەیەن، تاسەعاتچییەکان بە سەعاتێکی ترەوە نەیەن، تا میوەفرۆشێکی تر نەیەت بۆ ئەم کوچەیە ... باوەڕ بە بەیانی ناکەم. فێربووم شەو ناوی هەموو گوڵەکان فێربیم و مێژووی لەدایکبوونی هەموو تیشکەکان بنوسم. زۆرن ئەو کتێبە کۆنانەی وادەزانن ئێستا نوسراون، زۆرن ئەو باغە پیرانەی وادەزانن ئێستا لەدایکبوون. من زەنگی خۆم خامۆشدەکەم و دەخەوم، گەر بەیانی بێت خۆی خەبەرماندەکاتەوە، تا لە پەنجەرەوە بڕوانم و ببینم مرۆڤ بۆ بەیانی دەگەڕێت، دەخەوم ... من لە تاریکیدا بۆ بەیانی ناگەڕێم... تۆ ئەی ئەوەی بەخۆت و کرێکارەکانتەوە لێرەدا بۆ بەیانی دەگەڕێیت، زەوی بۆ هەڵدەکەنیت، باغی بۆ تێکدەدەیت ... دڵنیام گەر بەیانی بێت تۆ دەخەویت... تا تۆ لێرەدا بگەڕێیت، واتە هێشتا شەوە ... بەیانی بۆنی تۆی لێنایەت... بەیانی بۆنی ئەو بولبولانەی لێدێت کە بۆ بەیانی ناخوێنن... بۆنی ئەو مرۆڤانەی لێدێت کە شیعر بۆ بەیانی نانوسن، گۆرانی بۆ بەیانی ناڵێن، سرود بۆ سبەی ناچڕن.

ڕۆژێك کە ئەستێرە بەشمان ناکات

لە مێژە دەزانم ئەستێرە بەشمان ناکات. گەر تۆ هەموو ئاسمانت بۆ خۆت بوێت، ئیدی ئەستێرە بەشمان ناکات.

لە مێژە دەزانم میوەی هەموو باغەکانی زەوی بەشمان ناکات. گەر یەکێک لەوسەری کوچە میوەی هەموو باغەکانی دونیای بۆ خۆی بوێت. ئیدی باغ بەشمان ناکات.

لەمێژە دەزانم خۆشەویستی بەشمان ناکات، گەر کچێک بێت و هەموو خۆشەویستی دونیای بۆ خۆی بوێت، خۆشەویستی بەشمان ناکات.

بولبولەکانیش بەشمان ناکەن، سنەوبەرەکانیش بەشمان ناکەن، تریفەکانیش بەشمان ناکەن.

مـن سـوار کەشـتی ئەوانـە دەبـم کـە هیـچ شـتێک بەشـیان نـاکات، بـەرەو دەریایـەک دەڕۆم کـە بەشـمان نـاکات، بۆئـەوەی ڕوناکـی بەشـمانبکات دەچیـن بـۆ شـەڕ، بـەڵام یەکێـک هەمـوو سـوپاکانی دونیـای بـۆ خـۆی دەوێـت... ئیـدی شمشـێر بەشـمان نـاکات. مـن بەبـێ چـەک دەچـم بـۆ شـەڕ ... کەدەکوژرێـم... خوێنـی مـن ... گۆشـتی مـن بەشـمان نـاکات.

مـن دەڵێـم بـا ئاسـمان ئەسـتێرە بەشبکەین. یەکێـک دەیەوێـت خـۆی هەمـوو ئەسـتێرەکان دابەشـبکات. مـن دەڵێـم بـا دەریـا دڵـۆپ دڵـۆپ دابەشـبکەین، یەکێـک دەیەوێـت خـۆی هەمـوو دەریـا دابەشـبکات... ئیـدی دەریـا بەشـمان نـاکات.

مـن ویسـتم بگەڕێمـەوە بـۆ تەنهایـی، یەکێـک لـەدوورەوە گووتـی «تەنهایـی ماڵـی منـە... دەسـت بـۆ تەنهایـی نەبەیـت... مـن تەنهایـی لەگـەڵ کەسـدا بـەش ناکـەم... چونکـە تەنهایـی بەشـمان نـاکات»

ویستم بڕۆم بەرەو شاری پاییزان و لەوێ نیشتەجێبم. یەکێک گووتی «پاییز ماڵی منە، دەست لە خەزان مەدە، پاییز بەش ناکرێت، کە بەشمانکرد... ئیدی بەشی باغی من ناکات».

من دەڵێم ئیدی هیچ شتێکم ناوێت... هیچ شتێک.

بەڵام یەکێک هاواردەکات «سەیرکە هیچی چەند کەمە ... دەستت لادە... هیچی ماڵی منە و بەشی ماڵی تۆ ناکات».

کوچەی قەسابەکان

مـن کـوڕی شـاری قەسـابەکانم، مـن منداڵـی خێڵـی قەسـابەکانم، لـە کۆڵانـی قەسـابەکاندا، لـە ماڵـی قەسـابەکاندا، لـە مەکتەبـی قەسـابەکاندا گەورەبـووم. مـن لـە کوچـەی سـەربڕینی ئەستێرەوە هاتـووم. لـە ڕۆژی یەکەمـەوە خوێنـی کۆتـر دەبینـم لـە جەژنەکانـدا دەخورێتـەوە. مـن منداڵـی بـازاڕە خوێنینەکانـم، کـە بەندۆڵـی سـەعاتەکان خوێنـی لێدەتکێـت، کلیلـی دەرگاکان خوێنـی لێدەتکێـت، لیـرەی سـەرافەکان، مەتـری بـەزازەکان، پیاڵـەی عەتـارەکان... خوێنیـان لێدەتکێـت.

من کوڕی گەڕەکی چەقۆکانم، کە ناوی خودا خوێنی لێدەتکێت
مـن کـوڕی شـاری قەسـابەکانم، دیوانـی قەسـابەکان دەخوێنمـەوە، سرودی قەسـابەکان لـە بەردەکـەم، کـە مردیشـم قەسـابەکان لـە سـەر گـۆڕم دەگریـن و لەسـەرم شـیوەندەکەن.

بە جلی قەسابەکانەوە چووم بۆ شایی قەسابەکان، لەسەر چەقۆ سەمامکرد، دەستی کچی قەسابەکانم گرت، شاباشم بە یەکێک دا شمشاڵی قەسابەکانی دەژەن، من لە شاری قەسابەکاندا. شەو و ڕۆژ گوێ لە مۆسیقای قەسابەکان دەگرم.

بەختگرەوەکان پێمدەڵێن : تۆ دەبیت بە قەساب، چونکە لێرە جگە لە ڕۆژنامەی قەسابەکان و ستوونی قەسابەکان و کتێبی قەسابەکان هیچی دی لێ نییە.

بەختگرەوەکان پێمدەڵێن: قەسابەکان جگە لە زانستی مردن، حەز لە زانستی دی ناکەن

تۆ باغەوانێکی خۆشبەختیت... لێرەدا بێئیش دانیشە... قەسابەکان کار بە تۆ ناکەن.

ئەوان بولبول ڕاناگرن... ئەوان گوڵ بەخێوناکەن.

من لە کوچەی ئەوان و لە ساڵی ئەوانەوە هاتووم ... هاوار، جگە لە کوچەی قەسابەکان و لەساڵی قەسابەکان شوێن و زەمانی دیکەم نییە. بە گەڕەکی ئەم هەموو چەقۆیەدا دەگەڕێم و لە شاری قەسابەکان زیاتر، شاری دیکەم نییە.

کات کوشتن

ژیانی ئێمە سات دوای سات کوشتنی زەمانە.
وەک چۆن کەشتییەکان تۆپ دەنێن بەیەکەوە، ئێمە و زەمان تۆپ دەنێین بە یەکەوە.
کات پاپۆڕێکی گەورەیە دەبێت بیخنکێنین. ئێمە کۆمەڵێک چەتەین لەم دەریا تاریکەدا ڕێگا بە زەمان دەگرین.

ئێمە زەمان ڕاودەکەین سەیرکە چۆن سەعاتەکان لە بەردەممان‌دا هەڵدێن. ئێمە دەگەینە سەر هەر چرکەیەک دەیکوژین ... تادەکوژرێین ئێمە زەمان دەکوژین... مردن ئەوەیە کە ئیدی زەمان نامێنێت بیکوژین... چرکە نامێنێت لە دەستمان ڕابکات. مردن ئەوەیە ڕاوشکاری ئێمە لەم دەشتەدا بەدوای زەماندا تەواو دەبێت.

نەمری ئەوەیـە، دوای ئـەوەی زەمـان نامێنێـت، ئێمـە دوای سـەرابی زەمـان دەکەویـن، نەمریـمان بۆچییـە؟ کـە زەمانمـان کوشـت ئیـدی بـەدوای سـێبەرەکەیدا ڕاناکەیـن ...جەنـگاوەرە گـەورەکان دوای سـێبەری دوژمـن ناکـەون.

نیشـی ئێمـە ئەوەیە زەمـان بکوژیـن... ڕێناکەویـن ... زەمـان لـەوە لاوازتـرە لەگەڵیـدا بچینـە پەیمانـەوە. لـە دوژمنـان نابوریـن ... تـا لەسـەر ئـەم ئەسـتێرەیە دەژیـن... شـەڕدەکەین، کات دەکوژیـن، ڕۆژ دەخنکێنیـن، سـاڵ قڕاندەکەیـن.

کەشتییەك لە شوشە

باوەڕم وایە ئێستا دەریا باشتر تێمدەگات.
جاران کە زمانی شەپۆلم نەدەزانی، دووری ئەو دوورگانە لەلام نرخی نەبوو
من ڕۆژێک فێری زمانی ئاو بووم و دەمتوانی گوێ لە شیعری ئەو شەپۆلانە بگرم.
گەر زمان نەزانیت، ناتوانیت تێبگەیت دەریا باسی چیت بۆ دەکات
ئـاو کـە گەورەتریـن فەرهەنگـی هەیـە ... ئـاو کـە هـەر وشـەیەکی دەمامکـی وشـەیەکی دیکەیـە.

ئـاه، گـەر زمانـی ئـاو نەزانیت، هـاواری ئـەم دەریاچانـە تێناگەیت کـە بەیانیـان یەکدی بانگدەکـەن. مـن ڕۆژێـک فێـری زمانـی بـا بـووم و دەمتوانـی بزانـم گەردەلـوول چـی بـە کەشـتییەکەمان دەڵێـت. فێربـووم لەنگەرگرتـن پێویسـتی بـە نوسـینی نامەیەکـە بـۆ بەنـدەرە نادیـار و دوورەکان. مـن تێگەیشـتم، مـرۆڤ دەتوانێـت لەگـەڵ هـەموو شـتێکدا قسـەبکات. هەتـا

تارمایـی ئـەو چەتانـەی کـە چاویـان لـە زێـڕی کەشـتییەکەمانە، فێربـووم نامـە بـۆ ئـەو کەنارانـە بنێـرم کـە لـە برسـێتی ئێمـە دەترسـن، ئـەو درەختانـەی میوەیـان لـە ئێمـە دەشـارنەوە.

با کەس لە هیچ دورگەیەک نەترسێت، من فێری زمانی هەموو دوورگەکان بووم، دەتوانم لەگەڵ هەموو ئاوێکدا قسەبکەم ... سڵاو بکەم... سڵاو... بڵێم «درودت لێ بێت ئەی دوورگەی هێمن ». ئەوەی کەشتییەکەی لە شوشە بێت، دەبێت بەرد نەگرێتە ئەم ئاوە. دەبێت فێری زمان بێت، تا گەر کەنارە دوورەکان بانگیانکرد، بگەڕێتەوە. گەر ئەو ماسیگرانەی دەکەونە تۆڕی خۆیانەوە بانگیانکرد... سڵاویان لێبکات. سەر لەو قولاپانە بدات کەسەدان ساڵە چاوەڕوانی نێچیرن. من لێرەم تا دەریا بەم میوانانە بناسێنم، نازانم چەند ساڵە لە ئاودا وێڵم، نازانم ئەم ڕێبوارانە بۆ چ بەندەرێک دەچن. من ناوی هەموو شارەکان دەزانم، بەڵام میوانەکانم هەر یەک بۆ شارێک دەچن لەسەر نەخشەکانی من نین. من دەڵێم «ئەی دوورگەی هێمن، مۆز و قاوەی خۆمان بۆ دانێ با باریبکەین»، «ئەی خۆر تیشکی خۆمان بۆ دانێ با لە شەوە تاریکەکاندا پێمان بێت». میوانەکانم شەراب دەخۆنەوە و ناوی شاری خەیاڵیم پێدەڵێن کە لەم دەریایەدا نییە... من دەڵێم هەر کەسێک خەیاڵێکی هەیە، من دەبم بە کەشتییەوانی، هەر کەسێک بیەوێت قسە لەگەڵ ئەم ئاوە بێسنوورانەدا بکات، من دەبم بە تەرجومان.

دەزانم مرواری چۆن لە دوورەوە بانگمدەکات. تەنیا منم دەتوانم بە مرواری بڵێم «سەدەفی خۆت بشکێنە و وەرە دەرێ»، دەتوانم بە ماسییەکان بڵێم «ئەم شوشانەم بۆ پڕکەن لە کافیاری ڕەش». ئەوەی کەشتییەکەی لە شوشە بێت دەبێت بزانێت چۆن داوای هەنگوین لە دەریا دەکات. من دێم و دەڵێم « ئەی دوورگەی هێمن، درود لە درەخت و گیا و گوڵت، هەنگوینی خۆمان بۆ دانێ باباریبکەین».

من زمانی دەریا دەزانم...

ئەو ماسیانە بانگمدەکەن کە هەزاران ساڵە لە تۆڕدا بەجێماون.

من پارچەی ئەو کەشتییە شکاوانە کۆدەکەمەوە کە وەک من لە شوشەن.

من فێربووم کە دەنگی من لە ژێر ئەم ئاوەدا دەبیسترێت.

من فێربووم کە یەکێک هەیە دەزانێت سەد ساڵ جارێک

کاتێک دەریا شێت دەبێت و کەشتییەکانی وەردەگەڕێ

کەشتییەکی شوشە دێت و بە ناو ئەو زریانەدا دەڕوات و بە خەندەوە تێدەپەڕێ

کەشتییەکە زمانی هەموو با یەک تێدەگات...

کەشتییەکە بەدوای ئومێدا دەگەڕێت.

هەزاران مردن

هـەزار ڕێـگا هەیـە بۆئـەوەی بمکـوژن... هـەزار ڕێـگا بەبـێ خوێـن و بەبـێ خەنجـەر بمکـوژن. هـەزار ڕێـگا کـە هەموویـان دەچنـەوە سـەر دڵـی مـن.

لــە هــەر دەرگایەکــی ئــەم ماڵــەوە بێنــە ژوورێ، دێنــەوە ســەر هەمــان ڕێــگا. ژیــان ســەردابێکی نییــە هەندێــک ڕۆژی تیـا هەڵگریــن، بــە هــەر ڕیواقێکــدا بــڕۆم، دەشـێت لـە کۆتاییـدا بمکـوژن. مـن نازانـم مردنـی خـۆم لـە کوێدایـە، بـە پلەکەکانـدا سـەردەکەوم، مۆمـەکان دادەگیرسـێنم ... هـەزار ڕێـگا هەیـە بۆئـەوەی بیـر لـە مـردن بکەمـەوە ... کاتێـک بیـر لـە مـردن دەکەمـەوە، تۆ دەتوانیـت بەهێمنـی بێیـت و لـە پشـتەوە بمکوژیـت. مردنـی مـن لێرەدایـە، بـەڵام ئێـرە هـەزار دەرگای هەیـە، هـەزار پیاوکـوژ بــە هــەزار کلیــلەوە چاوەڕانـی هاتنـی تاریکــی دەکـەن، کاتێـک

هـەزار ئەسـتێرە دەرکـەوت، هـەزار مـردن لـە هـەزار ڕێـگاوە دێتـە ژووری. مـن وەک هەمـوو شـەوێک بـە ڕێـگای خۆمـدا دەڕۆم، لەبـەر هـەزار پەنجـەرەدا دەوەسـتم، سـەیری هـەزار ئەسـتێرە دەکـەم، گوڵەباغـەکان ئـاودەدەم و دەڕۆم ... ڕەنگـە چەنـد چرکەیـەک ... چەنـد سـەعاتێک ... چەنـد سـاڵێکی بوێـت تـا یەکێـک لەو هـەزار مەرگە ... لـە یەکێـک لـەو هـەزار ڕیواقـەدا... لەبـەر یەکێـک لـەو هـەزار پەنجەرەیـەدا مـن دەدۆزێتـەوە. مـن مـردن نابینـم بـە کویـادا دەڕوات، مردنیـش مـن نابینێـت ... بـەڵام هـەزار ڕێـگا هەیـە بۆئـەوەی بمکـوژن ... هـەزار ڕێـگا هەیـە کـە هەمـوو دێنـەوە سـەر دڵـی مـن.

من ناتوانم خۆم لە مردن لادەم، لەبەرئەوەی من مردن نابینم
مردن ناتوانێت خۆی لە من لادات، لەبەرئەوەی مردن من نابینێت
هەموو دەزانن هەزار مردن لێرەدا بۆ پیاوێک دەگەڕێن کە هەزار ئەستێرەی هەیە

مـن شـوێنی خـۆم بـە مـردن ناڵێـم، مـردن دەبێـت هـەزار ژوور بگەڕێـت، هەمـوو شـەوێک هـەزار دەرگا بکاتـەوە. نـە مـن دەزانـم بـەرەو کـوێ دەڕۆم و نەمـردن دەزانێـت بـەرەو کـوێ دێـت... بـەڵام دەرگایـەک هەیـە کـە دەرگای مـن و مردنـە ... ژوورێـک هەیـە کـە ژووری مـن و مردنـە.

چونکـە هـەزار ڕێـگا هەیـە هەمـوو دێنـەوە سـەر دڵـی مـن. هـەزار ڕێـگا هەیـە دەگەنـەوە سـەر دڵـی پیاوێـک کـە لـە بـەر هـەزار پەنجـەرەدا ... هەمـوو شـەوێک ... سـەیری هـەزار ئەسـتێرە دەکات.

نانی ئەفسانەیی

ئـەی نانـی ئاهەنـگ، تـۆ بۆنـی سـەرەتات لێدێـت، بۆنـی تەنورێـک زۆر لـە ئاگـری تێناگەیـن. ئـەی نانـی ڕەش کـە لـە تەنوورێـک دێیتـە دەرێ پـڕە لـە پشـکۆی شـاد، بەختـەوەری ئـەم ئاگـرە لـە تامـی تـۆدا دەخۆیـن، سـەفای ئـەم ئاهەنگـە لـە تامـی تـۆدا دەدۆزینـەوە. ئـەی نانـی ئاهەنـگ کـە دەبێـت هەڵتگریـن بـۆ ڕۆژی پرسـەکان، ئـەی نانـی گـەرم کـە دەبێـت هەڵتگریـن بـۆ وەرزی سـارد، ئـەی نانـی ڕۆح کـە ئێمـە لەسـەر خوانـی لـەش دەتخۆیـن. تـۆ نانەوایەکـت هەیـە دەسـتی بـە ڕوناکـی تـەڕدەکات. ئـەم هەمـوو بەختەوەرییـە چییـە ؟ ... هـەر تـۆ دەگەیتـە سـەر خـوان، هەمـوو بیـر لـە برسـێتی یەکـتر دەکەینـەوە. ئـەی نانـی تەنهایـی کـە لەگـەڵ یەکـدا دەتخۆیـن... تـۆ ئێمـە و دوژمنەکانمـان لـەم باغـەدا کۆدەکەیتـەوە... هەموو سـفرەیەک ڕادەخەیـن و دەزانیـن، تـۆ نانـی خۆشەویسـتیت، کـە لـەدوای شـەڕ دەتخۆیـن. بۆنـی ئاگرێکـت لێدێـت لـە ڕۆحـی مرۆڤـدا داگیرسـابێت، بـە شـەراب تەڕتدەکەیـن، دەتبەین بـۆ هەمـوو مەیخانەیـەک... تـۆ نانـی هوشـیاریت کـە لـە ڕۆژی مەسـتیدا دەتخۆیـن.

تۆ لە خەونی گەنم دروست بوویت، لە پریشکی نومێد کاتێک شەو بە هەتاو دەکات، کە دەتخۆین مەستیمان پڕدەبێت لە ئاهەنگ ... خوێنمان هەست بە بەهار دەکات. نۆردویەک لە تۆ هەڵدەگرین و بەرەو بەهەشت دەڕۆین ... ئەی نانی ڕوناکی کە بۆ شەوی تاریک هەڵتدەگرین ... ئەی نانی سپی کە لە ڕۆژی ڕەشدا دەتخۆین. تۆ دوا تێشووی ئێمەیت. لەم برسێتییەدا ... ئەی نانی شیرین کە لەگەڵ هەنگوینی تاڵدا دەتخۆین، ئەی نانی وشک کە لەگەڵ فرمێسکی تەڕدا دەتخۆین.

ئاوەدانکردنەوەی هیچی

زەوییەکە هیچی تێدا نییە، نەدرەخت، نە باڵندە، نە ئاسمان
زەوییەکە ناتوانین لەسەری بڕۆین، چونکە ڕێگای تێدا نییە.
دەمانەوێت بگەڕێینەوە ... ناتوانین.
خاکیکە میوەمان ناداتێ، بەڵام دەتوانین لێرەدا بەڕوونی... بێ فریوی ئومێد، بیر لە هەموو باغێک بکەینەوە. زەوییەکە باغی تێدا نییە، گوڵمان ناداتێ، کە گوڵ نەبوو وەرزی تێدا نییە. بێ وەرز دەگەینە ساڵێک، سەعات و ڕۆژ و هەفتەی تێدا نییە. لەوێ بە ڕوونی بێ فریوی مردن دەتوانین بیر لە زەمان بکەینەوە ... زەوییەکە حیسابی تێدا نییە. لێرەدا دەتوانین مەترەکانمان هەڵگرین و دڵنیابین گەیشتوینەتە زەوییەک بێ خاوەن، زەوییەک پێوەر و تاپۆی تێدا نییە.

کچێک دێت و دەپرسێت: ئەم زەوییە لە تۆ زیاتر هیچی دیکەی تێدا نییە؟
منیش دەڵێم: بەڵێ، ئەم زەوییە لە تۆ زیاتر، هیچی دیکەی تێدا نییە.

درەختێک دەپرسێت: گەر ئەم زەوییە لە ئێوە زیاتر کەسی تێدا نییە، دێم و دەبم بە درەختێک لە زەوییەکدا لە ئێمە زیاتر هیچی تێدا نییە. من دەڵێم: ئەم زەوییە لە من و تۆ و درەختێک زیاتر هیچی تێدا نییە. بولبولێک دێت و دەڵێت: ئەم زەوییە گەر لە ئێوە و درەختێک زیاتر هیچی تێدا نییە، من دەبم بە بولبولێک لە باغێکدا لە من زیاتر بولبولی تێدا نییە. من دەڵێم : ئەی بولبول، گەر دواتر ویستت بفڕیت، ئەم زەوییە ئاسمانی تێدا نییە. بولبول دەڵێت : من لە جێگایەکەوە هاتووم ئاسمانی تیدایە نییە... بولبولی تێدا نییە... درەختی تێدا نییە. دواجار ئاسمان دێت و دەڵێت: من دوای بولبول کەوتووم. ئێمە دەڵێین: ئەی ئاسمان وەرە، ئێرە تەنیا زەوی دونیایە کە ئاسمانی تێدا نییە، کە ڕۆژی تێدا نییە، کە حیسابی تێدا نییە.

کە ئاسمان دێت دەستدەکەین بە پێوانەکردنی زەمان. درەخت دووری نێوان خۆی و پاییز دەپێوێت... بولبول درێژی گۆرانییەکانی بەیان. من درێژی ڕۆژ دەپێوم و ئەو درێژی شەو. کە ئاسمان دێت هەموو دەستدەکەین بە حیسابی ڕۆژ و ئەستێرەکان ... ئیتر خاکێکمان هەیە دەیپێوین ... زەوییەکمان هەیە لەسەری دەڕۆین ... زەوی کات ... زەوی شوێن... زەوی ژمارەکان.

ڕاو لە ئاوێنەیەکی دیدا

هەتا دەمەو بەیان، بەسەرشان نێچیری مردوو هەڵدەگرین. ئەو پاسارییانەی لە هێلانەی ئومێدەوە ڕایانکرد بەسەر ئێمەدا دەفڕن. ئەوەتا بە خۆمان و تاپرە کۆنەکانمانەوە، دووبارە نیشانە لە میوەی خەوتوو دەگرینەوە.
پاییز هەمیشە پڕە لە نێچیری لە خەزاندا ونبوو
ڕاوە و تفەنگەکانمان لە دەنگی گوللەی خۆیان دەترسن
«با»ش لە ترسی ئێمە خێراتر ڕادەکات
لە بولێڵی بەیاندا درەخت لە خەوهەڵدەستێنێت و گیا هاوار لە گیا دەکات.
ئێمەش بەسەرشان ، هەتا قیامەت نێچیری مردوو هەڵدەگرین
گوێمان لێیە نێچیرەکانی دوێنی هاوار لە نێچیری ئەمڕۆ دەکەن.
گوێمان لە دەنگی ئەبەدی گوللەکانمانە لە تەمدا هاواردەکەن.

نێچیرەکانمان چاوەڕوانی یەکێکن لە ڕوناکیدا سەیری مردنیان بکات
هەموو دەمرین، بۆئەوەی ئەوانی دی لە ڕوناکیدا سەیری مردنمان بکەن
ئێمە سەیردەکەین و لە چاوی نێچیرەکاندا خۆڵەمێشی خۆمان دەدۆزینەوە
برینی نێچیرەکان ئاوێنەی برینی ئێمەیە
کاتێک نێچیرەکان دەدەین بە شانماندا و بەرەو قیامەت دەڕۆین
لە ئاوێنەیەکی دیدا... ئێمە نێچیرین و لەسەر شانی ڕاوچییەک بەرەو قیامەت دەڕۆین
کاتێک ئێمە بە خەزاندا دەڕۆین و بۆ نێچیر دەگەڕێین
لە ئاوێنەیەکی دیدا یەکێکی دی بە خەزاندا دەڕوات و بۆ ئێمە دەگەڕێت
من تۆ دەدەم بە شانمدا ئەی نێچیر و بەرەو مردن دەڕۆم
وەک چۆن تۆ منت داوە بە شانتدا و بەرەو مردن دەڕۆیت
نە من پێش تۆ دەگەم و نە تۆش پێش من
چونکە دواجار هەموو نێچیری یەکین
یەکدی هەڵدەگرین و بە هێمنی بەرەو مردن دەڕۆین

خۆڵەمێشی ساقی

من خۆڵەمێشی تۆ هەڵدەگرم، خۆڵەمێشێک کە ئێستاش هاواردەکات. من کوپەی شەرابی تۆ هەڵدەگرم، کە مەستی لە بیردەچێت و باغی لە بیرناچێ. من ترێی تۆ دەشارمەوە، ترێیەک کە نابێت بە مەی و دەبێت بە هوشیاری. لە دەغیلەی دێرینی تۆدا لیرەی مەست دەدۆزمەوە کە ئیتر پارە ناکات ... ئەسکەناس و قرانی سەردەمی سوڵتانەکان، ڕووپێی ئەو عاشقانەی بێهۆشیان دەکڕی، زێڕی ئەو دێوەرانەی لە قوماردا دەمردن و لە خوماردا دەخنکان. من لەم شوشەیەدا خۆڵەمێشی تۆ هەڵدەگرم کە ئێستاش وەکو دوێنێ گەرمە. لەم شوشەیەدا ڕۆحی مەیخانە هەڵدەگرم کە ئێستاش وەکو دوێنێ مەستە

یادی ئەو ڕۆژانە هەڵدەگرم کە پڕبوون لە حیکمەتی مەخمور، پڕبوون لە بادەی ناپاک خۆڵەمێشی تۆ و ئەو مەینۆشانە هەڵدەگرم لێرە سووتان... لێرەدا بوونە خاشاک.

لەش و سێبەر

تا تا ئێمە نەبینە سێبەر، لە لەشمان تێناگەین. لەشمان کە بۆنی جەنگەڵی لێدێت کاتێک زەمان لە ناویدا وندەبێت، لەشمان، کە ڕۆژەکان لاشەی خۆیان لە ناویدا دەنێژن. ئەوەتا پڕبووە لە لاشەی ساتەکان کە وەک گەڵای پاییز لێرەدا وەریون... پڕبووە لە چرکەی مردوو کە وەک پاساری لێرەدا کەوتوون.

ئاە ئەی لەش... ئەی گۆڕستانی گەورەی زەمان.

ئەی لەش چ دەریایەکی ئەم هەموو ڕۆژە لە تۆدا دەخنکێت. چ زەنگێک لە تۆدایە، دەنگی ئەم هەموو هاوارە نابیستێت. بەرەو خەرەند دەمانبەیت، گەرچی دەزانیت ڕۆحمان بانگتدەکات : بوەستە ئەی لەش ... بوەستە ئەی لەش ... بوەستە ئەی لەش.

ڕۆح وەک تــۆ کاتــی خـــۆی بــە فیـرۆ نـادات، ڕۆح وەک تۆ خـۆی ناخنکێنێـت. ئەوەتا کاتژمێـرەکان بـە بەرزی لێـدەدەن... ڕۆژەکان لێدەدەن... چـــرکـــەکان و ساڵـــەکـان ... بـەڵام تـۆ سـەیری هیـچ کاتژمێرێـک ناکەیت... تەنیـا ڕۆح سـەیری کاتژمێـرەکان دەکات... تەنیـا ڕۆح زەمـان دەخوێنێتـەوە.... ڕاکـە بـەم کوچـە خاڵییـەی خۆتـدا، ڕاکـە بـە گۆڕسـتانی بێسـنووری خۆتـدا. تـا نەبیـت بـە سـێبەر ئـەی لـەش بێسـوودە و مـن دەسـت لـە تـۆ نـادەم... ببـە بـە تارمایـی ئـەی لـەش، تـا نەبیـت بـە تارمایـی ... ناتگـرم... ناتگـرم و لـە تـۆ ناگـەم.

دزینی دەریاچەیەك

ئەمە ئەو دەریاچە غەمگینەیە، کە ئەمشەو من و تۆ دەیدزین.
ئەمە ئەو ماسیانەیە کە بانگماندەکەن
ئەمە ئەو بەلەمانەیە کە هاواردەکەن بیانبەینەوە بۆ زەوی
ئەمە ئەو دەریاچەیەیە کە نازانین هی کێیە.
هاواردەکەین: ئەم ئاوە گەورەیە ماڵی کێیە؟ هاواردەکەین کێ خاوەنی ئەم هەموو ماسییە مەزن و کەنارە غەمگینانەیە؟ ... جگە لە بێدەنگی هیچی دیکە نابیستین. جارچییەکانمان بە هەموو زەویدا جاڕدەدەن، هاوار لە مەلەکوت دەکەین و دەپرسین: ئەم دەریاچەیە ماڵی تۆیە؟. پیاوانی مەلەکوت پێماندەڵێن: ئەمە لە دەریاچەی ئێمە دەچێت، بەڵام نا ئەمە دەریاچەی ئێمە نییە، باڵندەکانی ئەم دەریاچەیە لە باڵندەی خودا ناچن. نا ... نا نا گیای ئەم دەریاچەیە و ماسییەکانی لە دەستکردی ئێمە ناچن.

لە ئەستێرەکان دەپرسین ئەمە دەریاچەی ئێوەیە؟. ئەستێرەکان دەڵێن : ئەمە لە دەریاچەی ئێمە دەچێت ... بەڵام نا ... نا نا... ئەم ئاوە بەجۆرێک ڕوناکە، ئەم ڕۆخە بەجۆرێک مەستە، وەک دەریاچەی ئێمە نییە.
سێ جار بەزەویدا جاڕدەدەین و دەپرسین: ئەم دەریاچەیە هی کێیە؟ ماسییەکان و باڵندەکان و درەختەکان، هەموو حاشای لێدەکەن.

ئەمشەو من و تۆ ئەم دەریاچەیە دەدزین... بەڵام بۆ کوێی بەرین؟
من لە ماڵی خۆمدا شوێنی دەریاچەی وا غەمگینم نییە
تۆش لە ماڵی خۆتدا شوێنی دەریاچەی واغەمگینت نییە.
ئیدی یەکێک لە دوورەوە دێت و لێمان دەپرسێت: ئەمە دەریاچەی ئێوەیە؟
سێ جار لە نیوەڕۆدا جاڕدەدات: ئەمە دەریاچەی ئێوەیە؟
ئێمە سێ جار حاشای لێدەکەین... سێ جار دەڵێین: ئەمە لە دەریاچەی ئێمە دەچێت، بەڵام نا ... نا نا... ئەم ئاوە بەجۆرێک غەمگینە، ئەم ئاوە بەجۆرێک تەنهایە... سوپاس... سوپاس.. کە ئەمە دەریاچەی ئێمە نییە ... سوپاس... کە ئەمە ئاوی ئێمە و ئەمە کەناری ئێمە نییە.

ڕوناکبوونەوە

ڕوناک دەبینەوە بە بۆنی گوڵەباغ، بە شەپۆل کە یاری بە مردنی دەریا دەکات. بەدەنگی ئەو زەنگانەی بەربەیان دەکێشن بە ژیانماندا، بەسەیرکردنی با کە بەخەونەکانمدا تێدەپەڕێت، ڕوناک دەبینەوە و لەبەر ڕوناکی خۆماندا دەتوانین ڕوناکی تر بدۆزینەوە. ڕوناک دەبینەوە بە هاواری ئەو سوارچاکانەی داوای کۆمەک لە ئەستێرەدەکەن، بە تەپوتۆزی ئەو ئەسپانەی نائومێد لە مەیدان هەڵدێن، بەدەنگی ئەو شمشێرانەی دەکێشن بە گەردنماندا، بەدەنگی ئەو تیرانەی دەمانپێکن. ڕوناک دەبینەوە و لەبەر ڕوناکی خۆمان سەیری ئەوانەدەکەین کە بۆ ڕوناکی خۆیان دەگەڕێن. ڕوناک دەبینەوە بەو ئازارانەی کە نایانگەینێ، بە شەڕێک ناگەینە سەنگەرەکانی، بەفڕینی

باڵندەیەک لە کۆتایی تیشکەوە هاتووە، بە ڕاوکردنی کەروێشکێک لە تاریکی ڕادەکات، من ڕوناک دەبمەوە، چونکە بەبێ ڕوناکی ناتوانم تاریکی خۆم ببینم. من ڕوناک دەبمەوە بە خوێنی ئەو مێگەلانەی لێرەدا دەکوژرێن، بە چەقۆی ئەو قەسابانەی گۆشتی ئێمە دەفرۆشن، بە پێکەنینی ئەو ئەمیرانەی لە خوێنی ئێمە دەخۆنەوە ... من ڕوناک دەبمەوە بە گوڵێک کە لە من دەورێت

گەر ڕوناک نەبمەوە، تێناگەم... لە مندا ... لە تۆدا... چی بووە و چی هەیە و چی دەبێت.

گەڕان بەدوای وشەیەکدا

من بەدوای وشەیەکدا دەگەڕێم، وشەیەکی زێڕین. وشەیەک بەبێ ئەو هەموو وشەکان دەمرن. وشەیەک بۆنی ئاسمانی لێبێت، وشەیەک خودا بۆ خۆی دروستیکردوە، وشەیەک کلیلی هەموو کتێبەکانە، بەبێ ئەو زانستەکان هەموو دەمرن، وشەیەک گوێتنی پڕماندەکات لە نەغمە، کلیلی هەموو تاریکییەکی پێیە و دەرگای هەموو نۆتە سیحراوییەکان دەکاتەوە، وشەیەکە بەبێ ئەو تیشوومان بەشی هیچ ڕێگایەک ناکات. وشەیەک بەلەمی ناو هەموو دەریایەک و هێزی هەموو بایەکە. بەبێ ئەو شەرابمان ژەهر و میوەمان لە باغدا پێناگات. بەبێ ئەو دەستمان زەفەر بە تیشک و دڵمان زەفەر بە نوری ئەستێرە نابات.

تـۆش بـەدوای وشـەیەکدا دەگەڕێـت، ئەسـتێرە ونبووەکانـی پێیانگبکەیـت. کتێبـە ونبووەکانـی پێبدۆزێتـەوە، وشـەیەک کەشـتییە خنـکاوەکان لـە خـەو هەسـتێنێت و گیـای مـردووی ئـەم چیمەنـە زیندووبکاتـەوە، وشـەیەک مـردووەکان بتوانـن بینوسـن و بـای دوور بتوانێـت وەڵامبداتـەوە. وشـەیەک گەردەلوولـەکان بوەسـتن بۆئـەوەی ببیسـتن و فریشـتەکان هەسـتن بۆئـەوەی تێپەڕێـت. وشـەیەک شـیعر لـە بەردەمیـدا بلەرزێـت و گەورەیـی بنوشـتێتەوە ... وشـەیەک کـە نازانیـن چییـە... دێـت و لەگەڵیـدا دڵ دەژی و ڕۆح دەگەشـێتەوە.

ئەی بەندەری دۆست، ئەی کەشتی دوژمن

ئەی بەندەری دۆست، ئێمە و کەشتی دوژمنە غەمگینەکانمان لە لای تۆ لەنگەردەگرین. ئێمە گۆرانی تاریکیمان لەبەربوو، نیوەشەومان پڕبوو لە چرای پاسەوانە مەستەکانی تۆ، ئێمە هاتووین لای تۆ ببینە پەنابەر...
هەموو لە دوژمن هەڵهاتووین... چ ئێمە و چ دوژمنانمان.
لەسەر شەقامەکانی تۆدا بە دوژمن دەگەین و دەزانین لە تیری ئێمە هەڵهاتوون.
دوژمن دەمانبینێت و تێدەگات ئێمەش غەریبین و ئاوارەین، لە شیری ئەوان هەڵهاتووین.

کەس ناتوانێت لای ئاو ببێتە پەنابەر... کەس ناتوانێت.

هەموو هاتووین بۆلای تۆ، ئەی بەندەری دوور و هەمیشە دوور... تا خۆمان لە یەکدی بشارینەوە... تا خۆمان لە کەشتییەکانی خۆمان ونبکەین... کە هەمیشە بانگماندەکەن و دەیانەوێت تێبگەن ئێمە لە کوێین... ئێمە دەڵێین، لەسەر زەوی هەموومان پەنابەری ئەبەدی ناو ئەم ڕۆشنایییەین. هەمووماں هەڵهاتووی ئەبەدین بەرەو تیشک. بمانناسە ئەی بەندەر، بماناسن ئەی ئەوانەی باری نائومێدی ئێمە بە کۆڵ دادەگرن، بماناسن بە چ حەسرەتێکەوە بۆ کۆتایی دەگەڕێین، وەرمانگرە ئەی بەندەر، پەنامانده ئەی دۆست و ببینە چۆن کەشتییەکانمان تەقە لە یەکتری دەکەن.

دەرگاکانت بکەرەوە ئەی بەندەر... دەرگا گەورەکانت بکەرەوە.
با ئێمە و دوژمنانمان پێکەوە ئاسوودە دانیشین.
سەیرکە... هەموو لە نوتفەی ڕەش، لە زەریای تاریکەوە هاتووین.
لە شەپۆلی شێت، لە زریانی سیا، لە کەشتی دوژمن هەڵهاتووین.

تۆ چی دەبینیت... ئەی درەخت؟

ئـەی درەختـە بـەرزەکان کـە هەمیشـە دوکەڵـی ئـەم ئاسـمانە لەسـەر دەسـتتانە، بیـر لـە چـی دەکەنـەوە کاتێـک هێلانەکانـی سـەرتان پڕدەبێـت لـە هێلکـەی ڕەش. ئـەی درەختـە بـەرزەکان کـە بـە شـورای نـزم، بـە ڕاوکـەری ترسـنۆک، بەفاقـەی کـۆن گەمـارۆدراون.

ئـەی درەختـە بـەرزەکان کاتێـک بروسـکە بەسـەر سـەرتاندا دەڕوات، گوێتـان لـە دەنگـی پێیەتـی؟. گوێتـان لـە گەڕانـەوەی هـەورە لـە جەنگـە دوورەکان؟ گوێتـان لـە هەنسـکی پەلکەزێڕینەیـە کـە لەسـەر شـانتان دەمرێـت؟ ئـەی درەختـە بـەرزەکان کـە بـە ئـاوی ڕەش، بـە شـاری ڕەش، بـە کێڵگـەی ڕەش گەمـارۆدراون.

یەکێک کە بەدوای موقەدەسەکاندا دەگەڕێت، پاچ لە ڕەگی ئێوە دەدات . ئێوە کە بەدیواری کۆن، بە پاسەوانی پیر، بە عاشقی نەخۆش گەمارۆدراون.

گوێمان لە با یە وەک شێت قامچی لە گەڵای ئێوە دەدات. گوێمان لە زریانە دەیەوێت ئەم خەڵوزە خەوتووانەی ژێر ئێوە بگەشێنێتەوە. هەست بە چی دەکەن کە ئەم تووتییە پیرانە خەونەکانتان بۆ یەکدی دەگێڕنەوە ... کە بە ئێسکی خێڵە بەباچووەکان ... بە ئێسکی گیانەوەرە بەباچووەکان، بە خوێنی بولبول گەمارۆدراون.

چی دەبینن کە شەو بە کوێری سوپا ماندووەکانی خۆی دەدات بەسەر شانتاندا. چی دەبیستن کە ئەستێرە هاواردەکات بیگرنەوە. لە مێژە ئێمەش دەمانەوێت بێینە سەر شانتان و هێلانەبکەین. دەشێت ... ئاخۆ دەشێت، چاوەڕوانی میوەیەک لە ئێوەبکەین، کە خواردمان دڵمان بە ئێشک بگەشێتەوە؟

ئـەی درەختـە بـەرزەکان، ئێـواران کاتێـک دەسـتی ئێـوە پـڕە لـە هێلکـەی باڵنـدە، پـڕە لـە شـەرمیان کاتێـک باڵـی خۆیـان بـە گـەڵاکان دەسـڕن، پـڕە لـە لێبوردنـی نـوسراوی تیشـک کاتێـک لەبەردەمـی ئێـوەدا خۆیـان دەکـوژن. ئێـوە دەسـتتان پـڕە لـە گـەڵای پاییـز، بەجۆرێـک ناتوانـن وەرزی تـر بخوێننـەوە، ئیـدی نابینـن بـە کەفـی ڕەش، بـە فرمێسـکی ڕەش، بـە خوێنـی ڕەش ئـاودراون.

ئـەی درەختـە بـەرزەکان گـەر ڕۆژێـک ویسـتتان هەڵبێـن لـە هێلکـەی ڕەش لـە هێلانـەی ڕەش، لەبیرتـان بێـت کـە لـە مێـژە منیـش لەگـەڵ ئێـوە... بـە تـەوری ڕەش... بـە دەریـای ڕەش ... بـە هـەوای ڕەش گەمـارۆدراوم.

فرۆشتن

بەرلـەوەی بـا ڕاومبنێـت، بـەر لـەوەی دەریـا ڕۆحـی مـن بـەم کەشـتیانە بفرۆشـێت.
بەرلــەوەی تۆفــان بەبێدەنگییــە قووڵەکانمــەوە، لــە خــودا بمکڕێتــەوە. دەمەوێــت
خۆشەویســتی تــۆ بفرۆشــم و بــڕۆم بــۆ دوورگەیەکــی ئاســنین و لــەوێ بمــرم.
لـە بازاڕەکانـدا دوکانـداری زۆرم بینـی، سـەوای عەشـقی تۆیـان کـرد، کێشـانەی زۆرم
بینـی خۆشەویسـتی تۆیـان بـۆ کێشـام... بـەڵام کەسـیان کڕیـاری خۆشەویسـتی تـۆ
نەبـوون. وەک چـۆن بولبولێکـی دیـل لەقەفـەزدا فڕینـی خـۆی بـە خەیـاڵ دەپێوێـت
خۆشەویســتی تــۆم پێــوا. دواجــار دەمەوێــت خۆشەویســتی تــۆ بپێــوم و بچــم بــۆ
شــارێکی دی و لەژێــر ســێبەرەکانیدا بمــرم.
ئیدی لە کوچەکاندا ئەوانە بانگیانکردم کە خۆشەویستی دەکڕنەوە
لە بازاڕەکاندا ئەوانەی عەشق دەفرۆشنەوە، سەوایان لێکردم
بەڵام کەسیان نرخی خۆشەویستی تۆیان نەدامێ

ئەزیزم... بەر لەوەی خودا بمفرۆشێت و ئەهریمەن بمکڕێتەوە
دەمەوێت عەشقی تۆ بفرۆشم و بڕۆم بۆ بەحرێکی دوور و بیر لە کۆتایی بکەمەوە
گەر کڕیارێکم بۆ عەشقی تۆ هەبێت، ئیدی باکم بە هیچ نییە
دەمەوێت بەرلەوەی بمرم بزانن، عەشقی تۆ ئاسان نییە
بەڵام ئەوەتا گەرچی ئەستێرە و سەراب و یاقووتی نەبینراوی زەریاشم دەدەنێ
هێشتا کەس نرخی ئەڤینی تۆ نازانێت
کەس نرخی خۆشەویستی تۆی پێ نییە.

ئەو ڕۆژانەی کە ماون

ناونیشانی ماسییەک وەردەگرم و دەڕۆم بەرەو دەریا. دەڵێن ئاو گەلێک کتێبی نەکراوەی تێدایە کە بە من نائاشنان. ماندووبووم لە خوێندنەوەی با و هەور و ئادەمیزاد. هێندەم باغ خوێندەوە و تێینەگەیشتم، ئێستا دەمەوێت بەختی خۆم لە ئیشێکی تردا تاقیبکەمەوە.

ناونیشانی مردنێک وەردەگرم و دەڕۆم تادەگەمە بەر پەنجەرەی. دەڵێم ئەی مردنی برام، ئەو ڕۆژانەی کە ماومە دەیدەم بە تۆ، لە باغ و لالەزارەکانتدا، لە خوێندنەوەی ژیانی کۆن و سەیرکردنی خۆتدا بیبەرەسەر، لە بۆنکردنی ئەو گوڵانەدا کە لەسەر گۆڕەکان دادەنرێن، لە پیاسەکردن بە بلواری درێژی ئومێدە دوورەکاندا. تۆ زۆر لەسەر من وەستایت... ئیدی ئەو ساتانەی ماومە دەیدەم بە تۆ ...

چیم هەیە بیبە و مەترسە... چیم هەیە بیبە و غەم مەخۆ.

ناونیشانی دولفینێکی بچکۆلانە وەردەگرم و بە پۆستدا ژیانی خۆمی بۆ دەنێرم. دەمەوێت دوور لەم ژیانە، خۆم بە شتێکی دییەوە خەریکبکەم. دەمەوێت هەموو ئەو ڕۆژانەی کە ماومە، بیدەم بە ماسییەک لە ئاوێکی دووردا. هەموو ئەو کاتژمێرە بێسوودانەی ژیانم کە تەنیا غەم ڕپیاندەکاتەوە، دەیدەم بە دولفینێک، لە زوڵمەتی ئەم ئاوەدا گەورەببێت و پێبگات. دەیدەم بە نەورەسێک، باشتر لە من... باشتر لە تۆ، لە جوانی ئاو، لە سیحری دەریا تێبگات.

ناونیشانی نەهەنگێکی گەورە وەردەگرم و دەڕۆم تا دەگەمە ماڵیان... لەوێ دەڵێم ئەی نەهەنگی برام، من زیادم لەسەر ئەم زەوییە و لە تۆزی کینەدا خنکام. دەمەوێت ئاسوودە دانیشم.
گەر قەبووڵتە ... گەر تۆش وەکو من ماندوو نیت
ئەو ڕۆژانەی کە ماومە، دەیدەم بە تۆ لەم بەحرەدا،
دەیدەم بە هاوڕێیەکت لە ئاوێکی دیکە و لە گەرداوێکی دیکەدا.

کتێبە چاپکراوەکانی ئەندێشە

ناوی کتێب	ناوی نووسەر	ناوی وەرگێڕ
١. بنەڕەتەکانی فەلسەفە	د. حەمید عەزیز	
٢. کورد لەدیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە	د. فەرهاد پیربال	
٣. ڕێبازە ئەدەبییەکان	د. فەرهاد پیربال	
٤. نەتەوەی زێرابەکان	جەبار جەمال غەریب	
٥. ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی	د. جەعفەر عەلی	
٦. سۆفیزم و کاریگەری لەسەر بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی...	د. جەعفەر عەلی	
٧. مەحوی لەنێوان زاهیرییەت و باتینییەت و...	د. ئەحمەدی مەلا	
٨. نهێنییەکانی ژیان	ئۆشۆ	ئازاد بەرزنجی
٩. کورتیلەیەک لە	ستیڤن هۆوکینگ	حوسەین حوسەینی
مێژووی کات	لیۆنارد ملۆدیتۆ	د. هیوا عومەر
١٠. کۆشک	فرانتس کافکا	عەتا نەهایی
١١. فەصلول مەقال	ئیبن ڕوشد	مەریوان عەبدول
١٢. شۆڕشی ئەیلوول لەبەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا	وریا ڕەحمانی	

١٣. دەسەڵات و جیاوازی	مەریوان وریا قانیع	
١٤. لە چ ئێستایەکدا دەژین	مەریوان وریا قانیع	
١٥. شوناس و ئاڵۆزی	مەریوان وریا قانیع	
١٦. دین و دونیا	مەریوان وریا قانیع	
١٧. سیاسەت و دونیا	مەریوان وریا قانیع	
١٨. کتێب و دونیا	مەریوان وریا قانیع	
١٩. دواهەمین هەناری دونیا	بەختیار عەلی	
٢٠. ئێوارەی پەروانە	بەختیار عەلی	
٢١. جەمشید خانی مامم	بەختیار عەلی	
٢٢. مەرگی تاقانەی دووەم	بەختیار عەلی	
٢٣. کەشتی فریشتەکان (١)	بەختیار عەلی	
٢٤. کەشتی فریشتەکان (٢)	بەختیار عەلی	
٢٥.شاری موسیقارە سپییەکان	بەختیار عەلی	
٢٦. سێوی سێهەم	بەختیار عەلی	
٢٧. لە دیارەوە بۆ نادیار	بەختیار عەلی	
٢٨. وەک باڵندەی ناو جەنگەڵە ترسناکەکان	بەختیار عەلی	
٢٩. چێژی مەرگدۆستی	بەختیار عەلی	
٣٠. ئەی بەندەری دۆست، ئەی کەشتی دوژمن	بەختیار عەلی	
٣١. مەعریفە و ئیمان	بەختیار عەلی هێمن قەرەداخی	
٣٢. دۆزی کورد لە بازنەی پەیوەندییەکانی ئەمریکاو...	گۆران ئیبراهیم صاڵح	
٣٣. سەمەرقەند (چ٢)	ئەمین مەعلوف	د. ئەحمەدی مەلا

٣٤. وێستگەیەک لە گەشتێکی فەلسەفی	فاروق ڕەفیق	
٣٥. ئەخلاقناسی	تەحسین حەمە غریب	
٣٦. گەشەسەندنی ڕامیاری...	د. ک. پێسچانی	د. ئارام عەلی
٣٧. مێژووی کۆنی کورد (چ٢)	د. جەمال رەشید د. فەوزیە رەشید	ملکۆ کەلاری
٣٨. منداڵانی گەڕەک	هیوا قادر	
٣٩. مرۆڤی یاخی	ئەلبێر کامۆ	ئازاد بەرزنجی
٤٠. پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێم و دەوڵەتانی...	هێرش جەوهەر مەجید	
٤١. مێژووی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی... (چ٢)	فریشتە نورائی	هەورامان فەریق کەریم
٤٢. سلێمانی لەنێوان ساڵانی (١٩٤٥-١٩٥٨)	توانا رەشید کەریم	
٤٣. شاری سلێمانی (١٤ی تەموزی ١٩٥٨-١٧ی تەموزی ١٩٦٨)	هەوراز جەوهەر مەجید	
٤٤. کتێبی پەراوێزنووسان	عەتا محەمەد	
٤٥. فیکر و دونیا (بەرگی ١)	مەریوان وریا قانیع	
٤٦. فیکر و دونیا (بەرگی ٢)	مەریوان وریا قانیع	
٤٧. دین و دونیا (چ٢)	مەریوان وریا قانیع	
٤٨. کتێب و دونیا (چ٢)	مەریوان وریا قانیع	
٤٩. کۆمەڵگەی ڕەش	د. عادل باخەوان	
٥٠. زستانێکی درێژ	کولم تویبێن	دلاوەر قەرەداغی
٥١. فرانسیسکۆس قەدیسی من	نیکۆس کازانتزاکیس	دلاوەر قەرەداغی
٥٢. ئاهەنگی تەگەکە	ماریۆ بارگاس یۆسا	جەلیل کاکەوەیس

٥٣. شەوی لیشبۆنە	ئێریش ماریا ڕیمارک	کەریم پەڕەنگ
٥٤. من و ئەو	ئەلبێرتۆ مۆرافیا	کارزان عەلی
٥٥. میرنامە	جان دۆست	سەباح ئیسماعیل
٥٦. ڕوخسارە بەندکراوەکەم	لەتیفە	ڕووناک شوانی
٥٧. قەپێلک	مستەفا خەلیفە	هەورامان وریا قانع
٥٨. خەونی پیاوە ئێرانییەکان کەوتنی بۆرە قەڵا	ماردین ئیبراهیم	
٥٩. گرگن	پێر لاگەرکڤیست	خەبات عارف
٦٠. ١٩٨٤	جۆرج ئۆروێل	حەکیم کاکەوەیس
٦١. سوور و ڕەش	ستانداڵ	سیامەند شاسواری
٦٢. دەستنووسە دۆزراوەکەی ئەکرا	پاولۆکۆیلۆ	سیروان مەحمود
٦٣. جادەی مێخەک (١)	دلاوەر قەرەداغی	
٦٤. جادەی مێخەک (٢)	دلاوەر قەرەداغی	
٦٥. ئێوارستان	پێر لاگەرکڤیست	خەبات عارف
٦٦. دارستانی نەرویجی	هاروکی موراکامی	تارا شێخ عوسمان
٦٧. ئێوارەی پەروانە (چ٦)	بەختیار عەلی	
٦٨. شاری مۆسیقارە سپییەکان (چ٣)	بەختیار عەلی	
٦٩. مەرگی تاقانەی دووەم (چ٥)	بەختیار عەلی	
٧٠. کۆشکی باڵندە غەمگینەکان (چ٢)	بەختیار عەلی	
٧١. تا ماتەمی گووڵ... تا خوێنی فریشتە (چ٣)	بەختیار عەلی	
٧٢. سێوی سێهەم (چ٣)	بەختیار عەلی	
٧٣. ئاورەکەی ئۆرفیۆس	بەختیار عەلی	
٧٤. غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ (چ٢)	بەختیار عەلی	

٧٥. ئەی بەندەری دۆست، ئەی کەشتی دوژمن (چ٢)	بەختیار عەلی	
٧٦. دواهەمین هەناری دونیا (چ ٥)	بەختیار عەلی	
٧٧. ئێمەی پەنابەر	کۆمەڵێ نووسەر	
٧٨. گرەوی بەختی هەڵاڵە (چ٢)	عەتا نەهایی	
٧٩. عێراقییەک لە پاریس	سەمۆئێل شەمعون	سەباح ئیسماعیل
٨٠. جیهانی سۆفیا و فەرهەنگی سۆفیا (چ٤)	یۆستاین گاردەر	بەهرۆز حەسەن
٨١. کچەی پرتەقاڵ (چ٣)	یۆستاین گاردەر	بەهرۆز حەسەن
٨٢. لە ئاوێنەیەکدا، لە نهێنییەکدا (چ٢)	یۆستاین گاردەر	بەهرۆز حەسەن
٨٣. کچی بەڕێوەبەری سێرک (چ٢)	یۆستاین گاردەر	بەهرۆز حەسەن
٨٤. نهێنی یاری کاغەز (چ٢)	یۆستاین گاردەر	بەهرۆز حەسەن
٨٥. مایا (چ٢)	یۆستاین گاردەر	بەهرۆز حەسەن
٨٦. ئینسایکلۆپیدیایەکی مێژوویی وێنەدار	کۆمەڵێ نووسەر	هەورامان وریا قانع
٨٧. کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا	د. حامد مەحمود عیسا	زرار عەلی
٨٨. دوالیزمی دژیەک لە هۆنراوەلیریکییەکانی مەولانای ڕۆمی و مەولەوی تاوەگۆزی دا	لهۆن قادر	
٨٩. فەلسەفەی ئایین (چ٢)	ئازاد قەزاز	
٩٠. سایکۆپۆلیتیک (چ٢)	ئازاد قەزاز	
٩١. خۆت بناسە	ئازاد قەزاز	
٩٢. مەسیح لە خاچ دەدەنەوە (چ٢)	نیکۆس کازانتزاکیس	دلاوەر قەرەداغی

٩٣. قەدەغەشکێنی (چ٢) مەولود ئیبراهیم حەسەن
٩٤. گەڕان بەدوای نەمرییدا (چ٢) مەولود ئیبراهیم حەسەن
٩٥. پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی (چ٢) مەولود ئیبراهیم حەسەن
٩٦. فەلسەفەی بوون د. محەمەد کەمال
٩٧. وەک ڕووبارە بەخوورەکە پاولۆکۆیلۆ سیروان مەحمود